تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5810) ستێ شەممە 20ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

راگەیەندراوێک لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە:

داوا لە حکوومەتی تورکیا و چەکدارانی پەکەکە دەکەین نەبنە هۆی زیانگەیاندن بە هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان

دوێنێ دووشەممە 2019/8/19 گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا لە بناری قەندیل کە لە ئەنجامدا چەند هاوواڵتییەک برینداربوون و زیانی ماددیشی لێکەوتەوە، ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە کە تەمە دەقەکەیەتی:

بەداخەوە ئەمڕۆ لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا لە بناری قەندیل چەند هاوواڵتییەک بریندار بوون و زیانی ماددیشی لێکەوتەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا هاوخەمی لەگەڵ زیانلێکەوتووانی ئەو ناوچەیە دەردەبڕێت و نیگەرانە لەو بۆردومانە، داواش دەکات سەلامەتیی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت و نابێت هاوواڵتیانی هەرێم ببنە ئامانجی بۆردومان. لەهەمانکاتدا داواش لە چەکدارانی پەکەکە دەکەین ڕەچاوی دۆخی هاوواڵتیامان و تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان بکەن و چیتر نەبنە هۆکاری زیانگەیاندن بە هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان.

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
19ی ئابی 2019

حکوومەتی هەرێمی کوردستان: بەغدا زیاتر لە بەهای 250 هەزار بەرمیل نەوت پارەی هەرێمی بڕیوە

جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، شایستەی دارایی و پشکی هەرێم لە بودجەی ئیتیحادیدا، 12.84 تریلیۆن دینارە، بەڵام بەغدا تەنیا 5.44 تریلیۆن دینار لە ماوەی سانێکدا بۆ هەرێم دەنێرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەمنزیکانە شاندێکی حکوومەتی هەرێم بۆ تاوتوێکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان سەردانی بەغدا دەکات

بەرپرسی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا دەڵێت، بەمنزیکانە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان سەردانی بەغدا دەکات. سەردانەکەی شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە کە چەندین ساڵە لە نێوان هەردوولا هەیە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەحمەد تورک: لە تورکیا ماف پێشێلکراوە و نادادپەروەری گەیشتووەتە لووتکە

تورکیا 3 سەرۆک شارەوانیی کورد لادەدات و 418 کەس دەستگیر دەکات



دەسەلاتدارانی تورکیا 3 سەرۆکی شارەوانیی کوردیان لە پۆستەکانیان لادا بە بیانووی پشتیوانیکردن لە پارتی کرێکارانی کوردستان و هاوکات لەسەر هەمان تۆمەت 418 کەسیان دەستگیرکردووە.

بەرەبەیانی دوێنێ دووشەمە پێش کاتژمێر شەش، فەرمانی دوورخستنەوەی عەدنان سەلجوق مزراکلی هاوسەرۆکی گەورە شارەوانی ئامەد، بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان هاوسەرۆکی گەورە شارەوانی وان و ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی گەورە شارەوانی مێردین کە سەر بە هەدەپەن، لەلایەن وەزیری ناوخۆی تورکیاوە درا و ئەو فەرمانەش جێبەجێ کرا. هاوکاتیش لەسەر هەمان تۆمەت هێزە ئەمنییەکانی تورکیا 418 کەسیان دەستگیرکردووە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

شاندێکی حکوومەتی هەرێم سەردانی باڵەکایەتی دەکەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و کەموکوڕییەکان

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو کەموکوڕیەکانیان لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە دوێنێ تاهیر عەبدوڵلا جێگری پارێزگاری هەولێر سەردانی دەفەری باڵەکایەتی کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەو کەموکوڕیەکانیان بێت لەوێش لەلایەن قایمقامی چۆمان باس لە کەموکوڕیەکان کرا لە ڕووی کەمیی خزمەتگوزاری. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

پرۆژێ ئاڤا باژێرێن دهوک و سێمێلێ و دەروبەران وەکو جاران کەتە دخزمەتا وەلاتییان دا

لروژا 18/ 8/2019ل کوچکا پارێزگەها دهوکێ دکونگرەکێ روژنامەڤانیدا بهزاد عەلی ئادەم پارێزگەرێ دهوکێ ب وەکالەت ب ئامادەبوونا ریڤەبەرێن ئاڤا دهوکێ و ریڤەبەرێ ئاڤا دەوروبەران و هاریکارێ ریڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ و ریڤەبەرێ پروژێ ئاڤا خراب دێمێ مزگینیا دورستبوونا پروژێ ئاڤا باژێرێن دهوک وسێمێلێ و دەروبەران ڕاگەهاند. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

حەفتاو سێ ساڵ لە خەبات و بەرخودان

سەلام عەبدوڵلا

پارتی دیموکراتی کوردستان لە چلەکانی سەدەی پێشوودا وەک زەروورەتێکی میژوویی چاوی هەڵهێنا و جڵەوی هزری نەتەوەیی خەبات و تێکۆشانی لە پێناو ئامانجە دێرینەکانی گەلەکەمان ـ بۆ سەرفرازی ئازادی و دیموکراسی ـ کردە ئامانجی بەرخودان و ستراتیژی کارو تێکۆشانی، ئەم ئەرکە میژوویییەش، بە دەستپێشکەری و هەوڵی بارزانیی نەمر کە دوای ڕاپەرینەکانی بارزان و بەشداری قارەمانانەی لە پشتگیری کۆماری ساوای مەهابادا گەلاڵە بوو، چونکە بە ئەزموونی دوورودرێژی خۆی، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە بەبێ پارتێکی دیموکراتی و نەتەوەیی و مۆدێرن کە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی گەل و زیندووکردنەوەی ئیرادە و متمانە بەخۆبوون مەحاڵە بەبێ پارتێکی دیموکراتی نەتەوەیی هاوچەرخ بهێنرێتە دی کە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی گەلەکەمان بکات و هەستانەوە و خۆڕێکخستنەوەو بڕوا بە خۆبوون و ئامادەسازی بۆ قۆناغەکانی داهاتوو دەستەبەر بکات، چونکە شکستی کۆمار و لاسەنگی هێزو باڵادەستی داگیرکەرانی، باڵێ بێ هیوایی بەسەر تەواوی گەلەکەماندا کێشابوو. بۆیە دامەزراندنی پ. د.ک لەو ئان و ساتەدا هیوا و ئاواتی گەلەکەمان بۆ سەرفرازی جارێکی تر گەشاندەوەو گڕوتینێکی بەهێز و وزەی بە جەماوەردا.

لەماوەی ئەم حەفتاو سێ ساڵەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە چەندین قۆناغی هەورازو نشێودا تێپەڕیوە، بەڵام نە لەسەرکەوتنەکانیدا لە خۆبایی بووە، نە لە ساتە دژوارەکانیشدا وەی بەرداوەو پشتی لە ئامانجەکانی کردووە، ئەمەش میژوو دەیسەلمێنێ، چونکە دوای هەر کارەسات و دۆخێکی نەخوازراو، جارێکی تر بە گوڕوتینێکی زیاتر و بەورەیەکی بەرزەوە هاتۆتەوە مەیدان و بوونی خۆی سەلماندۆتەوە، ئەوەش سەرچاوەی لە داخوازی ڕەوای مافەکانی گەلەکەمان وەرگرتووە کە دەبێ ئەویش وەک هەموو گەلانی سەرزەمین، خاوەن ماف و سەروەری بەسەر خاکی خۆیدا هەبێت کە لەلایەن داگیرکەرانەوە ئەو مافەی لێ زەوتکراوە.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا کە پارتی جڵەوی سەرکردایەتی گرتە دەست، توانی لە ماوەیەکی کورتدا پانتاییەکی زۆر لە خاکی کوردستان ئازاد بکات و دامودەزگای ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان بگرێتە ئەستۆ، خزمەتگوزارییەکانی وەک تەندروستی و خوێندن و هەموو سێکتەرەکانی دیکە، زۆر بەباشی بەڕێوەببات، هەر وەک هێزێکی تۆکمە لە پێشمەرگە ڕێکبخات و چالاکی دژی سوپای عێراق سەرکەوتووانە ئەنجام بدات، بە ئەندازەیەک کە حکوومەتی عێراق، ناچار بکات کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار ئیمزا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەرکەوتنە نەبووە هۆی ئەوەی کە مامەڵەی توند لەگەڵ نەیارانی بکات، بەڵکو توانی ئەو دەلاقە گەورەیەی کەوتبووە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد زۆر حەکیمانە چارەسەر بکات کە بووە سەرسوڕمانی دەسەلاتدارانی بەغدا.

لە نسکۆی ئاداری ١٩٧٥دا پارتی وەی بەرنەداو لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، خۆی ڕێکخستەوەو خەباتی چەکداری دەست پێکردەوەو جارێکی تر سەلماندی کە حزبێکی زیندووە. لە ڕاپەڕینیشەوە هەموو توانای خستۆتە گەڕ بۆ بنیاتنانی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی کارای گێڕاوە لە یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لە هەرێمدا و پەرلەمان و حکوومەتی لەگەڵ حزبەکانی تری هەرێمی کوردستانی دامەزراندووەو لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی لە هەرێمدا کراون، دەنگی بەرچاوی هێناوەو هەردەم لایەنگر و پشتگیری پەڕەی سەندووە وەک لە دواین هەڵبژاردنی دا بووە خاوەنی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان کە ئەمەش هەر ئەوە دەسەلمێنێ کە پارتی جێی متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و تەنانەت لەسەر ئاستی هەموو عێراقیش وەکو تاکە حزب لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨/٥/١٢دا زۆرینەی دەنگی بەدەستهێناوە، کە ئەمەش هەر زیندوویی و داینامیکیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئاشکرا دەسەلمێنێت.

لە دێرسیم.. دەست بە کۆکردنەوەی هەنگوین کرا



لە شاری دێرسیمی باکووری کوردستان کە هەزار و 600 جۆر ڕووەکی تۆمارکراوی هەیە و بە یەکێکە لە ناوەندە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی هەنگوین لەسەر ئاستی تورکیا دادەنرێت، دەست بە کۆکردنەوەی هەنگوین کرا. **(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)**

لە کوردستان چەندین بیانی بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە تیرۆر دەستگیر کراون

لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان لە ئەنجامی ئەو هێرشە سەدان هەزار کەس لەو ناوچانە کە کەوتبوونە ژێردەسەلاتی داعش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەو کاتەدا جیاکردنەوەی هاوواڵتیانی ئاسایی و ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە کارێکی ئاسان نەبوو و ئاستەنگی زۆری بۆ لایەنە ئەمنییەکان دروست دەکرد. بۆیە ڕێوشوێنی ئەمنی گیراوەتە بەر بۆ پاراستنی سەلامەتی هاوواڵتیان و خودی ئاوارەکان و ڕێگانەدان بە دزە کردنی تیرۆریستان بۆ نێو هاوواڵتیان بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوواڵتیانی هەرێم بە ئاوارەکانیشەوە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

پەرلەمانتارێک: بەبێ جێگیرکردنی داخوازییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگە نادەین بودجە تێپەڕێت

پەرلەمانتارێکی پارتی لە بەغدا پێی وایە دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسای بودجە پێویستی بە ڕێککەوتن لە نێوان هەرێم و بەغدادا هەیە. دەشڵێ، بەبێ جێگیرکردنی داخوازییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگە نادەن پرۆژەیاسای بودجەی عێراق تێپەڕێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەشێکی بیرەنەوتەکانی کەرکووک لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بەڕێوە دەبرێن

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، مەترسی لەسەر چەند ناوچەیەکی کەرکووک هەیە و چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش خۆیان ڕێک خستووەتەوە .عەمید ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک بە خەباتی ڕاگەیاند، بەشی خوارەوەی کەرکووک هەڵگرلاوی تیرۆرە، لە داقووق و سلێمان بەگ داعش بەباشی گەشەی کردووە، لە ڕەشاد و عەباسییەو ڕیاز و حەویجە، بەئاشکرا هەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

فەرمانبەران دڵنیا دەکەینەوە لەکاتی خۆیدا مووچە دابەش دەکرێت

حکوومەتی هەرێمی کوردستان: بەغدا زیاتر لە بەهای 250 هەزار بەرمیل نەوت پارەی هەرێمی بڕیوە



جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، شایستەی دارایی و پشکی هەرێم لە بودجەی ئیتیحادیدا، 12.84 تریلیۆن دینارە، بەڵام بەغدا تەنیا 5.44 تریلیۆن دینار لە ماوەی ساڵێکدا بۆ هەرێم دەنێرێت. جوتیار عادل گوتیشی: ئەو پارەیەی لە پشکی هەرێم لە بودجەی ئیتحادی دەبڕدرێت، زۆر زیاترە لە بەهای ئەو داهاتەی بە هۆی فرۆشی 250 هەزار بەرمیلی ڕۆژانەوە دەست دەکەوێت. ڕوونیشیکردەوە، هەرێمی کوردستان ئامادەیە ئەو بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، گوتەبێژی حکوومەت گوتیشی: لە ئێستادا ساڵانە 7.39 تریلیۆن دینار لە پشکی هەرێم بڕاوە و حکوومەتی هەرێم داوایەی ئاراستەی بەغدا کردووە، خۆشبەختانە تێگەیشتنی ئەرێنی لە بارەی ئەو پرسەوە هەیە.

جوتیار عادل گوتیشی: لەگەڵ بەغدا لە گفتوگۆداین و لەسەر چەندین پرسیش هاوڕاین، پەیوەندی بەردەوامیش لەنێواندا هەیەو چەند لێژنەیەکی تەکنیکی دروستکراون بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان. لەبارەی هۆکاری دواکەوتنی مووچەشەوە جوتیار عادل ڕایگەیاند: لەحکوومەتی هەرێم ئەرکی سەرەکی و ئەوللەویەتی کارەکانمان پێدانی مووچەیە، بەڵام حکوومەتی عێراقی لە کۆی زیاتر لە ملیۆنێک فەرمانبەری هەرێم، تەنها مووچەی 682 هەزار فەرمانبەر خەرج دەکات، ئەمەش کێشەیەکی تەکنیکی ڕووبەڕووی حکوومەت دەکاتەوە، بەڵام فەرمانبەران دڵنیادەکەینەوە لەکاتی خۆیدا مووچە دابەشدەکرێت.

لەبارەی دەوامی فەرمانبەرانیشەوە گوتەبێژی حکوومەت گوتی: لەسەرتاسەری هەرێم بڕیاری ڕێکخستنەوەی دەوام جێبەجێدەکرێت و ئەرکی وەزارەتەکانیشە لەڕێگەی فەرمانگەکانیانەوە بەپێی یاسا جێبەجێکاری ئەو بڕیارە بن، بابەتەکە یاساییەو ناکرێت کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنیدا بکرێت.

بەمنزیکانە شاندێکی حکوومەتی هەرێم بۆ تاوتوێکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان سەردانی بەغدا دەکات

فارس عیسا: بوودجەی ساڵی 2020 یەکێک دەبێت لە تەوەرەکانی جێی باس و گفتوگۆ



بەرپرسی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا دەڵێت، بەمنزیکانە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان سەردانی بەغدا دەکات. سەردانەکەی شاندی حکوومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە کە چەندین ساڵە لە نێوان هەردوولا هەیە.

بڕیارە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێکردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ئەو کێشانەی هێشتا بەهەڵپەسێردراوی ماون لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی، سەردانی بەغدا بکات، بەڵام هێشتا کاتی سەردانەکە بەدیاریکراوی دیار نییە.

لەوبارەیەوە بەرپرسی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا لە لێدوانێکدا گوتی: بڕیارە بەمنزیکانە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، بەڵام هێشتا بەدیاریکراوی کاتی سەردانەکە ڕوون نییە و دیاریی نەکراوەکەی ببێت.

فارس عیسا سەبارەت بەو پرسانەشی کە لەگەڵ حکوومەتی ناوەند باس دەکرێت گوتی: چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوان هەردوولا هەیە و هەردوولا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان بەدوای میکانیزمەکاندا دەگەڕێن تا چارەسەرییان بکەن، بە نموونە کێشەکانی بوودجە، مووچە، نەوت و غاز، ماددەی 140 و ناوچە کێشە لەسەرەکان. گوتیشی: ئێستا قسە و باس لەسەر بوودجەی ساڵی 2020ش هەیە، بۆیە ئەمەش یەکێک دەبێت لە تەوەرەکانی جێی باس و گفتوگۆ.

جێی باسە 25ی تەمووزی ڕابردوو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی بەسەرۆکایەتی شاندێکی سەردانی بەغدای کرد و دواتر لە ڕێگەی ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانییەوە هەردوولا گەشبینی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی چەندین ساڵە دەربڕی. پرسەکانی نەوت و غاز، سنوور و خاک، بوودجە و مووچە لە دیارترین کێشە کەڵەکەبووەکانی چەندین ساڵەی نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و ناوەندیین.

مەیادە نەجار:

بەبێ جێگیرکردنی داخوازییەکانی هەرێم ڕێگە نادەین بودجە تێپەڕێت



پەرلەمانتارێکی پارتی لە بەغدا پێی وایە دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسای بودجە پێویستی بە ڕێککەوتن لە نێوان هەرێم و بەغدادا هەیە. دەشڵێ، بەبێ جێگیرکردنی داخوازییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگە نادەن پرۆژەیاسای بودجەی عێراق تێپەڕێت. مەیادە محەمەد نەجار، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: کارکردن لەسەر ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی عێراق پێی وایە لایەن لیژنەی دارایی و کوتلە سیاسییەکانەوە بەردەوامە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستێک ڕادەستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی پەرلەمان خۆیندنەوە بۆ پرۆژەیاساکە بکات، هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵدایە بگاتە ڕێککەوتن لەسەر هەندێ داخوازیی خەڵکی کوردستان لەنێو پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقدا.

نەجار ڕوونیشی کردەوە: ئەگەر ئەو خاڵانەی پەیوەستن بە هەرێمی کوردستانەوە لەنێو پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقدا جێگیر نەکرێن، بێگومان هەڵوێست وەردەگرین و تا پێمان بکرێت ڕێگە نادەین بەبێ جێگیرکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان یاسای بودجە تێپەڕێندرێت، هەر کە گەیشتە پەرلەمانیش ئەوکات بۆمان بەدیار دەکەوێت چی تێدایە دەربارەی هەرێمی کوردستان.

پەیوەست بەوەی دانوستان هەیە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان و بەغدا گەیشتبن بە ڕێککەوتن، مەیادە محەمەد نەجار دەڵێ: نەخێر نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن، چونکە هێشتا پرۆژەکە ئامادەکاری بۆ دەکرێت، بەڵام هەوڵ هەر هەنە بۆ ڕێککەوتن، بەتایبەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لای ئێمە هێڵی سوورە.

بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی ئایندە لە لایەن لیژنەی دارایی و کوتلە سیاسییەکانەوە بەردەوامە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستێک ڕادەستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی پەرلەمان خۆیندنەوە بۆ پرۆژەیاساکە بکات، هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵدایە بگاتە ڕێککەوتن لەسەر هەندێ داخوازیی خەڵکی کوردستان لەنێو پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقدا.

داعش لە کەرکووک خۆی ڕێکخستۆتەوەو هیچ حیسابێکیش بۆ هێزە ئەمنییەکان ناکات

عەمید ئیدریس ڕەفعەت بۆ «خەبات»:

بەشێکی بیرەنەوتەکانی کەرکووک لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بەڕێوە دەبرێن



عەمید ئیدریس ڕەفعەت هەروەها ڕایگەیاند، ئەو هێزە ئەمنییانەی لەوێن تەنیا خۆیان دەپارێزن، لەهەندێک ناوچەش داعش خۆی ڕێکخستۆتەوە و هیچ حیسابێک بۆ هێزە ئەمنییەکان و حکوومەتی عێراق ناکات.

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، مەترسی لەسەر چەند ناوچەیەکی کەرکووک هەیە و چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش خۆیان ڕێک خستووەتەوە .عەمید ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک بە خەباتی ڕاگەیاند، بەشی خوارەوەی کەرکووک هەڵگۆڵاوی تیرۆرە، لەداقووق و سلێمان بەگ داعش بەباشی گەشەی کردووە، لە ڕەشاد و عەباسییەو ڕیاز و حەویجە، بەئاشکرا هەن.

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک بە مەبەستی ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵانەی کە باس لە هێرشی داعش دەکەن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئاسایشی کەرکووک دەکات، ئاماژەی بەوەش کرد، کە نەوتی کەرکووک لە ژێر شوێن لە کۆنترۆڵی حکوومەت دەرچووە و بەشێکی بیرەنەوتەکان لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بەڕێوە دەبرێن.

دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و داگیرکردنی شاری کەرکووک، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شارەکە بەڕێوە دەبات و دەستی بە تالانکردنی سامانی کەرکووک، کردووە.

مووسڵ.. قۆناغی چوارەمی پڕۆسەی بنیاتنانەوەی خانووە ڕووخاوەکانی ناوچەی کۆن دەستپێکرد



پارێزگای نەینەوا، مەنسور مەرعید ڕایگەیاند، قۆناغی چوارەمی پڕۆسەی بنیاتنانەوەی خانووە ڕووخاوەکانی ناوچەی کۆن لە بەشی ڕاستی مووسڵ دەستپێکراوە کە 680 خانوو دەگرێتەوە و لە لایەکی دیکەوە لێژنەی قەربووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی پارێزگاکە ڕایگەیاند کە پارەی بەسەر 370 کەس کە لە ئەنجامی پڕۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی نەینەوا زیانیان بەرکەوتووە دابەشکردووە.

مەنسور مەرعید لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی نیمچەفەرمی "ئەلسەباح" ئاشکرایکردووە، تیمەکانی ئەندازیاری و هونەری لە شارەوانیی نەینەوا بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی فاو و سەعد، دەستیانکرد بە قۆناغی چوارەمی پڕۆسەی بنیاتنانەوەی خانووە ڕووخاوەکان لە ناوچەی کۆن لە بەشی ڕاستی مووسڵ.

پارێزگای نەینەوا، مەنسور مەرعید ڕایگەیاند، قۆناغی پڕۆسەی بنیاتنانەوەی خانووە ڕووخاوەکانی ناوچەی کۆن لە بەشی ڕاستی مووسڵ ماوەی هەشت مانگ دەخایەنێت کە 680 خانوو دەگرێتەوە.

ناوبراو گوتیشی: لە ماوەکانی داهاتوودا قۆناغی دیکەی پڕۆسەی پڕۆسەی بنیاتنانەوەی خانووە ڕووخاوەکان لە مووسڵ دەستپێدەکات بۆ ئەوەی خێزانە ئاوارەکان بتوانن لە میانی چەند مانگی داهاتوودا بگەڕێنەوە سەر مالوحاڵی خۆیان.

لە لایەکی دیکەوە، سەرۆکی لێژنەی قەربووکردنەوەی زیانلێکەوتووان لە پارێزگای نەینەوا، سەعد نعێمی بە ڕۆژنامەی نیمچەفەرمی "ئەلسەباح"ی ڕاگەیاندووە کە لێژنەکەیان دەستیکردووە بە دابەشکردنی پارە بەسەر370 کەس کە لە ئەنجامی پڕۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی نەینەوا زیانیان بەرکەوتووە. سەعد نعێمی ئاشکراشی کردووە کە لە میانی هەفتەی داهاتوودا، پارە بەسەر ژمارەیەک کەسی دیکە دابەش دەکرێت کە ئەوانیش لە ئەنجامی پڕۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی نەینەوا زیانیان بەرکەوتووە.

ئەنبار.. یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ئەبوبەکر بەغدادی دەستگیرکرا

وەزارەتی بەرگریی عێراق ئەمڕۆ دووشەممە دەستگیرکردنی سەرکردەیەکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشی لە پارێزگای ئەنبار ڕۆژئاوای عێراق ڕاگەیاند کە بە یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ئەمیری ڕێکخراوەکە، ئەبوبەکر بەغدادی دادەنرێت.

لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاندووە: هەواڵگری سەربازی توانیویەتی شوێنی یەک لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشی لە ناوچەی هیت لە پارێزگای ئەنبار ئاشکرا بکات و دەستگیری بکات کە یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی سەرکردەی ڕێکخراوەکە، ئەبوبەکر بەغدادی.

دەستگیرکردنی ئەو بەرپرسەی داعش لە کاتێکدا کردەوەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ماوەکانی ڕابردوودا زیادیان کردووە، بە تایبەت لە ناوچە سنووریەکانی سووریا و پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار و دیالە و کەرکووک و سەلاحەددین تا ئێستاش چەندین هێرش و پەلاماریان بۆسەر هێزە ئەمنییەکان ئەنجامداوە.

داعش بۆ ئەنجامدانی کردەوەکانی لە عێراق کە چەندین شانەی نوستووی لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق هەیە پەنای بۆ شێوازە کۆنەکەی بردووە لە هێرشی لەناکاو لەسەر ڕێگاکان و هەڵکوتانە سەربنکە و بارەگای هێزە ئەمنییەکان.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
ژمارە (5810) 2019/8/20 ساڵی شەشەم

سەزای تەمەللی: لە تورکیا کودەتای سپی رووییدا

تورکیا 3 سەرۆک شارەوانیی کورد لادەدات و 418 کەس دەستگیر دەکات

ئەحمەد تورک: لە تورکیا ماف پێشێلکراوە و نادادپەروەری گەیشتووەتە لووتکە

دەسەڵاتدارانی تورکیا 3 سەرۆکی شارەوانیی کوردیان لە پۆستەکانیان لادا بە بیانووی پشتیوانیکردن لە پارتی کرێکارانی کوردستان و هاوکات لەسەر هەمان تۆمەت 418 کەسیان دەستگیرکردووە.

بەرەبەیانی دوێنێ دووشەمە پێش کاتژمێر شەش، فەرمانی دوورخستنەوەی عەدنان سەلجوق مزراکلی هاوسەرۆکی گەورە شارەوانی ئامەد، بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان هاوسەرۆکی گەورە شارەوانی وان و ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی گەورە سەلچوک مزراکلی، سەرۆکی شارەوانی گەورەشاری ماردین، ئەحمەد تورک و سەرۆک شارەوانی گەورەشاری وان، بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان لەکارەکانیان دوورخرانەوە. پارێزگاری دیاربەکر، بەسری گوزەلئۆغلۆ لە دیاربەکر، پارێزگاری ماردین، مستەفا یامان لە ماردین و پارێزگاری وان، محەمەد ئەمین بیلمەز لە وان وەک سەرۆکی شارەوانی بە وەکالەت، دەستنیشانکران.

لە کاردانەوەیەکیشدا سەلجوق مزراکلی، هاوسەرۆکی شارەوانیی گەورە شاری ئامەد ڕایگەیاند: لابردنی سەرۆک شارەوانییەکان، کودەتایەکە بەسەر هەدەپە و شارەوانییەکان و ئیرادەی خەڵک، چونکە گەل ئێمەی هەڵبژاردووە و دەنگی پێداون، کەچی حکومەتی تورکیا و ئاکپارتی بە بیانووی جیاواز ئیرادەی گەل پێشێل دەکات. گوتیشی: ئێمە ئەوە دەزانین کۆمەڵگە لەڕووی دیموکراسیی و بەها حقوقی و یاساییەکانەوە گەیشتووەتە ئاستێکی باڵا، بۆیە ئەو بڕیار و هەڵوێستە نە پشتیبەستووە بە دەستووری بنەڕەتی و نە پشتبەستووە بە هەڵبژاردن. مزراکلی بانگەوازیی بۆ گەلانی تورکیاش کرد و گوتی: هەموو ئەو کەسانەی لە تورکیا دەژین، هیچ کەسێکیان ناتوانێت بڵێت، من لە ژێر چەتری ماف و یاسادام، دەبێت مرۆڤ ئەو بڕیار و هەڵوێستە لە دژی شارەوانییەکانی هەدەپە بە بڕیار و هەڵوێستی دژ بە ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتیی بزانێت، ئیرادەی گەل دەستی بەسەردا گیراوە.

هەروەها ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ، شارەداری ئیستانبوڵ لە تویتێکدا ناڕازیبوونی خۆی لە دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکانی هەدەپە ڕاگەیاند و نووسیویەتی؛ شارەدارانی دیاربەکر، وان و مێردین بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون و دانانی قەیووم لە شوێنیان بە کارێکی مافناسییە.

سەلجوق مزراکلی: ئەو کارەی حکوومەتی تورکیا کودەتایەکە بەسەر هەدەپە و ئیرادەی خەڵک

شارەوانی مێردین کە سەر بە هەدەپەن، لەلایەن وەزیری ناوخۆی تورکیا وە درا و ئەو فەرمانەش جێبەجێ کرا. هاوکاتیش لەسەر هەمان تۆمەت هێزە ئەمنییەکانی تورکیا 418 کەسیان دەستگیرکردووە.

لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی ناوخۆی تورکیادا هاتووە کە بە هۆی بوونی لێکۆڵینەوە لەسەریان بەبیانووی تۆمەتی تیرۆرەوە لەبری هەریەک لە سەرۆک شارەوانییەکانی گەورەشارەکانی دیاربەکر، وان و ماردین کەسانی تر دانران لە شوێنیان. لەو چوارچێوەیەدا هەریەک لە سەرۆک شارەوانی گەورەشاری دیاربەکر، عەدنان سەلجوق مزراکلی، سەرۆکی شارەوانی گەورەشاری ماردین، ئەحمەد تورک و سەرۆک شارەوانی گەورەشاری وان، بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان لەکارەکانیان دوورخرانەوە. پارێزگاری دیاربەکر، بەسری گوزەلئۆغلۆ لە دیاربەکر، پارێزگاری ماردین، مستەفا یامان لە ماردین و پارێزگاری وان، محەمەد ئەمین بیلمەز لە وان وەک سەرۆکی شارەوانی بە وەکالەت، دەستنیشانکران.

لە کاردانەوەیەکیشدا سەلجوق مزراکلی، هاوسەرۆکی شارەوانیی گەورە شاری ئامەد ڕایگەیاند: لابردنی سەرۆک شارەوانییەکان، کودەتایەکە بەسەر هەدەپە و شارەوانییەکان و ئیرادەی خەڵک، چونکە گەل ئێمەی هەڵبژاردووە و دەنگی پێداون، کەچی حکومەتی تورکیا و ئاکپارتی بە بیانووی جیاواز ئیرادەی گەل پێشێل دەکات. گوتیشی: ئێمە ئەوە دەزانین کۆمەڵگە لەڕووی دیموکراسیی و بەها حقوقی و یاساییەکانەوە گەیشتووەتە ئاستێکی باڵا، بۆیە ئەو بڕیار و هەڵوێستە نە پشتیبەستووە بە دەستووری بنەڕەتی و نە پشتبەستووە بە هەڵبژاردن. مزراکلی بانگەوازیی بۆ گەلانی تورکیاش کرد و گوتی: هەموو ئەو کەسانەی لە تورکیا دەژین، هیچ کەسێکیان ناتوانێت بڵێت، من لە ژێر چەتری ماف و یاسادام، دەبێت مرۆڤ ئەو بڕیار و هەڵوێستە لە دژی شارەوانییەکانی هەدەپە بە بڕیار و هەڵوێستی دژ بە ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتیی بزانێت، ئیرادەی گەل دەستی بەسەردا گیراوە.

هەروەها ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ، شارەداری ئیستانبوڵ لە تویتێکدا ناڕازیبوونی خۆی لە دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکانی هەدەپە ڕاگەیاند و نووسیویەتی؛ شارەدارانی دیاربەکر، وان و مێردین بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون و دانانی قەیووم لە شوێنیان بە کارێکی



ئەکرەم ئیمامئۆغلۆ: پشتگوێخستنی ویستی خەڵک بە هیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵکردن نییە

پێچەوانەی دیموکراسی شڕۆڤە دەکرێت. ئیمامئۆغلۆ دووپاتیشی دەکاتەوە: پشتگوێ خستنی ویستی خەڵک بە هیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵ کردن نییە.

لای خۆیەوە، ئەحمەد تورک، شارەداری لەکارلادراوی مێردین کە لە 56%ی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی بەدەستهێنابوو لە دوای دوورخستنەوەی لە پۆستەکەی ڕوونیکردەوە؛ لە تورکیا ماف پێشێلکراوە و نادادپەروەری گەیشتووەتە لووتکە. ئەحمەد تورک دەڵێت؛ ڕێز لە ویستی خەڵک ناگیرێت و سیاسەتێکی دژە دیموکراسی لە تورکیا پەیڕەو دەکرێت کە ئەمەش دژی یاسا و



مافناسییە.

ئەمەش لە کاتێکدایە، لە29 شاری باکووری کوردستان و وەزارەتی ناوخۆی تورکیا هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی ئەندام و لایەنگرانی هەدەپەی دەستپێکردووە و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا ئاشکرایان کردووە تا ئێستاکە 418 کەسیان بە گومانی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە دەستبەسەر کردووە.

هەروەها سەزای تەمەللی هاوسەرکی پارتی دیموکراتی گەلان ڕایگەیاند: دژی بڕیاری دوورخستنەوەی سەرۆکی شارەوانییەکان بڕیارە ڕەوایەتی بە تونددوتیژی دەدات.

لەلایەکی دیکەشەوە جەهەپە کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە، لەبارەی دوورخستنەوەی هەرسێ سەرۆک شارەوانیی ئامەد، مێردین و وان هاتە ئەکات، ناتوانێ کێشەکانی دیکەی چارەسەر بکات. ڕاشیگەیاند: دەسەڵاتی تورکیا ناتوانێت وڵات بەڕێوەببات، بۆیە ڕەوایەتی بە تونددوتیژی دەدات.

لەلایەکی دیکەشەوە جەهەپە کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە، لەبارەی دوورخستنەوەی هەرسێ سەرۆک شارەوانیی ئامەد، مێردین و وان هاتە دەنگ، حکوومەتی تورکیای بە فاشیست ناو برد و ڕایگەیاند ئەکەپە سەلماندی لایەنگری دیموکراسی نییە. ئۆزگوور ئۆزێل سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپە لەناو پەرلەمانی تورکیا لە پێگەی خۆی لە تویتەر هێرشی توندی کردە سەر حکوومەت و بە فاشیست ناوی برد. ئۆزێل لە نووسینەکەیدا ڕایگەیاندووە دەسەڵاتی تورکیا بە لەکارلادانی سەرۆک شارەوانییەکانی ئامەد، مێردین و وان، بوونی خۆی لەناو کایەی سیاسی خستە ژێر پرسیارەوە و دەڕگای بە ڕووی گفتوگۆیەکی گرنگ کردەوە. هەروەها نووسیویەتی "دەسەڵاتی ئەکەپە لە تورکیا، ئەمجارە دیموکراسی هەڵنەبژارد، بەڵکو فاشیستبوونی هەڵبژارد".

ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق:

لە باشووری مووسڵ شانەی نووستووی داعش هەیە

گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، عەمید یەحیا ڕەسوڵ ڕایگەیاند، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا، دوو ئۆپەراسیۆنمان دژبە شانە نووستووەکانی داعش لە سنووری مووسڵ ئەنجامداوە ئۆپەراسیۆنەکانیش ئامانجی خۆیان پێکاوە. لە لێدوانێکدا عەمید یەحیا ڕەسوڵ گوتی: دۆخی ئەمنی پارێزگای نەینەوا لەژێر کۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەکانی عێراق دایە و لە سایەی بوونی هێزەکانمان ڕەوشی ئەمنی جێگیرە و بەردەوام لە چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی شانە نووستووەکانی داعشین و ڕێگە نادەین زیان بە خەڵکی سڤیلی سنوورەکە بگەیەنن.

گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، عەمید یەحیا ڕەسوڵ گوتیشی: بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستی ئێمەدایە وەک فەرماندەیی هاوبەشی عێراق، شانەی نووستووی داعش لە باشووری مووسڵ و هەروەها لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و سووریا هەیە و بە شێوەی گرووپی پێنج کەسی چالاکی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن و پشێوی دەنێنەوە ئەمەیشیان بۆ بانگەشە و ڕاگەیاندنەکانیانە لە ڕاستیدا توانای هێرشکردنییان نییە.

عەمید یەحیا ڕەسوڵ ئاماژەی بەوەیشدا کە لە ڕۆژانی شەممەو یەکشەممەی ڕابردوودا دوو ئۆپەراسیۆنیان دژبە شانە نووستووەکانی داعش ئەنجامداوە و گوتی: "دوێنێ ئۆپەراسیۆنێکمان لە ناوچەی شۆڕەی سنووری پارێزگای نەینەوا دژبە شانە نووستووەکانی داعش ئەنجامداوە و پێڕێش ئۆپەراسیۆنەکەمان لە سنووری حەمام عەلیل بوو و دەستمان بەسەر کەلوپەلی داعش گرت و چەند شانەیەکی نووستووی داعشمان دەستگیرکردن.



کەشتییە نەوتهەڵگرە ئازادکراوەکەی ئێران بەرەو یۆنان کەوتەڕێ



کەشتی نەوت هەڵگری ئێرانی «Adrian Darya 1» کە پێشتر ناوی «Grace 1» بوو، دوێنێ دووشەمە بەرەو یۆنان بەڕێکەوت، دوای ئەوەی ڕێگەی پێدرا ئاوەکانی جەبەل تارق بەجێبهێڵێت. ئاژانسی هەواڵیی ئەسۆشیەتد پرێس بڵاویکردەوە، ڕوانگەیMarineTraffic بۆ چاودێکردنی جموجوڵی کەشتییەکان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، ڕۆژی دووشەمە کەشتییە نەوت هەڵگرەکەی ئێران کە بە بەهای 130ی ملیۆن دۆلار نەوتی هەڵگرتووە دوای ئەوەی ڕێگەی پێدار ئاوەکانی جەبەل تارق بەجێبهێڵێت، بەرەو شاری کالاماتا باشووری یۆنان بەڕێکەوتووە.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکە، چاوەڕان دەکرێت ڕۆژی یەکشەممەی هەفتەی داهاتوو، کەشتییە نەوت هەڵگرەکەی ئێران بگاتە یۆنان.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بە هۆکاری بەڕێکەوتنی کەشتییە نەوت هەڵگرەکەی ئێران لە جەبەل تارقەوە بەرەو یۆنان نەدراوە و هەروەها ئەوەش نەخراوەتەڕوو کە ئایە دواتر کەشتییەکە ئاراستەکەی دەگۆڕێت یان نا.

جێی باسە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو میدیاکانی ئێران بڵاویانکردبووەوە، ئەو کەشتییە نەوت هەڵگرەیەی وڵاتەکەیان کە لە چواری تەموزدا لە جەبەل تارق دەستی بەسەرداگیرابوو، دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو بڕیاری ئازادکردنی درا، ڕێگەی پێدراوە ئاوەکانی جەبەل تارق بەجێبهێڵێت.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان: لە کوردستان چەندین بیانی بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە تیرۆر دەستگیر کراون

تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەستی بەغدا کراون





لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان لە ئەنجامی ئەو هێرشە سەدان هەزار کەس لەو ناوچانە کە کەوتبوونە ژێردەسەلاتی داعش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەو کاتەدا جیاکردنەوەی هاوواڵاتیانی ئاسایی و ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە کارێکی ئاسان نەبوو و ئاستەنگی زۆری بۆ لایەنە ئەمنییەکان دروست دەکرد. بۆیە ڕێوشوێنی ئەمنی گیراوەتە بەر بۆ پاراستنی سەلامەتی هاوواڵاتیان و خودی ئاوارەکان و ڕێگانەدان بە دزە کردنی تیرۆریستان بۆ نێو هاوواڵاتیان بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوواڵاتیانی هەرێم بە ئاوارەکانیشەوە، لە میانەی ئەم ڕێوشوێنانەدا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە چەندین کەس بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە دەستگیر کران.

لەم بارەوە دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم رایگەیاند لە دوای ساڵی 2003ەوە تیرۆریستان کوردستانیان کردبووە ئامانج بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و تێکدانی سەقامگیری هەرێم، لە دوای هێرشەکانی تیرۆریستان داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان هەرێمی کوردستان زیاتر کرابووە ئامانج، بەڵام بە هەوڵی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم هەوڵەکانیان پوچەڵکراونەتەوە و لەم بارەوە بە سەدان کەس بە بەڵگەوە دەستگیر کران کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە و بەشداریان لە شەڕەکانیشدا کردبوو و ژمارەیەکیان ئافرەت و منداڵ بوون.

دیندار زێباری لە بارەی هەماهەنگی نێوان حکوومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵی گوتی: حکوومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدراڵ پرۆسەیەکیان هەبووە بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەو دەستگیرکراوانە و لەم ڕووەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری زۆری کردووە، بەپێی ئەم پرۆسەیەش تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەستی بەغدا کراون، ئاماژەی بەوەش کرد ڕادەستکردنەوەی گیراوەکان بە فەرمانی دادگا پەیوەندیدارەکان بووە.

لە ماوەی ڕابردوو دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر بڕیاریدا 277 بەندکراو بەپێی ماددەی سێیەم/ 7ی تیرۆر ڕەوانەی "دادگای لێکۆڵینەوەی نەینەوا/ تیرۆر" دەستێکرد بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەو دەستگیرکراوانە و لەم ڕووەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری زۆری کردووە، بەپێی ئەم پرۆسەیەش تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەستی بەغدا کراون، ئاماژەی بەوەش کرد ڕادەستکردنەوەی گیراوەکان بە فەرمانی دادگا پەیوەندیدارەکان بووە.

لە ماوەی ڕابردوو دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر بڕیاریدا 277 بەندکراو بەپێی ماددەی سێیەم/ 7ی تیرۆر ڕەوانەی "دادگای لێکۆڵینەوەی نەینەوا/ تیرۆر" بکرێن ئەمەش بە چەند قۆناغێک بوو و لە هەر قۆناغێکدا 50 تا 55 لە بەندکراو پێکهاتبوو. هەروەها بەپێی بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر 576 بەندکراو بەپێی ماددەی چوارەم/ 1 لەیاسایی ژمارە 13ی ساڵی 2005 ڕەوانەی "دادگای لێکۆڵینەوەی ڕصافە/ بغداد" کراون لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بە پێنج قۆناغ لە هەر قۆناغێک 100 تا 120 بەندکراو ڕەوانەکراون.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم کوردستان گوتیشی: لە دوای ساڵی 2016 چەندین هاووڵاتی بیانی بە تۆمەتی پەیوەندی کردنیان بە تیرۆرەوە دەستگیر کراون کە خاوەنی تۆمەتی تیرۆر دەستگیر و سزا دراون گوتی: بەپێی ئامارى لایەنە ئەمنیەکان677 کەس بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون، لەوانە30 ئافرەت 22یان ڕاگیراون و8 یان سزا دراون، هەروەها6 نەوجەوانیش بە هەمان تۆمەت ڕاگیراون. لەلایەکی دیکەوە 37 بەندکراوی پیاو بە لە سێدارەدان سزا دراون، بەڵام لە ساڵی 2019 هیچ سزایەکی لە سێدارەدان بۆ بەندکراوان دەرنەچووە. لەلایەکی ترەوە.

زێباری هەروەها گوتی: دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی بەندکراوان و ئەو کەسانەی کە بەڵگەی تاوانبارکردنیان نییە بەڵکو کاریگەری لەسەر جیهان و ناوچەکە هەیە.

ڕەگەزنامەی تورکی، سووری، ئێرانی، چینی، ئەمەریکی، جەزائیری و چەند وڵاتێکی دیکەن بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە و بەشێکیان ڕادەستکراونەتەوە لەوانە15 هەمووحاڵەتەکان دەستگیرکراوەکە دەچێتە بەردەم دادوەر.

دوای دەستگیرکردنی تۆمەتباران و داواکراوان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (قانون اصول محاکمات الجزائیە) ژمارە23 ساڵی 1971ی هەموارکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ.

ڕێکارەکانیش بریتین لە سەلماندنی کەسایەتی داواکراو و گومان لێکراو و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکان. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە و گومانیان لێدەکرێت پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت، ئەوا وەک قوربانی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەک تاوانبار.

لایەنە ئەمنییەکانی حکوومەتی هەرێم پابەندن کە زانیاری بدەنە خانەوادەی ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرێن، چونکە بەپێی یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2001ی پەرلەمانی کوردستان تەمەنی یاسایی بۆ سەپاندنی سزا11 ساڵە و سووکترین سزادانیش بۆ ئەو مندالانە (هۆشداریدانە) بۆ سەرپێچیکەران واتا کە سەرپێچی بکرێت هۆشداری پێدەدرێت ئەگەر تاوانەکە نەکەوێتە چوارچێوەی تیرۆر.

ئیسرائیل:

ئامادەکاری بۆ هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر غەزە دەکەین

وەزیری وزەی ئیسرائیل، یوفال شتاینتش رایگەیاند کە تەل ئەبیب ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی بەرفراوان لە کەرتی غەزە، ئەو ڕەخنانەشی ڕەتکردەوە کە لە سەرۆکوەزیران، بێنیامین ناتانیاهو دەگیرێن لەبارەی چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆخی غەزە.

یوفال شتاینتش ڕۆژی دووشەمە لە لێدوانێکیدا بۆ ڕاگەیاندنی ئیسرائیل گوتی: باوەڕم وایە سەرۆکوەزیران بە مکوڕیی و وریایی و دانایەوە مامەڵە دەکات، ئێمە ئامادەکاری دەکەین بۆ هێرشێکی بەرفراوان لە غەزە.

وەزیری وزەی ئیسرائیل، یوفال شتاینتش ڕایگەیاند کە ئەو هێرشانەی ئیسرائیل لە سووریا ئەنجامیان دەدات و بە ئامانجی ئێرانی ناویان دەبات.

ئەم لێدوانەی وەزیرەکەی حکوومەتی ناتانیاهو دوای ئەو ڕەخنانەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دێت بۆ سەرۆکوەزیران لەبەرامبەر مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو هێرشانەی لە غەزەوە دەکرێنە سەر ئیسرائیل. زیادبوونی ڕەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کاتێکدایە بەرفراوان لە کەرتی غەزە لە کاتێکدا هیچ بژاردەیەکی تر نەبێت.

وەزیری وزەی ئیسرائیل لە بەشێکی تری لێدوانەکەیدا ئاماژەی کرد بەوەی ڕێگری دەکەن لەوەی ئێران زیاتر پێگەی خۆی بکاتەوە لە سووریا، بۆ ئەو مەبەستەش سەدان کردەوەی ئاشکراو نهێنی ئەنجام دەدەن، ئەوەش وەک ئاماژەیەکە بۆ ئەو هێرشانەی ئیسرائیل لە سووریا ئەنجامیان دەدات و بە ئامانجی ئێرانی ناویان دەبات.

ئەم لێدوانەی وەزیرەکەی حکوومەتی ناتانیاهو دوای ئەو ڕەخنانەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دێت بۆ سەرۆکوەزیران لەبەرامبەر مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو هێرشانەی لە غەزەوە دەکرێنە سەر ئیسرائیل. زیادبوونی ڕەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کاتێکدایە کەمتر لە مانگێکی ماوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کە بڕیارە لە حەوتی ئەیلوولی داهاتوو بەڕێوەبچێت.

جێی باسە ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو، ڕۆژنامەی یەدیعۆت ئەحەرنۆت لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی لە زاری ناتانیاهۆ گواستبوویەوە کە سەرەڕای نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن لە مانگی ئەیلوولی داهاتوو، ئەگەر پێویست بکات هێرشی سەربازی بەرفراوان ئەنجام دەدەن. ناتانیاهۆ ڕاشیگەیاندووە: گوێبیستی چەند لێدوانێک بووم لەبارەی ئەوەی بەهۆی هەڵبژاردنەوە خۆم بەدوور دەگرم لە ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بەرفراوان بۆسەر کەرتی غەزە، ئەوە ڕاست نییە، هەرکەس من بناسێت ئەوە دەزانێت.

ژمارەیەک پەرلەمانتاری بەریتانی:

وڵاتەکەمان بەرەو قەیرانێکی دارایی دەڕوات و لە بەردەم دۆخێکی لەناکاوی نیشتمانی داین



ژمارەیەک پەرلەمانتاری بەریتانی وەک هەنگاوێک بۆ ڕێگرتن لە سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکە ، بۆریس جۆنسن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی و دەرچوون لە یەکێتی ئەورووپا بەبێ ڕێکەوتن ، داوای کۆبونەوەی بەپەلەی پەرلەمان دەکەن. زیاتر لە100 ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا داوایەکیان ئاراستەی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ، بۆریس جۆنسن کردووە بۆ بانگهێشتکردنی پەرلەمان بە ڕاگرتنی پشووی هاوینەی پەرلەمان و دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکان تاوەکو کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی دەرچوونی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەورووپا.

پشووی هاوینەی پەرلەمان لە 3ی ئەیلولی داهاتوو بە کۆتا دێت، بەڵام ئەو پەرلەمانتارانەی ئیمزایان لەسەر داواکارییەکە کردووە ، داوایان لە جۆنسن کردووە بە بانگهێشتکردنی ئەنجوومەنی گشتی بە ڕاگرتنی پشووی هاوینە و ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان بەشێوەی بەردەوام تاوەکو 31ی تشرینی یەکەمی داهاتوو کە وادەی دەرچوونی بەریتانیایە لە یەکێتی ئەورووپا . ئەو پەرلەمانتارانە لە نەیارانی دەرچوونی بەریتانیان لە یەکێتی ئەورووپا و بە دوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن بەبێ دەرچوون بەبێ ڕێکەوتن.

لە نامەکەی ئەو پەرلەمانتارانەدا هاتووە: وڵاتەکەمان بەرەو قەیرانێکی دارایی دەڕوات، ئێمەش دژایەتی دەرچوونی بەریتانیا دەکەین بەبێ ڕێککەوتن، هەروەها لە بەردەم دۆخێکی لەناکاوی نیشتمانی داین بۆیە بانگهێشتی دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەی بەپەلەی پەرلەمان دەکەین. لەلای خۆیەوە ڕۆژنامەی سەندەی تایمز لە ژمارەی ڕۆژی یەکشەممەیدا باڵاوی کردۆتەوە کە بەریتانیا ڕووبەڕووی چەندین گرفت لەوانەش کەمی سووتەمەنی و خواردن و دەرمان و لەدەستدانی کار دەبێتەوە ئەگەر بەبێ ڕێکەوتن لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەرەوە.

هەر پەیوەند بە بەریتانیاوە، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئانگێلا مێرکڵ ڕایگەیاند کە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە چاوی بە سەرۆک وەزیری بەریتانیا بۆریس جۆنسن دەکەوێت و گفتوگۆ لەسەر جیابوونەوەی بەریتانیا دەکەن لە یەکێتی ئەورووپا ، ئاماژەشی بەوەدا بەرلین ئامادەیە بۆ هەموو پێشهاتەکانی ئەم جیابوونەوەیە. مێرکڵ گوتیشی: ئامادەین بۆ هەر ئەنجامێک، دەتوانین ئەوە بڵێین تەنانەت بەبێ هیچ ڕێکەوتنێکیش. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا هەوڵدەدەم تاوەکو کۆتا ڕۆژی دانوستانەکان چارەسەر بدۆزمەوە. مێرکل ڕاشیگەیاند: پێم وایە جیابوونەوە بە ڕێککەوتنێک هەمیشە باشترە. بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، ئامادەین بۆ بەدیلەکەش.

عیمران خان: پێویستە جبەخانەی ناوەکیی هیندستان بەهەند وەربگیرێ



سەرۆکوەزیرانی پاکستان، عیمران خان لە دوای ئەوەی کە ئیدارەی نیودەلهی ئاماژەی بەوەدا کە لەوانەیە سیاستی چەکی ناوەکی بگۆڕن، بانگهێشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە پێویستە ئاسایشی جبەخانەی ناوەکی هیندستان بەهەند وەبگیرێ. عیمران خان لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاند: پێویستە جیهان بە شێوەیەکی جددی ئاسایشی جبەخانەی ناوەکی هیندستان بەهەند وەربگرێ کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی مۆدی فاشیست، ڕەگەزپەرست و نەتەوەپەرستی هیند دایە. عیمران خان ڕاشیگەیاند کە ئەم پرسە تەنها کێشەی ناوچەکە نییە بەڵکو کاریگەری لەسەر جیهان هەیە ، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کرد کە هەنگاوی پێویست بنێت بۆ ئەوەی ئاسایشی جبەخانەی ناوەکی هیندستان بخاتە ژێر گەرەنتییەوە. خان ئەوەشی گوت کە چوار ملیۆن موسوڵمانی هیندی ڕووبەڕووی مەترسی هەڵوەشاندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون بوونەتەوە. ئەم بانگهێشتەی سەرۆکوەزیرانی پاکستان دوای لێدوانێکی وەزیری بەرگری هیندستان، ڕاجناس سینگ دێت کە لە ناوەندی ناوەکی پۆخران لە ویلایەتی ڕاجستان ڕایگەیاند پێدەچێت وڵاتەکەی سیاسەتی "خۆبەدوور گرتن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی وەک لایەنی یەکەم" بگۆڕێت.

ئێران هۆشداری دەداتە ئەمەریکا دەستبەسەر کەشتییە نەوت گوێزەرەوەکەیاندا نەگرێت

ئێران هۆشداری دەداتە ئیدارەی ئەمەریکا کە لە ئاوی نێودەوڵەتییدا دەستوەرنەداتە کەشتی نەوت گوێزەرەوەی Adrian Dar-ya-1 کە دوای 45 رۆژ لە دەستبەسەرداگرتنی لە لایەن هەرێمی سەربەخۆی جەبەل تارقی سەربە بەریتانیاوە، بەردرابوو.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا لە تارانی پایتەخت هەڵسەنگاندنی کرد بۆ بڕیاری دادگای ئەمەریکی لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی ئەو کەشتییە نەوت گوێزەرەوە ئێرانییە کە دوای بڕیارەکەی دادگای بالای جەبەل تارق رۆژی رابردوو ئازاد کرا.

موسەوی ئاماژەی بەوەدا کە هۆشداری دەداتە ئەمەریکا لە ئاوی نێودەوڵەتییدا دەستوەرنەداتە ئەو کەشتییە نەوت گوێزەرەوە ئێرانییە و گوتی: لایەنە فەرمییەکانمان بەتایبەت لە رێگەی باڵیۆزی ئەمەریکا لە سویسراوە هۆشداریان داوە. هەوڵێکی لەو چەشنە "بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوت گوێزەرەوەکە" ئاسایشی رێڕەوی دەریایی دەخاتە مەترسییەوە. موسەوی رایگەیاند کە دەستوەردان لە بەرامبەر کەشتییە نەوت گوێزەرەوەکەدا ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی نەوت گوێزەرەوەی بەریتانی بەناوی Steno Impero لە 19ی تەموزدا لە لایەن ئێرانەوە بەتۆمەتی جێبەجێ نەکردنی یاساکانی تایبەت بە ئاوی نێودەوڵەتی و ئازادکردنییەوە موسەوی گوتی: لەم بارەیەوە دەبێت چاوەڕوانی بڕیاری دادگا بکەین بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاری کەشتییەکە نەوت گوێزەرەوەکە.



حکوومەتی سووریا: سوپای تورکیا بۆ پاڵپشتیی «تیرۆریستان» سنووری سووریای بەزاند



K24/ سەرچاوەیەکی فەرمی لە وەزارەتی دەرەوەی سووریا ئاشکرای کرد کە "هێزی سەربازی تورکیا بۆ بەهاناوەچوونی گرووپە تیرۆریستەکان سنووری سووریایان بەزاندووە و بەئاراستەی شارۆچکەی خان شەیخون لە گوندەواری ئیدلب دێن، ئەوەش دەیسەلمێنێ ئەنقەرە پاڵپشتی گرووپە تیرۆریستییەکان دەکات".

سەرچاوەکە بە ئاژانسی سانای فەرمی سووریای گوتووە، کاروانی سەربازی تورکیا هاتوونەتە ناو سنووری سووریا و بە ئاراستەی خان شەیخون هاتوون، تا فریای تیرۆریستەکانی بەرەی رزگارکردنی شام (بەرەی نوسرە) بکەون. ئەو هەنگاوەش نیشانەی ئەوەیە تورکیا پاڵپشتیی تەواوی گرووپە تیرۆریستییەکان دەکات".

سەرچاوەکەی وەزارەتی دەرەوە دەستوەردانی تورکیا بەتوندی سەرکۆنە دەکەین، دەسەلاتدارانی تورکیا دەرهاویشتەکانی ئەو پێشێلکارییە قیزەونەی سەروەری و یەکێتی و سەلامەتی خاکی سووریا لە ئەستۆ دەگرن. هەروەها دەڵێت: ئەو ڕەفتارە دوژمنکارانەیەی تورکیا بەهیچ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر ئیرادە و سووربوونی سوپای سووریا نابێت بۆ ڕاوەدوونانی پاشماوەکانی تیرۆریستان لە خان شەیخون و ناوچەکانی دیکە، تا ئەو کاتەی تەواوی خاکی سووریا لە تیرۆریستان پاکدەکرێتەوە. ئەو هەڵوێستەی حکوومەتی سووریا لە کاتێکدایە، پێشتر میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، هێزی تایبەتی تورکیا وەک ئامادەسازییەک گەیشتوونەتە باشووری ئەو وڵاتە، ئەوەش لە چوارچێوەی هەوڵێکدایە بۆ دابەشکردنیان بەسەر ئەو یەکە سەربازییانەی دیکەی ئەو تورکیا کە لە ناوچە سنووریەکانی سووریا مۆڵدراون. بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی ئەنادۆڵوی تورکیا، یەکەکانی کۆماندۆز ڕۆژی یەکشەمە گەیشتوونەتە ویلایەتی هاتای و لە چەندین بنکەی سەربازی جیاوازی ئەو وڵاتەوە جووڵەیان پێکراوە.

ئاژانسەکە ئاماژەی بەوەشکردووە کە "ئەو یەکە تایبەتانەی تورکیا بەرەو هێڵی سنووریی لەگەڵ سووریا دەچن و بۆ گەیشتنیان بە سەلامەتی ڕێوشوێنی ئەمنی توند گیراوەتەبەر. جووڵەی ئەو هێزانەی تورکیا بۆ ناوچەکە هاوکاتە لەگەڵ ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای سووریا بۆ سەر ئەو ناوچانەی چەکدارانی بەرەی ڕزگارکردنی شام (بەرەی نوسرەی جاران) لە ناوچەکانی خان شەیخۆنی گوندەواری ئیدلب کۆنترۆڵیان کردووە.

سوپای سووریا بە پشتیوانیی ڕووسیا لە خان شەیخون نزیکبۆتەوە

هێزەکانی سوپای سووریا کە گرووپە بیانییەکانی سەربە ئێران و هێزە تایبەتییەکانی ڕووسیا پشتیوانی دەکەن خەریکە ڕێگای خێرای حەلەب/ دیمەشق دەبڕن کە بە خان شەیخوندا تێپەڕ دەبێت.

لە میانی ئەم هەفتەیەی دواییدا، هێزەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە گوندەوارەکانی سەربە پارێزگای حەما باشووری ئیدلب پێشڕەویانکردووە و بە چوونیان بەرەو شارەدێی هەبیت، گردەکانی سوکەیک و تێری و کێڵگەکانی کەفرەیدون و ساباغییە دەستیان بەسەر خاڵی فاخیردا گرتووە کە یەکێکە لە خاڵەکانی چوون بەرەو سنووری شارۆچکەی خان شەیخون.

هێزەکانی ڕژێم هەوڵ دەدەن لە ڕۆژئاواوە شارۆچکەکە گەمارۆ بدەن و بەمجۆرەش 500 مەتر لە سنووری شارۆچکەکە نزیکبوونەتەوە. هێزەکانی ڕژێم کە گرووپە بیانییەکانی سەربە ئێران



و هێزە تایبەتییەکانی ڕووسیا و سەربازە بە پارەگیراوەکان پشتیوانی دەکەن خەریکە ڕێگای خێرای حەلەب/ دیمەشق دەبڕن کە بە خان شەیخوندا تێپەڕ دەبێت.

گرنگیی خان شەیخون

لە ئاکامی هێرشی ڕژێمی ئەسەد بە چەکی کیمیایی لە چواری نیسانی 2017 بۆ سەر ئەو شارۆچکەیە کە کۆژرانی 100 کەسی لێکەوتەوە، دەنگدانەوەی زۆری لەسەر ئاستی جیهاندا بەدوای خۆیدا هێنا. ئەمەریکا لە حەوتی نیسان بنکەی ئاسمانی سەربازی شعیرات سەربە ڕژێمی کردە ئامانج. نێردەی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لە 27ی تشرینی یەکەمی 2017 پشتڕاستیکردەوە کە ئەو هێرشە لە لایەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە ئەنجامدراوە.

تەرەمپ: ئێران بە نیازی دانوستانە بەڵام نازانێت چۆن دەستپێبکات

دۆناڵد تەرەمپ سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند: ئێران نیازی دانوستانی هەیە، بەڵام نازانێت چۆن دەست پێ بکات. دۆناڵد تەرەمپ گوتیشی، ئێمە دەتوانین بە پەلە کارێک بکەین، بەڵام ئەوان نازانن چۆن دەست پێ بکەن.

سەرۆک کۆماری ئەمەریکا سەبارەت بە بەرپرسانی ئێرانی ڕایگەیاند: ئەوان خەڵکانێکی لەخۆ باین، بەڵام ئابووریان لە ڕەوشێکی زۆر خراپ دایە، گرانی لە ئێران گەیشتۆتە ئاستێکی هەرە بەرز و ئەوان ئیتر ناتوانن نەوتیش بفرۆشن. دۆناڵد تەرەمپ دووپاتیشی کردەوە کە بەرپرسانی ئێران بە شوێن ڕێککەوتنێکەوەن بەڵام نازانن چۆن و لە کوێوە دەست پێبکەن.





کیفاح مەحمود کەریم

عێراق لە نێوان دامەزراندنی یەکەم و دووەمیدا!

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەک بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وەک مەملەکەت، ئەو دەوڵەتەی بەریتانیاو هاوبەشە فەرەنسییەکانیان و پاشکۆکانیان لە پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵە شێخ و مشایخێک ویستیان دوور لە ویستی دانشتیوانەکەی قەوارەیەکی سیاسی بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت بۆ پێکبهێنن، لەبەر نەبوونی ئەو مەرجانەی کە خۆیان داوایان دەکرد لە هەڵبژێرەکان لە هەردوو ویلایەت کە لە ساڵی 1921ز مەملەکەتی عێراقی لێ پێکهێنرا، ناچار پادشایەکی هاوردەیان لە وڵاتێکی دیکەوە بۆ هێنا.

دوای ئەو هەموو ماوەیەو ئەو ڕووداوانەی لە ئەنجامی گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات لە لایەن شکستخواردووترین ڕژێم لە جیهاندا بەبەراورد لەگەڵ ئەو سامانە زەبەلاحەو پێکهاتە مرۆییەی ئەو وڵاتە لەبەر دەستیا بوو، پێکهاتەکانی ئەو شانشینە بە بەرهەڵستکارە ئاراستە جیاجیاکانی و کودەتاکارەکانی نەیان توانی ڕژێمە شمولییەکەی بڕوخێنن و گژوگیایەکی جۆری و قەوارەیەکی سیاسی نوێ دروست بکەن هەتا ئەگەر کەمترین ئاستی شێوەی دەوڵەت لە خۆ بگرێت. تا ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە پاساوی ئەوەی ڕژێمی سیاسی خاوەنی چەکی ئەتۆمیی و کیمیاوییە، بەدەست هێنانی ئەو دوو جۆرە چەکەش بە واتای بڕینی هێڵی سوورن بۆ بواری زیندەگیان، بڕیاری ڕووخاندنی ڕژێمەکەیان دا، سەرەڕای ئەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکە پەیوەندی نەبوو بەو شانۆگەرییەی گوایە عێراق ڕۆکێتی باڵیستی هەیە، یا عێراق ئارەزوو دەکات پرۆژەی دروستکردنی چەکی ناوکیی بەدەست بێنێت، هاوشێوەی ئەو شانۆگەرییەی کە ئێستا بەسەر ئێران دووبارە دەکرێتەوە.

لەسەروبەندی ڕووخاندنی پەیکەری ڕژێمی حزب بەعس و دامەزراوە کارگێڕییەکانی، عێراقییەکان خەونیان بە هێنانە ئارای سیستەمێکی هاوشێوەی سیستەمە ئەورپییەکانەوە دەبینی، ئەمەریکییەکانیش کە دوای نەمانی هەردوو پرۆژەکەی بەریتانیاو فەرەنسا خۆیان دامەزرێنەری دووەمی عێراق بوون، بەڵام ئەو ڕووداوانەی دوای ڕووخانی ڕژێمەکە ڕوویاندا، سەلماندیان سەرکەوتنی پرۆژەکە تەنیا بە خاوەن پرۆژەکەوە پەیوەست نییە، لەبەر ئەوەی دامەزرێنەران تەنیا جێبەجێکاری میکانیزمی دامەزراندنەکەن، بە واتایەکی دیکە وەستا بەرپرس نییە لە جۆری کەرەستەی دروستکردنەوەو پێکهاتەکانی بیناکە، ڕەنگە بەشێک بەرپرسیارێتی بکەوێتە ئەستۆی دامەزرێنەر، بەڵام پشکی گەورەی بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی شێوەو جۆری ئەو کەرستانەی لە دروستکردنی بیناکە بەکارهاتوون.

گەر چاوێک بە کارتێکردنی زەمەن بخشێنینەوە، دەردەکەوێت گەل و پێکهاتەکانی عێراق سەرەڕای تێپەڕبوونی هەشت دەیە بەسەر دامەزراندنی یەکەمی، کە چەندەها دەسەڵات و ڕژێمی سیاسی جیاوازی بە خۆوە بینیوە لەگەڵ قۆناغی دووەم بەراوردی بکەین، هیچ جیاوازێکی جۆری یا گرنگ لە نێوان هەردوو قۆناغەکە بەدی ناکرێت، مەگەر جیاوازیی ناونیشان و دروشم و سیماکان لێ دەرچێت، ئەگینا لە ئەسڵدا خاوەنی هەمان شێوازو ڕەفتارو مامەڵەی جارانە، ئەمەش دەبڕی ئەو ڕاستییەیە کە هەردوو پێکهاتەنەکەی دوور لە چارەسەرکردنی کرۆکی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتەکانی هاتوونەتە ئارا، کە ئەویش خۆی لە سروشتی سۆز و ئینتیمای پێکهاتە مرۆییەکانی چرکردۆتەوە لەو وڵاتە کە خۆی لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی بە تایبەتیش مەزهەبییەکان دەبینێتەوە، لە دروستکردنی چەمکی هاووڵاتی بوون و پەیوەندییە نیشتیمانییەکان شکستیان هێنا.

چینی حوکمڕان بەدرێژایی هەشتا ساڵ لە دروستکردنی یەکەمییەوە نەیانتوانی قەناعەت بە شیعەکان بهێنن کە ئەمە دوا هەڵبژاردەیانە، هەروەها چینی دەسەڵاتی شیعەکانیش لە دامەزراندنی دووەمیدا نەیان توانی قەناعەت بە کورد و سوننەکان بهێنن کە ئەمە دواین بژاردەی ئەوانە ڕەوشی کوردستانیش بەهەمان شێوە، کە لە هەردوو دروستکردنەکەیدا، سەرەڕای هەوڵی زۆری حوکمرانە سوونnەو شیعەکان بۆ جوانی کردنی سیمای سیستەمی سیاسیان لەو پێناوەش بەشداربیان بە هەندێ کورد لەدەسەڵات وەک نوێنەر کرد، بەڵام کوردەکان سوورن لەسەرئازدی و سەربەخۆییان، ئاکامەکەی وەک ئەمڕۆ دەبینین و هاووڵاتیانیش هەستی پێ دەکەن ڕەوشی عێراق، "هەرێمی کوردستانی لێدەرچێت کە خاوەن سەربەخۆییەکی ڕێژەییە، کە هەر ئەمەشە هۆکاری گەشەسەندن و پێشکەوتنی، وایکردووە هەرێمی کوردستان جیاوازییەکی زۆرو بەرچاوی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی دەوڵەتی عێراقەوە هەبێت" لە خراپییەوە بەرەو خراپتر دەڕوات.

هەرچەندە هەموو چینە سیاسییە حوکمڕانەکانی عێراق دانیان بە بەسەرکەوتنی هەرێمی کوردستان و پێشوەچوونی ناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوورن لەسەر گەڕاندنەوەی سیستەمی شمولیی و مەرکەزییەت بۆ عێراق، کە سەرەتای ئەم ویستەیان بۆ سەردەمی دروستکردنی یەکەمی دەگەڕێتەوە. هەروەها سەرەڕای ئەوەی لە دروستکردنی دووەمیدا لە دەستووردا سیستەمی شمولییەت و مەرکەی لابراوەو سیستەمی فیدرالی شوێنی گرتۆتەوە، بەڵام هەرێمی کوردستان لەلایەن نەژادپەرست و مەزهەبییە شمولی خوازەکان ڕووبەڕووی شەڕێکی سەختی هەمەلایەنە بۆتەوە، لەم شەڕەشیاندا هەمان ئەو کەرەستەو ئامرازانە بەکاردێنن کە بووە مایەی شکستهێنانی دەوڵەتێک، لەماوەی هەشتا ساڵی تەمەنیدا سیستەمی شمولیەتی پەپڕەو دەکرد.

پوختە مەبەستەکە لەوەدایە، ئەوەی ئەمڕۆ بەدی دەکەین و دەگوزەرێت، جەخت لەوە دەکاتەوە یا دەیسەلمێنی پاش فیدرالی و کۆنفیدرالی هیچ بژاردەیەکی دیکە بە دی ناکرێت جگە لەگەڕانەوە بۆ شمولییەت نەبێت، ئەمەش بە واتای گەڕانەوەیە بەرەو سەرەتای پەرتەوازەبوون و سەرلەنوێ گەڕانەوە بەرەو دەوڵەتۆکەکانی ئەندەلووس.

و: خالید گەردی

شاندێکی حکوومەتی هەرێم سەردانی باڵەکایەتی دەکەن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و کەموکوڕییەکان



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو کەموکوڕیەکانیان لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە دوێنێ تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگاری هەولێر سەردانی دەفەری باڵەکایەتی کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەو کەموکوڕیەکانیان بێت لەوێش لەلایەن قایمقامی چۆمان باس لە کەموکوڕیەکان کرا لە ڕووی کەمی خزمەتگوزاری و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە: پێشتر لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و وەبەرهێنان چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریمان ئەنجامداوە بۆ ئەو دەفەرە و کارو پرۆژەی زیاتریشیان بۆ ئەنجام بدرێ، بەڵام قەیرانی دارایی هەموو پرۆژەکانی پەک خست و ڕایگرت ئەگینا کارو پرۆژەی زیاتریان بۆ ئەنجام دەدراو ئێستاش ئەو کارو پرۆژانەی کە دەرخستەیان ئامادەیە پێویستە تاوتوو بکرێن تا ئێمەش کاری لەسەر بکەین و بەرزی بکەینەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر بدرێت.

دواتر ئامانژەی بەوەداو گوتی: ئەو پرۆژانەی کە زۆر گرنگ و پێویستن بریتین لە ئاو و کارەبا و چاککردنی ڕێگاو بانەکان و پرۆژە تەندروستیەکان تا دوو بارە دەست پێ بکەنەوە و یەکێکیش لەو پرۆژانە گرنگانەی کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەست بە دروستکردنی کراوە بریتییە لە ڕێگای جووت سایدی چۆمان- حاجی ئۆمەران کە لەبەر هۆکاری قەیرانی دارایی وەستابوو ئێستا واخەریکە دەست پێ دەکاتەوە بە ئومێدین کە وەزارەتی دارایی ئەو بودجەیەی کە پێشتر بۆی دەستەبەر کرابوو بیخاتەوە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە گرنگە دووبارە دەست پێ بکاتەوە لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی ستراتیژی گرنگی بازرگانی و نێو دەوڵەتییە و چەندین پرۆژەی دیکەی خزمەتگوزاری وەک ئاوی خواردنەوە نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانیش زۆر گرنگە کەدەست پێ بکەنەوە کاری زیاتریش شایستەی ئەو دەفەرەیە کەبڕیان ئەنجام بدرێت. ئومێدەوارین ئەو کارو پرۆژانە لەسەر دەستی حکومەتی تازەی هەرێم بۆ ئەو دەفەرە ئەنجام بدرێت.

پرۆژێ ئاڤا باژێرێن دهۆک و سێمێلێ و دەروبەران وەکو جاران کەتە دخزمەتا وەلاتییان دا



ڕۆژا 18/ 8/2019 دکونگرەکێ ڕۆژنامەڤانیدا بەهەزاد عەلی ئادەم پارێزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت ب ئامادەبوونا ڕێڤەبەرێن ئاڤا دهۆکێ و ڕێڤەبەرێ ئاڤا دەوروبەران و هاریکارێ ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ و ڕێڤەبەرێ پرۆژێ ئاڤا خراب دێمێ مزگینیا دورستبوونا پرۆژێ ئاڤا باژێرێن دهۆک وسێمێلێ و دەروبەران ڕاگەهاند.

پارێزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت دیارکر کو پشتی هەول وبزافێن بەردەوام یێن تیمێن کاری ل سەر پرۆژێ ئاڤێ ل خراب دێمی شڤێدی پرۆژە وەکو جاران کەتە کاری و وەکو جاران ئاڤ بو تاخێن باژێرێن دهۆک و سێمێل و دەروبەران هاتە پالدان و ب قەبارێ خو یێ دورست کو ئەوژی (8000)م سێ جارکینە دەدەمژمێرەکێ دا و بڤێ هەلکەفتێ دهۆک و سێمێلێ و دەروبەران کر کو شیاینە ل روژێن بوری خوراگرن ژبەر کێمبوونا ئاڤێ .

هەروەسا دەست خوشی ل تیمێن کاری کر و سوپاسیا دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ ژی کر کو ب ڕەنگەکێ پیشەیی ئاریشا ئاڤێ بەرچاڤ دکر و تەکەزکر کو هەموو پێرابوونێن تەکنیکی هاتینە وەرگرتن کو جارەکا دن پرۆژە ژکارنەکڤیت.

پاش هاریکارێ ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا دهۆکێ دیارکر کو ل دوڤ ئەو پێداچونێن دەزگەهێن ساخلەمیێ کرین ل سەر ئاریشا ئاڤێ ژرویێ تەندورستیڤە هیچ ئاریشێن زیانبەخش ل چ جهەکی بو وەلاتیان پەیدانەبوینە و چ حالەت نەهاتینە تومارکرن.

پاش ئەندازیار جەلال جەمیل ڕێڤەبەرێ ئاڤا دهۆکێ گوت: ئەم داخازا لێبوریێ ژوەلاتییان دکەین کو ل روژێن بوری ئاریشا کێم ئاڤێن پەیداببو ژبەر هوکارەکێ سروشتی یێ دور ژدەستێ مە ئەوژی پەیدابوونا ڕێژەکا مەزن یا کەڤزێ بو ل سەر ژێدەرێ سەرەکی یێ ئاڤێ ل روبارێ دجلە و ئەڤە چەند روژ بوون کارگێریا پارێزگەهێ و تیمێن مە پێڤە دموژیلبوون ودوهی ب شەڤ ئەڤ ئاریشە هاتە چارەسەرکرن و مە شیا وەکو جاران پروژەی بێخینە کاری وب قەبارێ (8000) مترێن سێ جارکی ددەم ژمێرەکێ دا ئاڤێ بو دهۆک و سێمێل و دەروبەران پالدەت.

عەلی حوسێن لەگەڵ سەرکونسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبۆوە




دوێنێ، عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە ئاغای نەسروڵلا ڕەشنودی سەرکونسلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا، کە عەبدوڵلا ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی لە فەرمانگەی پەیوەندییەکان بۆ پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادەبوو، وێرایی بەخێرهێنان بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پیرۆزبایی لە سەرکونسلی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد بەبۆنەی دەست بەکاربوونی وەک سەرکونسل لە شاری هەولێر و پاشان هاوکات بە پەیوەندیی مێژوویی خەڵکی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئیران لە ڕووی سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی کرد، پاشان سەرکونسلی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆشحاڵی خۆی بەم سەردان و دیدارە دەربڕی و تەئکیدی لەوەماهەنگی پەیوەندی نێوان هەردوولا کەهەمیشە هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ کاری هاوبەش و خزمەت کردن بە بەرژەوەندییە بالاکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان، هەر لەو دیدارەدا سەرکونسلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی پارتی دێموکراتی کوردستان کرد بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندن و جەژنی قوربان، پاشان هەردوولا ڕەوشی سیاسی و پێشهات و ڕوداوەکانی ناوچەکە بەگشتی و پێکهێنانی کابینەی نوێ حکومەتی کوردستان و بەشداری لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەکان لەم بارەیەوە تیشکی خرایە سەر، هاوکات باس لە پەیوەندییەکانی هەولێرو بەغدا و هەولەکان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی گرفتەکانی بەردەم هەموو ئەم پەیوەندیانە بەگشتی تیشکی خرایەسەر.

لەو بارەیەوە سەرکونسلی ئێران تەئکیدی کردەوە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان و عێراق جێگای بایەخی ئێمەیە و جەختی کردەوە هەموو هەولەکانیان دەخەنە گەڕ بۆ چارەسەر کردنی کێشە یاسایی و دەستوریەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق.

لە کۆتایی دیدارەکەدا هەردوولا تەئکیدیان لە پەیوەندی گەلی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران و خوازیاری هەماهەنگی زیاتر و لە هەموو ئاستەکاندا کرایەوە.

هونەرمەندێکی شاری کەرکووک کۆچی دوایی کرد



خەبات ـ ئارام شێرکۆ: هونەرمەند و مەقام بێژی بەناوبانگی شاری کەرکووک مامۆستا میقداد مەحەمەد لە تەمەنی 80ساڵیدا کۆچی دوای کرد . کە بەدرێژایی تەمەنی خزمەتی هونەر و مەقاماتی کورد کردووە لە شارەکە و یەکێکش بوو لە دامەزرێنەرانی ناوەندی عەلی مەردان بۆ مەقام لە پاش پرۆسەی ئازادی. هونەرمەند میقداد محەمەد عومەر لە دایک بووی ساڵی 1939ی شاری کەرکوکە ، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خزمەتێکی بەرچاوی هەیە لە بواری مەقامەتی کوردی، هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە لە تەکیەی تالەبانی وەکو خوێندکارێک دەستی بە خوێندنی مەقام کردووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ناوەندی عەلی مەردان بۆ مەقام و بۆ یەکەمجاریش مەقامی کوردییان بردە قاهیرە لەخانەی ئۆپێرای میسری بەشداریان پێکرد.

هونەرمەند شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لە مەقاماتی کوردی و تورکمانی و عەرەبی و دەیتوانی بە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی خزمەتی مەقامات بکات .

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو فاتیمە ئیبراهیم حوێز، لە دڵەوە زۆر سوپاسی هەموو ئەو خزم و کەس و دۆستانەمان دەکەین لە کاتی نەخۆش کەوتنی خوالێخۆشبوو، تا کۆچکردنی دایکی خۆشەویستمان، بەسەریان کردینەوە و بەشداربوون لەڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و پرسەی کۆچکردوو و بە نامە و تەلەفۆن، هاوخەمی خۆیان نیشاندا و لە شار و شارۆچکەکانەوە ئەزیەتیان کێشا و بەشداربوون لە پرسەکەمان و ئێمەیان لەبیربوو و لە خەمەکانیان کەم کردینەوە. هەروەها زۆر سوپاسی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف، محەمەد خورشید بەڕێوەبەری لقی سێ و بلند ئیسماعیل بەڕێوەبەری لقی 16 و هیوا ئەحمەد بەڕێوەبەری لقی 24 و کارگێڕ و ئەندامانی هەر سێ لق و کەیفی عەزیز بەڕێوەبەری جولانەوەی ئاسایشی هەولێر، بەڕێوەبەر و ئەندامانی ناوچەکانی بنەسلاوە، ئاشتی، ئالای پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاکۆ محەمەد بەڕێوەبەری کەنالی ڕووداو و بەڕێوەبەر و کارمەندانی دیوانی چاودێری دارایی، کەنالی ئاسمانی ڕووداو، ڕۆژنامەی خەبات، کەنالی قەڵات، دەزگای مین، ڕادیۆی زاگرۆس، کۆلیژی پزیشکی ددان، کۆلیژی کشتوکاڵ، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا، تاپۆی دهشتی هەولێر، مامۆستایانی ئایینی و مامۆستایانی قوتابخانەکانی بنەسلاوە و ریش سپی وکەسایەتییەکانی عەشیرەتی خۆشناوەتی و سەرجەم عەشیرەتەکانی تر و بەڕێوەبەرایەتی حکومی و حیزبی و بەڕێوەبەرایەتی سەربازییەکان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و فەرمانبەران و کادیرانی هەموو دەستە و دام و دەزگا و یەکە ئیداری و حزبیەکان و گشت جەماوەری شار و شارۆچکەکانی کوردستان وخزمان و خۆشەویستانمان دەکەین، خوای گەورە ڕۆحی کۆچکردوو بە بەهەشت شاد بکات و پاداشتی بەخێری هەموو لایەک بداتەوە و دووبارە سوپاس بۆ ماندووبوونتان.

إنا لله و إنا إليه راجعون

محەمەد عەلی حاجی ڕەسول کاموسەکی

بەڕێوەبەری لقی 24ی سەفین:
دروستبوونی پارتی ئیرادەی بە گەلی کورد بەخشی

دوێنێ دووشەمە ڕێکەوتی 19ئابی 2019 لە بارەگای لقی 24ی سەفین، بە ئامادەبوونی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی، بەڕێوەبەری ناوچەکانی سنووری لق و کادیرانی لق و ڕێکخراوەکانی قوابیان و لاوان و ئافرەتان، ئاهەنگێکی میوزیک و گۆرانی بەبۆنەی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەدایک بوونی سەرۆک بارزانی، کەلەلایەن مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لق بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئاهەنگەکە بەچەند ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و سەروەریان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد.

دواتر لەوتەیەکدا بەڕێوەبەری لقی 24ی سەفین هیوا ئەحمەد مستەفا بەخێر هاتنی ئامادەبووانی کرد و ساڵیادی دامەزراندنی پارتی و لەدایک بوونی سەرۆک بارزانی لێ پیرۆزکردن و سڵاوی نارد بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدان.

لەبەشێکی تری وتارەکەی بەڕێوەبەری لقی 24، تیشکی خستەسەر زەرورەتی دامەزراندی پارتی لەقۆناغە جیاجیاکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا ڕایگەیاند:

پارتی سەرمەشقی خەباتە لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی ڕوای گەلی کورد و پێشەنگە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە دەستەبەرکردنی مافەکانیان و کە هیچیان کەمتر نییە لە هەر گەلێکی تری سەر ڕووی زەوەمین، خاوەنی دڕێژترین شۆڕشە کەشۆڕشی مەزنی ئەیلولە و بەرهەمی ئەو شۆڕشە بوو کە ڕێکەوتنامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 واژۆکراو و بۆ یەکەمجار مافی ئۆتۆنۆمی بەکورد درا کەئەمە بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانن هەژمار دەکرێ.

هەر لەدرێژەی وتارەکەیدا هیوا ئەحمەد مستەفا وتی:

ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتوون پشکی شێری بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە و پارتی لە خەباتی شاخ و شاردا پێشەنگ بووە لەقوربانیدان و گەیاندنی میللەتەکەی بە کەناری ئارام و سەربەخۆیی کوردستان و بەکردەنیش هەنگاوی بۆی نا و بەسەرکردایەتی سەرۆک بارزانی بوو ڕیفراندۆم ئەنجام دراو 93% کوردستانیان دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا کە تا کوردێک ماوە شانازی بەم ڕۆژە دەکات.

دواتر کۆمەڵێک هونەرمەندی بەهرەمەندی شاری شەقلاوە بەسروود و گۆرانی و مۆسیقا ئاهەنگی 16ی ئابیان ڕازاندەو.

بەڕێوەبەری لقی 9 پێشوازیا لایەنێن سیاسی و سەروکێ ئەبرەشەیا ئاکرێ و زێبار کر



لدرێژەدانا ب سەرەدانا تەخ و تویژێن جودا جودا یێن دەڤەرا ئاکرێ و بەردەرەش و دەوروبەر و لایەنێن سیاسی و مامۆستایێن ئایینی بو بارەگایێ لقێ 9و بۆ مەبەستا پیرۆزباهیکرن ب هەلکەفتا جەژنا قوربانی و 73مین سالیادا دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستان ، سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9و کارگێڕو ئەندام و کادرێن لقێ پێشوازیا بەرپرس ونوێنەرێن لایەنێن سیاسی یێن کوردستانێ ل دەڤەرێ ئێکەتیا نیشتیمانی یا کوردستانێ و حزبا سوشیالیستا دیموکراتا کوردستانێ و یەکگرتوویا ئیسلامی یا کوردستانێ و قەشە فەرید کینە سەروکێ ئەبرەشەیا ئاکرێ و زێبار کرن و دروینشتنەکێ دا شاندێن ناڤبری پیرۆزباهییێن خو ئاراستەیی بەرپرسێ لقێ 9 و تەڤایا ئەندام و کادرو لایەنگیرێن پارتی دیموکراتی کوردستان کرن و دروینشتنێن جودا جودادا هەردوو ئالیان هیڤی خواستن کو ئەڤ یادە پتر ببنە هاندەر و پالپشت بو ڕێکخستنا ناڤمالا کوردی و ئێک هەلویستیا نەتەوی و نیشتیمانی و هەمی بهەڤرا هاندەرو پشتەڤان بێن بو سەرکەفتنا کابینەیا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بو پتر خزمەتکرنا کوردو کوردستانیان و خویا ژی کرن کو کوردستان وەلاتێ پێکڤە ژیانا ئولی و نەتەوی یە.



بەشەو (بەیانی باش) لە خانمە میدیاکارێک دەکرێت

سەیروسەمەرەی کۆمێنتی فەیسبووک لە بەدواداچوونێکی وردی رۆژنامەی خەبات دا





بەدواداچوون: سەردار حوسێن

نهێنی تەکنۆلۆژیای سەردەم لە خێرایی بلاوبوونەوەیەتی، لەنێو سەرجەم ئەو کەس و کۆمەڵگە مرۆییانەی دەستیان دەگاتە داهێنانە نوێیەکان، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هاوشێوەی پەیدابوونی مۆبایل خێراترین بلاوبوونەوەی بەخۆیەوە بینییوە لەئێستایشدا لە تەمەنێکی گەنج دایەو هێشتایش بڕەوی زیاتری پێدەدرێت . لەم بەدواداچوونەدا کە نزیکەی 50 رۆژی خایاندووەو چاودێری چەندین پەیج و ئەکاونتی جیاجیای تیادا کراوە، هەوڵ دەدەین چەند داتا و راپرسییەکی دروست و مەیدانی لەنێو بەکارهێنەرانی فەیسبووک بخەینەڕوو:

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی رۆژنامەی خەبات، بوونی پەیج و ئەکاونتی ساختە یەکێکە لە گرفتە هەرە گەورەکانی بەردەم بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بۆیەش نیگەرانی زۆر و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و تا رادەیەک سیاسیشی لێکەوتۆتەوە، بەڵام ئەوەی زۆرتر لەم راپۆرتەدا بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، کۆمێنتنووسین و لایککردنی ئەو بڵاوکراوانەیە، کە خاوەنی چەند ئەکاونت و پەیجێکی وەک سامپڵ وەرگیراون، وێڕای راپرسییەکی مەیدانی.

بۆ وەرگرتنی راپرسییەکی مەیدانی لەبارەی هۆکاری لایک کردن و نووسینی کۆمێنت لەسەر وێنە و پۆستی فەیسبووک، وەک سامپڵ پۆستێکی ئەدەبی و وێنەی خاوەنی ئەکاونتەکە بڵاو دەکەینەوە، دوای 48 لایکەکەت بۆ پۆستەکەیە یاخود بۆ وێنەکە؟ لەم ژمارەیەدا 125وەڵامان بۆ هاتۆتەوە، لەنێویاندا 77 کەس دەڵێن "لایکی وێنەکەمان کردووە"، 49 کەسیش دەڵێن "پۆستەکەمان بەدڵ بووە"، 20کەسیش وەڵامی نامەکەیان نەداوەتەوە.

راپرسییەکی دیکە لە هەمان ئەکاونت دادەنێین و ناوەرۆکەکەی قسەکردنە لەسەر پرسێکی خزمەتگوزاری و دەنووسین : لە بارودۆخی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان رازیت؟ دوای 48 کاتژمێر چێکی پۆستەکە دەکەین و دواتر لایدەدەین، 279کەس بەشداریان کردووە کە بەمشێوەیە: 98 کەس لایکی کردووە، شەش کەش نیشانەی دڵی جێهێشتووە وەک ئەوەی ڕەوشی نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان و 35کەسیش سەرسوڕمانی خۆیان بە دانانی نیشانەی (واااو) خستۆتەڕوو. هاوکات 58 کەس کۆمێنتیان نووسیووەو جگە لە دوو کەس کە پێیانوایە خراپیی ڕەوشی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان دەکەوێتە ئەستۆی نەخۆش و کەسوکاری نەخۆش شانبەشانی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی، 56کەسیش نووسیوویانە: نەخێر، لە بارودۆخی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان رازی نین.

بەبێ ناوهێنان دەچینە سەر (پەیج) لاپەڕەی فەرمی کچە میدیاکارێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، شەش کەس نیشانەی دڵی جێهێشتووە وەک ئەوەی نووسیووە 201کەس وەڵامیان داوەتەوە: بەیانی خۆت باشتر، کە هەندێکیان دوای نوێژی شێوانیش بەیانی باشیان لەو خانمە میدیاکارە کردووەو 271کۆمێنتەکەی دیکە قسەی نەشیاو و هەندێکیان ئامۆژگاریان کردووە (بگەڕێتەوە) بەبێ ئەوەی بۆی ڕوونبکەنەوە بگەڕێتەوە بۆ کوێ..؟! هاوکات لەنێو کۆمێنتەکاندا داوای هاوسەرگیریش هەیە، بەڵام ماڕەیی پێشەکییان دیاری نەکردووە.! (زۆر جوانە خاتوونی بەڕێز)یش پشکی شێری لەو کۆمێنتانە بەرکەوتووەو تەنانەت لەنێو ئەو کەسانەی کۆمێنتیان نووسیووە دوو کەس ژمارە تەلەفۆنی خۆیان جێهێشتووە، یوتوب داناوەو ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی لەگەڵ لینکەکە بڵاوکردۆتەوە، وەک ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی ناوەرۆکی وتارەکەی، بەپێی ئەو 1432کەسەی لایکی پۆستەکەیان کردووە، دەبێ بینەرێکی زۆری وتارەکەی هەبووبێت، بەڵام ڕاستییەکەی لە کۆمێنتەکاندا باشتر دەردەکەوێ، چوار ڕۆژ بەسەر کاتی دانانی پۆستەکەی ئەو مامۆستا ئایینییەدا تێپەڕیووە، 251کەس کۆمێنتیان نووسیووە، لەنێو ئەو کەسانەدا 27کۆمێنت ڕۆژ بەسەر دانانی دواییەن وێنەی کچە میدیاکارەکە تێپەڕیووە، کە وێنەکە تەنیا (بەیانیتان باش)ێکی لەگەڵ بەو ئومێدەی ئەو خانمە میدیاکارە دەرفەتی هەبێت و دەست لە هەموو ئیشوکارێکی خۆی هەڵبگرێت و پەیوەندییان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لەدوایین پۆستیدا کە وێنەی خانمە هونەرمەندەکە لە کاتی وێنەگرتنی کلیپێکدا هەیە لەگەڵ (ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە.. ئێستا بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە) کە بەیتە شیعرێکی ناسراوی مامۆستا هێمن موکریانییەو بە ڕێنووسێکی پڕ لە هەڵە نووسراوەتەوەو ناوی شاعیرەکەیش دانراوە، 2038 کەس لایک و دڵ و نیشانەی سەرسوڕمان و کەمێکیشیان نیشانەی تووڕەبوونیان بۆ داناوە، 743 کەس کۆمێنتیان بەجێهێشتووە، وێڕای ئەوەی زۆرینەیان سەرسوڕمانی خۆیان بەجوانییەکەی و هەندێکیان بەدەنگ و ئاوازەکەی دەربڕیووە، هیچێک لەوانەی کۆمێنتیان نووسیووە نەپرژاونەتە سەر بەیتە شیعرەکەو بەلایدا نەچوونە، هەروەهاش لەو ژمارەیەدا کەسانێک جنێو و قسەی ناشیاویان کردووە، ئەوەی زۆرتر بۆ ئێمە جێگەی هەڵوەستەکردن بوو یەکێک لەو ئەکاونتانەی خاوەنەکەی بەناو وێنە و پرۆفایلی تەواوی خۆیەوە، بۆ ئەو خانمە نووسیووە: (ناماەدم 20گەڵ بەم تەنیا 5دەقیقە لە کافتریایەک لەگەڵت دابنیشم)، ئێمە سەیری پرۆفایلی خاوەنی ئەو ئەکاونتە دەکەین، لەدایکبووی 1956ەو سەروریشی بۆیە کردۆتەوەو هاوسەرداوە و خاوەنی نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی زەویوزارە، دەیان وێنەی لەنێو نووسینگەکەی و لەگەڵ هاوڕێ و مندااڵەکانی لەکاتی گەشت و سەیران پۆست کردووە، بەڵام هیچ وێنەیەکی خۆی و هاوسەرەکەی لە ئەکاونتەکەی دانەناوە.!

کۆمێنت داناوەو 9کەس لە کۆمێنتەکانیان گفتوگۆی جدییان لەسەر پێشنیارەکە کردووەو 7کەسیش کۆمێنتی جیاواز و لابەلایان نووسیووە.


بەردەوام دەبین لە چاودێریکردن و سەیری پۆستی کەسێک دەکەین، کە لە ڕێگەی ئەکاونتەکەی خۆی داوای دوعا و نزا بۆ باوکی دەکات و وێنەیەکی باوکیشی لەنێو نەخۆشخانە لەگەڵ داواکارییەکەی هاوپێچ کردووە، لە کۆی 2651 هاوڕێتی ئەو کەسە و لە ماوەی دوو ڕۆژدا 388کەس کۆمێنتیان نووسیووە و (خوا شیفای بدات) قسەی زۆرینەی ئەوانەیە کە نزایان بۆ نەخۆشەکە کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەکۆی پۆستەکەیان بینیووە 17کەس نیشانەی دڵیان جێهێشتووە وەک ئەوەی بەدڵیان بووبێت، کە باوکی ئەو کەسە نەخۆش کەوتووەو دوو کەسیش لە کۆمێنتدا نزای لێخۆشبوونیان بۆ نەخۆشەکە کردووە وەک ئەوەی بزانن نەخۆشەکە دەمرێت.!

سێرجی ناوی کچە هونەرمەندێکی کورد دەکەین، بە ڕێنووسی کوردی و لاتینی 13ئەکاونت بە ناو و وێنەی ئەو کچە هونەرمەندە دەدۆزینەوە، کە هیچیان جێگەی متمانە نین و زۆرتر ئەگەری ئەوە هەیە ئەکاونتی ساختەبن و ڕەنگە ئەو خانمە هونەرمەندە هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نەبێت، ئێمە بۆ دڵنەمەندکردنی بەدواداچوونەکەو بەناچارییەوە یەکێک لەو ئەکاونتانە وەردەگرین کە 5000فرێندی تەواوی هەیەو نزیک بە شەش مانگە هیچ پۆستێکی نوێی

ئامادەیە 2000 دۆلار بدات بۆ پێنج خوولەک دانیشتن لەگەڵ خانمە هونەرمەندێک..!

لایکی چی دەکەیت و کۆمێنت بۆچی دەنووسیت..؟!






پشتگیری، جنێودان، داوای هاوسەرگیری، دوعا و نزا ، ژمارە تەلەفۆن، لە کۆمێنت دادەندرێت

کاتژمێر، 146لایک و 58 کۆمێنت لەسەر ئەو پۆستە دەبینین، ئێمە نامەیەکمان بۆ هەموو لایکوانەکان نارد و پرسیاری ئەوەمان کرد: بڵێیت زۆر بەدڵیان بووبێت، 79کەس نیشانەی تووڕەبوون و 61کەسیش نیشانەی خەمباریان داناوە، کە بەواتای دڵگرانبوون دێت لە پۆستکراوە، 1389کەس لایک و دڵ و نیشانەی سەرسوڕمانیان بۆ وێنە و پۆستەکە جێهێشتووە، لەکۆی 472کەس کە کۆمێنتیان پێوە بکات.!

لاپەڕەی (پەیج) فەرمی مامۆستایەکی ئایینی ناسراو سەیر دەکەین، لینکی وتارێکی خۆی لە سایتی



ژینان هارون

کوردستان و ئێزدی ژێک ناهێنە جوداکرن

چەندین پەیڤێن خۆش و سەرەنجراکێش ژ لایێ سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ رێزدار نێچیرڤان بارزانی ڤە هاتنە ئاراستەکرن بۆ کوردێن ئێزدی ل سالڤەگەرا پێنجێ یا جینۆسایدکرنا ئێزدیان دا، کو ل باژێرێ دهۆکێ هاتە برێڤەبرن، گۆت کو کوردستان و ئێزدی ژێک ناهێنە جوداکرن و ئەو د خەم و کۆڤان و ژانێن ئێزدیا دگەهن. پەیامەکا پر بهابوو بۆ وان لایەنێن هاندانێ دکەن کو کوردێن ئێزدی ژ کورد و کوردستانێ دوورێخن و ئاگرێ فتنێ بهێتە چاندن، بەلێ ئەڤ پەیامە یا رۆهن و ئاشکرابوو کو سەمیان خودێ ڤی گەلێ مەزلۆم هەیە، و سۆز داینە وان د گەل وان دابێت هەتا دوومااهیێ زێدەباری دۆپاتکرنێ ل سەر وێ یەکێ کو ئێزدیاتی و لالش و شنگال و شەرفەدین، ل کوردستانێ ناهێنە جوداکرن. چنکو ب راستی ئەو کارەساتا هاتیە سەرێ برایێن ئێزدی مینا جەنابێ وی کەرمکری کو هیچ کەسەکی باوەر نەدکر دێ د سەدسالّییا بیست و ئێکێ دا تاوانەکا هندە دڕندە و نەمرۆڤایەتی ب ڤی رەنگی ببینیت. کارەساتەکا نەچاڤەرێکری بوو، کیانێ هەمیان هەژاند، جەنابێ وی ب وێ پیرۆزیێ و پایەبەرزیێ ڤە گۆت ئەم خوە لبەر گیانێ پاقژێ جانگۆریێن کۆمکوژیا ئێزدیان دچەمینین. و ئەو چ جاران ژبیرا وان ناچن، هەتاهەتا دێ مینن پشکەک ژ بیردانکا نیشتمانیا هەڤپشک یا هەموو گەلێ کوردستانێ .تەکەزیا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ل سەر موکمیا گەهێن پێکڤەژیانێ ل سەر ئێزدیان، ژ بۆ وێ نموونا زێندی یە یا کولتوورا پێکڤەژیانێ ل گەل پێکهاتێن دی یێن کوردستانێ ل ڤی وەلاتی، ل سەر ئاخا بابوکالێن خوە ماینە و پەسنا وێ ئێکێ دکەت کو جەنابێ وان بۆ هەتا هەتا سەربلند و سەرفراز دێ ل سەر ڤێ ئاخێ مینن.

هەر دیسا ژ وان پەیڤێن رەسەن مینا رەسانتیا ئێزدیان ئەو بوون دەمێ گۆتی کو دێ مینن و دێ لالشا نووڕانی و میرگەها شەرفەدین پارێزن، کوردستان ژی هەر دێ مینین وارێ پێکڤەژیانێ و مالا هەموو پێکهاتێن دینی و یێن نەتەوەیی د ڤی وەلاتی دا، ئەڤ پەیڤانە بوونە جهێ دلخۆشیا وان کەسوکارێن قوربانییێن ئێزدی یێن نەخۆشی و دەردەسەری دیتین، بریندێن وان سارێج بوون و هەست ب هەبوونا سەمیانەکی کرن، نەخاسمە پشتی کو میرەک بۆ هەموو ئێزدییێن جیهانێ هاتیە هەلبژارتن. و لسەر پێکڤەژیانێ جەنابێ وی قەولەکێ جوانێ ئێزدیان ئینا زمان، کو کوردستان و ئێزدی چ جاران ناهێنە ژێکجوداکرن. ئێزدی د قەولەکێ خوە دا دبێژن:

ئەم ئێزدینە
سەرنافێ سولتان ئێزینە
ب ئێل و ئەرکانێت خۆ دڕازینە..
جابێ بدەنە کوردستانێ
بلا قایم کەن ئیمانێ
شەرفەدین میرە ل دیوانێ..

ڤێ گۆتنێ ب راستی باندۆرا خوە نە ب تنێ ب سەر ئێزدیان بخوە کریە، بەلێ زۆربەیا هەڤولاتییێن کوردستانێ خۆشبوون وەسا ب زارەکێ پاک و نێزیک دەڤۆکا ئێزدیان کەرەمکر. ب خۆشحالی ڤە و ب دڕووشمێ پێکهاتنیا سەرۆکاتی و حکومەتا هەرێمێ جەنابێ وی سۆز داینە ئێزدیان کو دێ یێ هاریکار بیت و دێ هەموو پشتەڤانییێ بۆ کەت، داکو خەلکێ مەیێ ئێزدی ل وەلاتی بمینن، ل وەلاتێ خوە و ل کوردستانێ ?ل بەر سیبەرا لالشا نووڕانی و میرگەها شەرفەدین بمینن، پشترِاستی و باوەری بۆ وان ڤەگەڕیت. کۆکا ئێزدیاتییێ ل ڤی وەلاتی، ل سەر ڤێ ئاخێ یە ئێزدیاتی ل ڤێرێیە.

لە یادی 16ی ئابدا سالّڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی لە ناو رێکخستنەکانیدا کار بۆ قوڵکردنەوەی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی دەکات



مستەفا خۆشناو

گومانی تیدا نییە کەوا قەبارە وگەورەیی و بەهێزی هەر پارت و رێکخراوێکی سیاسی ئەگەرێتەوە بۆ پشت ئەستووری ئەو حزبە بە بنکە جەماوەرییەکەی و تۆکمەیی رێکخستنەکانی و چۆنیەتی کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری ئەو ئالآ و دروشم و پەیڕەو و پڕۆگرامەی کەوا ئۆرگانەکانی ئەو حزبە سیاسییە هەڵیگرتووە و بانگەشەی بۆ دەکات ، چونکە کاری رێکخستنی جەماوەر لە ناو هەر حزبێک پێوەرە بۆ گەوردیی و بەهێزی ئەو حزبە و گرتنەدەستی دەسەلآتی سیاسی بۆ ئیدارەدانی ئەو کۆمەڵگایە ، گرتنەدەستی بەرپرسیاریەتی و لێکەوتەکانی بە چاک و خراپەوە.

بۆیە لێرەدا دەتوانین رێکخستن بە بڕیڕەی پشتی هەرحزبێک و کۆڵەگەیەکی بەهێزی خۆڕاگری و سەرکەوتنەکانی ناوزەد بکەین، چونکە ئەگەر هەر حزبێک پشت ئەستور بوو بە رێکخستنێکی جەماوەری تۆکمە و رێکوپێک و بە پێی پەیڕە و پڕۆگرامێکی پوختە و سەردەمیانە بنکە جەماوەرییەکانی رێکخست و توانی قاعیدەیەکی پتەو لە جەماوەر دروست بکات و جەماوەرێکی بەر فراوان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە واتە دواڕۆژێکی پڕشنگداری بۆ خۆی مسۆگەر کردووە و لە ململانێ سیاسییەکاندا پەکی ناکەوێ و دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لە گۆڕەپانی سیاسی وڵات کێبڕکێی سیاسی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ و لە کۆتاییشدا گرەوی هەڵبژاردنەکان بباتەوە و سەرکەوتنی گەورە بۆ خۆی و جەماوەرەکەی و کۆمەڵگاکەی دەستەبەر بکات و جڵەوی دەسەلآتی سیاسی وڵات و پێشڕەوایەتی کردنی گەل بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بگرێتە دەست.

لەم روانگەشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی ئەو سیاسەتە حەکیمانەی کەوا دامەزرێنەرەکەی واتا بارزانیی نەمر دایڕشتووە و لە هەڵگرتنی دروشمە نەتەوەییەکانی ڕاستگۆ بووە لە گەڵ جەماوەرەکەی، پشکی شێری بەرکەوتووە بەوەی کەوا هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە پشت بەستن بە رێکخستنێکی جەماوەری تۆکمە و فراوان تواناییەتی جڵەوی پێشڕەوایەتی لە بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد بگرێتە دەست و بێتە خاوەنی بنکەیەکی بەرفراوانی گەورەی جەماوەری نەوەک تەنیا لە باشوری کوردستان بەڵکو لە هەموو پارچەکانی تری کوردستانیش جەماوەری تایبەت بە خۆی هەیە و خەڵک بەرەو پێی بە ئاسانی و بە ئارەزووی خۆی دێ و بە دڵنیاییەوە پشتگیری لە بڕیار و هەڵوێستەکانی دەکات و بە دڵسۆزی و بە وەفا دەمێنێتەوە.

ئازادانە باوەڕی خۆی بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان هێناوە، ئێستاشی لەگەڵدابێت رۆژبەرۆژ قاعیدەی جەماوەری پارتی فراوانتر دەبێت و جەماوەر بە گوڕتر بەرەو پیری رێکخستنەکانی پارتی دێن و ئەو بەرەو پیر هاتنەش لە ڕوانگەی پەرۆشی جەماوەرە بۆ ئەو سیاسەتە حەکیمانەی کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان پیادەی دەکات و دانایبەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ حیکمەتی دامەزرێنەری پارتی و باوکی ڕۆحیی نەتەوەییمان مستەفا بارزانیی نەمر.

ئەو کاراکتەرە بەهێزەی کەوا تاکەکان بەرەو رێکخستنی حزب رادەکێشێ بریتییە لە دروستبوونی هەزرو بیری هاوبەش لە رێکخستنەکاندا، تاکە سەرچاوەی بەیەکگەیاندنی ئەو هزر و بیرەش سیاسەت و پەیڕەو و پڕۆگرامی ئەو حزبەیە کەوا هەموو تاکەکانی ئەو حزبە بەشداری لە دابڕشتنیدا دەکەن، جا چ ڕاستەوخۆ بێت یاخود لە ڕێگای نوێنەرایەتییەوە، ئەمەشیان زۆر بە زەقی لە سیاسەتی ناوخۆی پارتی بەرچاو دەکەوێت کەوا لە هەموو کۆنگرەکان لە ڕێگای لێژنەیەکی پسپۆرو نوێنەرانی ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە نوێوە و لەسەر شێوازێکی سەردەمیانە ئەو پڕۆگرام و پەیڕەوەی ناوخۆی پارتی دادەڕێژرێتەوە کەوا هەموو مافە و ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی سەرجەم پێکهاتە و چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت و هەوڵ دەدات هزر و بیری هاوبەش لە بەرامبەر کێشە نەتەوەییە چارەنوسسازەکان لە نێوان هەموو تاکەکانی پارتی بەتایبەتی و کۆمەڵگا بە گشتی دروست بکا ، کەوا گومانی تێدانیە ئەمەشیان خاڵی نهێنی سەرکەوتنەکانی پارتییە و هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی ئەو هزرە لەبیری دامەزرێنەری پارتی و سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی هەڵقوڵاوە، چونکە بەڕێزیان بۆ کورد لە دایک بوو و هەر لە پێناو مافە رەواکانی کوردیش سەری نایەوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئامادە نەبووە سازش لەسەر مەسەلە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان بکات، تەنانەت لەسەر کێشەی کەرکووک ئامادەبوو قوربانی بە شۆرشەکەی بدات، بەڵام ئامادە نەبوو سەر بۆ داخوازییەکانی دوژمنانی کورد نەوی بکات و واز لە کوردستانییەتی کەرکووک بێنێت کەوا ئەمەشیان وێنەیەکی ئاشکرای سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی بەدەر دەخات، کەوا دڕێژەپێدەری هەمان ئەو سیاسەتەیە کەوا بارزانیی نەمر بۆ پڕۆگرامی پارتی دایڕشتووە و پارتیش بەڵێنی بە جەماوەرەکەی داوە کەوا بەردەوام بێ لەسەر ئەو سیاسەتە حەکیمانەی دامەزرێنەرەکەی و باوەڕی پتەوی بە کێشە نەتەوەییەکەی و پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل هەبێت، چونکە پارتی لەسەر ئەو ئاساسە دروست بووە و هەر لەم پێناوەشدا خەباتێکی دوورو درێژەی ئەنجامداوە و گەورەترین شۆڕشی لە بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد بەرپاکرد، ئەویش شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو، کەوا توانی پارێزگاری لە ناسنامەی کورد بکات و لە سڕینەوە بپارێزێت و توانی چۆک بە دڕندەترین رژێمی سەردەم دابدات، کەوا رژێمی بەعسی ڕووخاو بوو و بۆ یەکەمین جار لە میژووی دوور و درێژی ئەو گەلە رژێمێک ناچار بکات بە ئاشکرا دان بە مافە رەواکانی گەلەکەی دابنێت و بە فەرمی سەرکەوتنەکانی پارتییە و هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی ئەو بیرە لەبیری دامەزرێنەری پارتی و سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی هەڵقوڵاوە، چونکە بەڕێزیان بۆ کورد لە دایک بوو و هەر لە پێناو مافە رەواکانی کوردیش سەری نایەوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئامادە نەبووە سازش لەسەر مەسەلە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان بکات، تەنانەت لەسەر کێشەی کەرکووک ئامادەبوو قوربانی بە شۆرشەکەی بدات، بەڵام ئامادە نەبوو سەر بۆ داخوازییەکانی دوژمنانی کورد نەوی بکات و واز لە کوردستانییەتی کەرکووک بێنێت کەوا ئەمەشیان وێنەیەکی ئاشکرای سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی بەدەر دەخات، کەوا دڕێژەپێدەری هەمان ئەو سیاسەتەیە کەوا بارزانیی نەمر بۆ پڕۆگرامی پارتی دایڕشتووە و پارتیش بەڵێنی بە جەماوەرەکەی داوە کەوا بەردەوام بێ لەسەر ئەو سیاسەتە حەکیمانەی دامەزرێنەرەکەی و باوەڕی پتەوی بە کێشە نەتەوەییەکەی و پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل هەبێت، چونکە پارتی لەسەر ئەو ئاساسە دروست بووە و هەر لەم پێناوەشدا خەباتێکی دوورو درێژەی ئەنجامداوە و گەورەترین شۆڕشی لە بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد بەرپاکرد، ئەویش شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو، کەوا توانی پارێزگاری لە ناسنامەی کورد بکات و لە سڕینەوە بپارێزێت و توانی چۆک بە دڕندەترین رژێمی سەردەم دابدات، کەوا رژێمی بەعسی ڕووخاو بوو و بۆ یەکەمین جار لە میژووی دوور و درێژی ئەو گەلە رژێمێک ناچار بکات بە ئاشکرا دان بە مافە رەواکانی گەلەکەی دابنێت و بە فەرمی رێککەوتنی لەگەڵ مۆر بکات کەوا رێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 بوو.

ئێستاش کاروانی خەباتی پارتی لە پێشڕەوایەتی کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد بەردەوامە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێتە جێگای باوەڕی جەماوەری کوردستان و هەنگاوی گەورەتر و پیرۆزتر دەهاوێژێت بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەل و پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان بە تایبەتی لەم قۆناغە ناسکەی ئێستادا کەوا بە ڕۆژگارێکی زۆر دژوار و نزیک لە ڕۆژە ڕەشەکانی سەردەمی بەعس و دکتاتۆریەت هەنگاو دەنێن و خەون بە لەباربردنی ئەم قەوارە دەستوورییەی هەرێمی کوردستان بشێوێنن و ئەو ئەزموونەی کەوا چەند ساڵێکە بەخوێنی هەزارەها مرۆڤی کورد بەدەست هاتووە، ئەوان بە ئاسانی لە ناوی بەرن و خۆیان دکتاتۆرئاسا بێنەوە و حوکمی خۆیان بەسەر کورد فەرز بکەن کەوا ئەمەشیان لە خەونی حوشتر نەبێ لە هیچ ڕاستییەک ناچێن و تەنها پیلانی شۆڤێنیستەکان و کۆنە بەعسییەکانە بۆیە لێرەدا ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر قورسترە لە جاران و دەبێ زۆر زیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم هەنگاوە تازەیەدا بکەن و بە ژیری و لێهاتوویی خۆیان بتوانن سیستەمی حوکمرانی لەم کۆمەڵگا عیراقییە تاریک و وێرانە کەوا ئێستاش بۆنی دکتاتۆریەت و ملهوڕی لێدێت بگۆڕن بۆ سیستەمێکی دیموکراسی و سەردەمیانە کەوا جێگای هەموو نەتەوە و چین و تۆیژو ئاین و مەزهەبێک و هەموو بیروباوەڕێکی تێدا بێتە وەو مافی هەموو لایەک لەژێر سایەی داڤیەروەری کۆمەڵایەتی تێدا بێتەوە و کەس نەتوانێ مافە مەنتقی هێز وەستاوە، هەرچەندە هێزی مەنتق زۆر بێت، نەرم و بێ کاریگەرە، چونکە لەم کۆمەڵگا دواکەوتووانەدا ئەوەی بڕیار دەدات مەنتقی هێزە، ئێمە بینیمان لەسەروبەندی هێرشی تیرۆریستان بۆسەر کۆبانی چی ڕوویدا.

لەتورکیا لەمینەبری مزگەوتەکانەوە خەڵک هاندەدرا بۆ شۆڤێنییەتی کوشتاری، دواتر لە داگیرکردنی عەفرینیدا وێنە ڕوونەکەی عەقلییەتی فاشیستەکانی نێو کۆمەڵگای تورکیمان بینی، بینیمان کە چۆن هەندێک هونەرمەندان و مامۆستایانی ئایینی و خەڵکی ئاسایی شۆڤێنی بوون، تەنانەت هەندێک نووسەرە گەورەکانیشیان شۆڤێنی بوون، هانی دەوڵەتیان ئەدا بۆداگیرکاری، نموونە وەک ئۆرهان پامۆک، ئەم ڕووداوانە پێیان وتین کە عەقڵی شۆڤێنییەتی تورک لەسیستەمی حوکمڕانییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە بەکارهێنانی دین و ڕوناکبیران بۆ ڕەواییدان بەم شۆڤێنییەتە و سەرکوت کردنی ئازادی.

لەعێراق چەند ڕۆژی ڕابردوودا بینیمان کاتێک یەکێک لەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال چی بەرانبەر کرا لەلایەن سەربازێکی عێراقییەوە، ئەمە هەمان کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا دەبینین ولآتێکی ئارام و دیموکراتە، بەڵام کاتێک فایلی دەوڵەتبوون دێتە سەر شانۆی سیاسی، ڕاستەوخۆ شۆڤێنیزمی حکوومەت و کۆمەڵگا ڕووی ڕاستەقینەی ئەبینین، بینیمان چی ڕوویدا، لە کەتەلۆنیا پۆلیس و پارێزەرانی شۆڤێنییەت کەوتنە سەرشەقام و حکوومەت کەوتەگرتنی ئەو کەسانەی باسی سەربەخۆیی کەتەلۆنیایان ئەکرد. خۆئەم وڵاتە تا سنوورێکی باش دیموکراتخوازە، ڕووسیا و ئۆکرانیا وەک نموونەیەکی تر هەیە ، هەموو کۆمەڵگایەک شۆڤێنییەت وەک شانەیەکی نووستوو لەناویدا ئامادەیە ، بەڵام کات و قەیران و ناوچەی جوگرافی پێمان ئەڵێت کەی کاتی هەڵتۆقانی ئەو بڵقەیە.

شۆڤێنییەتی کۆمەڵگای تورکی، فارسی، عەرەبی

لەم ماوەیەدا چەند ڕووداوێک لەتورکیا و عێراق ڕووياندا‌وە کە تەواو شۆڤارێزی شۆڤێنییەتی هەم سیستەمی حوکمڕانیمان پێ ئەڵێت هەم نەگۆڕانی بیروهزری تاکی ئەم وڵاتانە سەبارەت بەماف و ئازادی، ئەمە دەرهاویشتەی پەروەردەیەکە کە سیستەمێکی حوکمڕانی لەپشتییەوە وەک دەستوورییەکانی ئەویتر پێشێل بکات و تەنها بەم تاکە ڕێگایەش دەتوانرێ وڵات لەم گێژاوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە رزگار بکرێت. تا ئەو کاتەی هەموو لایەک ئەگەنە ئەو قەناعەتەی کەوا تەنیا چارەسەر بۆ دەربازبوون لەم گێژاوە سیاسییەی ئەم وڵاتە تێبکەوتووە ، دڕووستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانە کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک مەسعود بارزانی هەڵگر و داڕێژەری دڕووشمەکەیەتی و پەیڤرانەڕۆیکی یاسایی و دەستوری و دیموکراسییانەی بۆ ئەنجامداوە و گەورەترین سەرکەوتنی تێدا بەدەست هێناوە کەوا جەماوەری کوردستان بە ڕێژەی 93% دەنگی بۆ داوە و ئێستا وەک بەڵگەنامەیەک و قۆچانێکی ڕەشی دەستووری و یاسایی لەبەردەستی سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان دایە و ئومێدی داهاتووی گەلی کوردستانی لە سەر هەڵچنراوە.



ئاکام مەحمود کەلاڵەیی

شۆڤێنیزمی کۆمەڵگاکان

سیستمی حوکمڕانی هەموو کۆمەڵگایەک ئەو پەروەردە کۆمەڵایەتییە دیاری دەکات کە کار لەسەر تاک و کۆمەڵگاو ئاکارەکانیان و شێوازی بیرکردنەوەیان دەکات وسنورداری دەکات. سەبارەت بە زۆرێک لەپرسەکان، هەرچەندە سەختە مرۆڤ کۆنترۆڵ بکرێت لەبەر ئەوەی ڕۆبۆت نیە تا سیستماتیک بکرێت، بەڵام لەوە تێدەگات کە کۆمەڵێک سنوور و یاسا هەن کە ڕێگە بە ئەخلاقی خودی نادات ئەنجامی بدات، ئەمەش لە ئاکاری گشتی و سیاسی و کۆمەڵگاوە فێر دەبێت، ئەگەر لە کۆمەڵگای ئەڵمانی ڕەگی شۆڤینی و داگیرکاری وەک پەروەردە، نەکرایە بەگەڕووی کۆمەڵگادا، هیتلەر نەیئەتوانی جلەوی داگیرکاری بەربدات و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە شێوەی باخچەیەکی ئاژەلان لە بوخچەی میژوودا بەجێ بهێڵێت، تا ئەمڕۆش بەترسناکی سەیری گرتە ڤیدۆییەکانی ئەکەین.

هەمیشە نووسەر و ڕوناکبیرەکان ئەوە بەگرنگ ئەزانن کە ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم نەچێتە جومگە وردەکانی کۆمەڵگاوە و تا کۆمەڵگا لە ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی و شۆڤینی بوونی بپاریزین، من پێچەوانەی ئەم بۆچونەم، پێموایە ناسیۆنالیزم وەک ئەرکە بۆمانەوە و خۆسەلماندن لەناو فەزایەکی ناوچەیی نەگۆڕ لە هزر و عەقڵدا، لەکاتێکدا ئەم کۆمەڵگایانە ئومێدی گۆڕانیان نییە بەرەو ئایندەیەک کە ئامانجدارە بەیەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان تا ئەوکاتەی بەرژەوەندیمان لەگەڵ یەکە، بەڵام کاتێک بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئازادی و ماف دێتەسەر زمان ئەوان وەک هەمیشە نەگۆڕاون و هەمان ئەو عەقڵییەتە هانیان ئەدات کە ئێمە نابێت خاوەن بڕیار و ئازادی بین. ئەمە هەنگاوی حکومەتە پێویستە ئەو هەنگاوانە بنێت بۆ ئەوەی تاک ڕابێت و فێری ئەوئاکارانە ببێت کە کاریگەری لەسەرکۆمەڵگا هەیە بۆلادان لە خۆپارێزی و کلتوور و ڕەسەنایەتی خۆپارێزی خۆی، ڕەنگە هەمیشە وڵاتانی ئەوروپا بەنموونە پێکەوەبوون و هیومانێتی بێننە بەرچاومان، ڕەنگە بڵێین سەدەی پێکەوەژیان و تێکەڵبوون و کلتوور و نەتەوە جیاوازەکانە، بەڵام ئەمەش هەڵەیە، چونکە شۆڤینییەت لەئارامی و ئازادی و بێ کێشەییدا سەختە خۆی نیشان بدات، تا ئەوکاتەی ڕووداوێک ڕووەدەدات، ڕەنگە ڕووداوەکە قەبارەی هێندە نەبێت کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و بڕیاری سیاسی لەسەر بدرێت، هەر بۆنموونە بابەتی سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلوڵ، ئەگەر ئەو ڕیفراندۆمە بە ئاشتی و بەبێ هیچ کێشەیەک تێپەڕبایە، ئەوا ئەمڕۆ ئەم بابەتە وەک ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقی لەسەر هەموو هاووڵاتیانی کوردستان دەبینرا، بەڵام کاتێک ئەو ڕیفراندۆمە بەهۆی ئەو سیاسەتە حەکیمانەی کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان پیادەی دەکات و دانایبەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ حیکمەتی دامەزرێنەری پارتی و باوکی ڕۆحیی نەتەوەییمان مستەفا بارزانیی نەمر، ئەوا

هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



5
مانپەروەر: جەواد مستەفا ستوپەیی

هەنگاو نان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان

دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی

هەر لە بنەڕەتدا دەستووری وڵاتان دەستووری هەمیشەییە نەک دەستووری کاتی، چونکە ئەمە بنەمایەکی گشتگیرە بۆهەموو دەستوورەکان. ئەرکی دەستوور بریتییە لە ڕێککخستنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتدار و ژێردەستە، کە لە ناوەڕۆکەکەیدا شێوازی سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتە سەرەکییەکان و پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات، کە ئەمە لە بەرژەوەندی تاک و دەسەڵاتدارایە.

ئێمە کە دەڵێین هەمیشەیی واتە مانای ئەوە نییە کە ئەم دەستوورە هەتا هەتاییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دەستوور لەلایەن مرۆڤەوە دادەنرێت، کەواتە لە هەمانکاتدا مانای ئەوەش نییە بێ کەموکوری دەبێت، چونکە هەر شتێک دروستکراوی دەستی مرۆڤ بێت بە درێژایی کات و لەگەڵ پێشکەوتنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵات، ئەویش پێویستی بە پێشکەوتن و هەموارکردن و گۆرین و کۆتایی پێهێنان دەبێت، بەڵام بە شێواز و ڕێوشوێنی تایبەت کە دەبێت ئەم شێواز و ڕێکارانە لە ناو خودی دەقەکانی دەستووردا دیاری بکرێت یاخود دەکرێت بە نەریتێکی دەستووری هەموار بکرێت.

بەگشتی هەتا بکرێت پێویستە دەستووری وڵات هەمیشەیی بێت، بەڵام زۆر جار لە زۆر وڵاتان لەبەر ناگونجاوی بارودۆخی سیاسی وڵات و بوونی شەر و کودەتا هەندێک وڵات بەتایبەتی لە دوای سەرکەوتنی کودەتاکان دەستوورێکی کاتی بۆخۆیان دەنووسنەوە و دەخەنە واری جێبەجێ کردنەوە تا باری نائاسایی لادەچێت و ئاشتی و ئارامی بەرپا دەبێت تا لەوکات بتوانن بە شێواز و ڕێکاری زانستییانە دەستووری هەمیشەیی بۆخۆیان دەنووسنەوە.

بۆ نموونە لە دوای لادانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق لە ساڵی 1958 تا ساڵی 2003 ئەم وڵاتە چەندین دەستووری بۆعێراق نووسییەوە کە هەموویان دەستووری کاتی و دەستووری نەرم بوون بەبێ ئەوەی هیچ ماوەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆکاتیبوونی ئەم دەستوورانە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەدرێژایی ئەم ماوەیە هەر دەسەڵاتدارێک هاتبێتە سەر دەسەڵات بە ئەنجامدانی کودەتا و شێوازی نا ئاسایی و بەکارهێنانی هێزی سەربازی بووە، واتە دوور لە هەموو بنەماکانی دیموکراتی و دەستاودەست کردنی مەدەنیانەی دەسەڵات بووە.

لە دوای سەرکەوتنی بەناو شۆرشی 14ی تەموزی ساڵی 1958 کە کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی لە عێراق هێنا و دەستوورێکی کاتییان نووسییەوە. لەم دەستوورەدا سیستەمی کۆماری جێگیر کرا، سیستەمی کۆماری لە وڵاتانی جیهاندا سەرۆک کۆمار بە هەڵبژاردن و شێوازێکی دیموکراتی دادەنرێت و ئاڵوگۆری دەسەڵات بە شێوازێکی مەدەنیانە دەبێت نەک بە ئەنجامدانی کۆدەتا. چونکە هەر ئاڵوگۆڕ کردنێکی دەسەڵات لەم وڵاتەدا کرایێت بە هۆی کودەتاوە بووە.

لە دوای هەر کودەتایەک ئەم دەستوورانەی خوارەوە بۆعێراق نووسراون: -1 دەستووری کاتی لە 27ی تەموزی 1958کە پێکدێت لە 30ماددە و بەسەر چوار بەشدا دابەش کراوە، ئەم دەستوورە لە ماوەی دوو ڕۆژدا دانراوە بە پشت بەستن بە دەستووری "میسر"ی ساڵی 1952کە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو نووسیبووی. -2 دەستووری کاتی لە 8ی شوباتی 1963کە پێکدێت لە 20ماددە و بەسەر پێنج بەشدا دابەش کراوە. -3 دەستووری کاتی لە 29ی نیسانی 1964 کە پێک دێت لە 106ماددە و بەسەر شەش بەشدا دابەش کراوە. -4سیستەمی دەستووری لە 17ی تەموزی 1968، لە دوای سەرکەوتنی کودەتاکەیان بڕیارياندا کە کار بە دەستووری ساڵی 1964 بکرێت لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێک هەموارکردن کە لە 21ی ئەیلوولی 1968 هەموار کرا، بەڵام ئەم هەموار کردنانە بنەڕەتی نەبوون و ئەم دەستوورە بووبە 95ماددە، بە پشتگوێ خستنی مافەکانی گەلی کورد. -5دەستووری کاتی 16ی تەموزی 1970 کە لە لایەن (مجلس قیادە الپورە)ەوە دەرچوو کە پێکدەهات لە 67 مادە و بەسەر پێنج بەشدا دابەش کراوە کە لەم دەستوورەدا هاتبوو کار بەم دەستوورە دەکرێت تا دەستوورێکی هەمیشەیی دەنووسرێتەوە و دەسەڵاتی هەمواڕکردنی دابوو (مجلس قیادە الثورە) ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆک کۆمار چی بیەوێت کەس ناتوانێت رایەکی جیاوازی هەبێت، کە تا ساڵی 2003 ئەم دەستورە لە عێراق پەیرەو کرا. لە هەموو ئەم دەستوورانەدا ماوەی قوناغی ڕاگواستن (فترە انتقالیە) دیار نەبوو. هەموو ئەم دەستوورانەش دەستووری نەرم بوون، واتە یاسادانەری ئاسایی دەتوانێت هەمواری بکات، بۆپشت ڕاست کردنەوەی ئەم ڕاستییە وتەیەکی سەدامی دیکتاتور بەبیر دێنمەوە کە دەڵێت یاسا وەک لاستیکە چۆن بمانەوێت ئەوها ڕایدەکێشین، کەواتە ئەم وتەیە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە دەستوورەکانی عێراق هیچ بەهایەکی دەستوورییان نەبوو، چونکە ڕای گەلی لەگەڵدا نەبوو و تەنها بیرو بۆچوونی دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەکان بوو، دەبێت یەکەم جار دەستوور گوزارشت لە ڕای خەڵک بکات.

لە ڕووی یاساییەوە پێویستە لە کاتی نووسینی هەر دەستوورێکی کاتیدا ماوەی کارپێکردنی ئەم دەستوورە دیاریکراو بێت، واتا دەبێت مێژووی قوناغی ڕاگواستن دیاریکراو بێت. کەواتە بۆ نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی پێویستە هەموو بنەماکانی پەیوەست بە دەسەڵات و شێوازی دامەزراوەکان و پەیوەندی نێوانیان دیاریکراو بێت، بە شێوەیەک کە ئەم دامەزراوانە ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەن کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی ئەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی لە وڵاتدا هەیە، کە لە بەرژەوەندیی گشتی وڵاتدا بێت، نەک تەنها لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارەکان، کە ئەمەکارێکی ئاسان نییە لە باودۆخێکی لەم شێوەیە ناجێگیر و لە ژێر زەبر و زەنگی ئەم دیکتاتۆرانەدا بتوانێت دەستە و دامەزراوەکان بە پێی گونجاوی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵات دامەزرێنن. چونکە هەر سەرۆک کۆمارێکی عێراقی لە دوای دەسەڵاتی پاشایەتی لە 1958 هاتبێتە سەر دەسەڵات ئەفسەری سەربازی بووە و بە ئەنجامدانی کودەتا هاتووە سەر دەسەڵات، خۆی سەپاندووە و گوێی نەداوەتە بیروبۆچوونی سیاسەتوان و یاساناس و نیشتمانپەروەرەکان بۆپێدانی ماف بە خاوەن ماف.

وڵاتی فەرەنسا زۆر دەستووری نووسیوە لە پاشایەتی بۆ ئیمپراتوری و لە ئیمپراتوری بۆکۆماری یان شۆڕشگێڕی، لە هەموو ئەم دەستورانەدا ویستیان هێزەکانیان لە دامەزراوەکاندا چڕ بکەنەوە کە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو بۆئەوکات هەنگاونان لەم قوناغە سەختەدا بۆدانانی دەستورێکی هەمیشەیی.

کەواتە هەرێمی کوردستانیش بە قوناغێکی ناجێگیردا تێدەپەڕێت، پێویستە هەموو هەوڵ و کۆششەکان چڕ بکرێنەوە بۆ بەدامەزراوەیی کردنی دەزگاکانی حکوومەت و هەوڵدان بۆچەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی و یەکسانی و دادپەروەری لە بواری جۆراوجۆرەکان کە هەموو سێکتەرەکانی حکوومەت بگرێتەوە لە پێناو دەستبەرکردنی گشت ماف و ئازادییەکانی تاک لەم هەرێمەدا بۆئەوەی بەرژەوەندیی گشتی وڵات لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکانیتر بێت.





پوسف هەورامی

73 ساڵ بەرخۆدان و تێکۆشان

بەدرێژایی مێژوو هەرلەسەرەتای دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەوە سەلمێنراوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتی باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر و پێشمەرگە قارەمانەکانی دژ بە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە خەباتیان کردووە و جەنگاون بۆبەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و هەرلەو پێناوەشدا هەزاران شەهید و بریندار و بێ سەر و شوێن و کەم ئەندامیان داوە جگە لەزیندەبەچاڵ و ئەنفال و... هتد

پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی چەندین ساڵەی کردووە بۆئەوەی گەلی کورد ببێتە خاوەنی مافە بنەڕەتی و نەتەوایەتییەکانی بۆ ئەوەی میللەتی کورد وەک هاوولاتییەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەعێراقدا.

لەسەرەتای دروستبوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەر لەزاخۆوە تا ئەگاتە خانەقین تەواوی خەڵکی کوردستان وەک پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یەک دەنگ و بە یەک ریز و بەیەک هێز ڕووبەڕووی ڕژێمی بەعس بوونەوە و تەواوی خاکی کوردستان سەقامگیر و ئاسایش و لەژێرسایەی ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیی نەمرهەر ئەو یەکریزی و تەباییەی سەرتاسەری کوردستان وایکرد کە ڕژێمی عێراق بیر لەوە بکاتەوە و ناچار بوو کە ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەنێوان سەدام و شای ئێران و سەرۆکی جەزائیر هەواری بومیدیەن واژۆ بکات و لەبەرامبەر بەشکست هێنانی شۆڕش بەشێکی خاکی عێراق بدات بە ئێران.

دواتر لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشی گوڵان هەرپێشمەرگە و کادیران و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون دەستیان کردەوە بەشۆڕش و بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس وەستانەوە و بەرگریبان لەخاکی پیرۆزی کوردستان کرد و لە ساڵی 1991لەڕاپەرینە مەزنەکەی کورددا توانییان تەواوی خاکی کوردستان لە بەعسییەکان پاک بکەنەوە وکۆتاییان بەڕژێمی بەعس و ڕژێمی سەدامی دیکتاتۆر هێنا و لەکۆبوونەوە جەماوەرییەکەی شاری کۆیە جەنابی سەرۆک بارزانی پێشنیاری کرد کە هەڵبژاردن بکرێت و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت.

لەساڵی 2003ز لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام بە هەوڵ و ماندووبوونی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان جەنابی سەرۆک بارزانی و لایەنەکانی تری کوردستانی و عێراق بۆدروستبوونی عێراقێکی فیدراڵ دوور لەتوندوتیژی مەزهەبی و تایفی، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ڕووید لەلایەن سەرۆک هۆزو عەشیرەت و دەسەڵاتدارانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بە شیعە و سوننەوە بەرامبەر بەکورد هەمان هەڵوێست و بیروبۆچوونی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوو، بگرە خراپتریش مامەڵەیان لەگەڵ کورد دەکرد و هاوولاتی کوردیان بەپلە دوو و سێ حساب دەکرد، هەرئەو عەقڵییەت و تێگەیشتنەی ئەوان بوو وایکرد کە جەنابی سەرۆک بارزانی بیری لەوەکردەوە کە هیچ چارەسەرێکی تر نیە بۆئەوەی لەگەڵ عێراقێکی وادا بمێنینەوە و گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی تری کوردستان کۆبوونەوەیەک بکرێت و بریاری ریفراندۆم درا بۆئەوەی ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵام بەداخەوە...

ئەوەبوو لە 16ی ئۆکتۆبەر بەهۆی ئەو خیانەتەی کە کرا ئەو ئامانجەی بۆ ریفراندوم دانرابوو نەگەیشتە ئەنجام و بووە هۆی داگیرکردنی شاری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. ئەمە لەکاتێکدا بوو بەهۆی ئەو خیانەتەوە مەبەستیان ئەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان لاوازبکەن و بە هۆیەوە کوردستانیش لاوازبێت و تەواوی کوردستان داگیربکەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەو پلانەشیان سەری نەگرت و بەهۆی ئازایەتی و خۆراگری پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان توانرا لەداستانی پردێ، سحێلا و مەحموودیە و تەلسقۆف وانەیەک بدەنە داگیرکەران و ئەوانەی لەپشتی ئەو پیلانەوە بوون بۆهەتاهەتایە خەونەکانیان لەگۆڕ نێن و پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەهێزی دەرکەوتەوە وهەرئەوەش سەلماندوویەتی کە بەدرێژایی مێژوو هەرکاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بووبێت کوردستانیش بەهێزبووە.

داهاتووی ئیسلامی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە

ئاکۆ سەباح مولود*

دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی میژوویەکی زۆر کۆنی نییە لە جیهان بەگشتی و هەروەها لەو وڵاتانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن، کە ئەمیش میژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانییەکان، ئەوەبوو چەندین گرووپی ئیسلامی دروست بوون بە نەفەسی ئەوەی دووبارە دەسەڵاتی ئیسلام بهێننەوە ناو جوومگەکانی دەوڵەتەوە کە هەندێکیان لەو هەوڵانە سەرکەوتووبوون و هەندێکیشان شکستیان هێناو بە لەناوچوونیان کۆتاییان پێهات.

ئەگەر سەیری عێراقیش بکەین ئەبینین کە ئەمیش بێبەش نەبووە لەو تەوژمە بڵاوەی کە چەندین وڵاتی تری موسڵمان نشینی گرتوەتەوە، بەتایبەتی لە ناو شیعە مەزهەبەکاندا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەمیش بە پێی لێدوانەکانی خۆیان، هەموویان خاوەنی یەک بەرنامە و ئامانجن بەڵام بە چەندین بیرو ئایدۆلۆژیای جیاواز دابەزیون، ئەمە جگە لە ڕەتکردنەوەی هەریەکێکیان بۆ ئەویتر، یان بەکارهێنانی سیاسەتێکی هەڵە و یاخود بەکارنەهێنانی دەقەکان لە کاتی خۆیدا، وەک ئەوەی کە لە میسر ڕوویدا دوای ڕووخانی دەسەڵاتی حوسنی موبارەک و هاتنە سەر حوکمی ئیخوانەکانەوە بە ڕێگایەکی شەرعی و یاسایی بەڵام کاتێکی زۆری پێویست نەبوو بۆ کۆتاییهاتن بە خۆری حوکومڕانییان، بۆیە ستراتیژیەتی ئیشکردن لە ناو ئیسلامی سیاسی زۆرجار نیگەرانی لە ناو لایەنگرانی خودی حیزبەکەش دروست کردوە، وەکوو ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا بینیمان کە وازهێنانی بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و خاوەنی بەشێک لە پلە و پۆستە سیاسییەکانی ناو یەکێک لە حزبە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان بوو کە ئەمە زەنگێکی ترسی ئاگادارکردنەوەیە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی هەموو ئەو پلان و پڕۆگرامانەی کە لە ڕابردوودا لە سەری ڕۆیشتوون. بۆیە گەر سەیر بکەین لە دوای 15 ساڵ لە دروستبوونیان، بەشێک لە حزبە ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە هیچ بەرەوپێشچونێک لە پڕۆسەی سیاسیدا بکەن ئەوەش لەبەر ململانێی مەزهەبگەری و جیاوازی ئایدۆلۆژیای نێوانیان، جگە لەوە بەشێکیان بوونەتە فاکتەری سەرەکی گەندەڵی ئیداری و خنکاندنی بیرو ڕای ئازاد کە ئەمەش بوەتە هۆی دروستکردنی دوورکەوتنەوەیەکی زۆر لە نێوان لایەنگران و ئەو کەسانەی کە بە دەنگی ئەوان هاتوونەتە پەرلەمان و حکومەت، کە میکانیزمی ئیشکردنیان زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو ئومێدەی کە پێش هەڵبژاردنەکان دەیدەن بە لایەنگرانیان، بۆیە ئەگەر سەیربکەین ڕێژەی گەندەڵی و فەسادی ئیداری کە لە پێشەوە باسمان کرد گەیشتۆتە ئاستێکی ڕێژەیی بەرز لە ناو ئەو حزبانەی کە ئیسلام بە بنچینەی پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیان ئەزانن، بەداخەوە لە دوای ساڵی 2003ئەو جلەی کە حزبە ئیسلامییەکان بە بەری خۆیانیاندا کرد هیچ گۆڕانکارییەکی دروست نەکرد لە ناو حکومەت و پەرلەمان، بەڵکوو بەرەو خراپتری برد بۆیە هەموو حزبە ئیسلامییەکان کە بەشێکن لە پێکهاتەی حکومەت لە عێراق و هەرێم دەبێت درک بەو ڕاستییە بکەن و ئەگەر بیانەوێت تەمەنێکی درێژتری سیاسی و دەسەڵاتیان هەبێت دەبێت بە بەرگێکی تازە و نوێوە تێکەڵ بە سیاسەت و جومگەکانی دەوڵەت بەن، چونکە هەڵە تێگەشتن لە سیاسەتێک کە لە ناو ئیسلامدا هەیە بەرەو ئاقارێکی تاریک دەیانبات و ڕووبەڕووی لەناوچوون ئەبنەوە، ئەمە جگە لەوەی خەڵک لە ئێستادا زۆر بیرفراوانتر و چاوکراوەترە بە بەراورد لەگەڵ نیو سەدەی پێشوو، سەرەڕای ئەو هەموو مەینەتییەی کە گەلی عێراق چێشتوویەتی بە دەست دەسەڵاتدارانی بەعس و ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان، بۆیە دووبارە کردنەوەی ئەو تەجڕووبانە لە قاڵبێکی تری سیاسی داهاتوویەکی ڕوون چاوەڕوانی ئیسلامی سیاسی ناکات لە عێراق و ناوچەکە.

*** سەرۆکی بەشی یاسای زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک.**

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٠٣٦٥٣ بەروار ٢٠١٧/٥/٩ بەبری ٥٠٠,٠٠٠ دینار بەناوی سرباز حمد حامد وون بوو تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پێناسی فەرمانبەری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی- بەناوی (شەونم انور احمد)ون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٢١٩٠٤٤).

***

ون بوون

پسوولەیەکی شارەوانی ٤ هەولێر کە ژمارەی پسولەکە ٠٦٨٦٢٤٥ بەبری ٢٥٠,٠٠٠ دینار بەناوی عبدالقادر اسعد مام رش ون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

نوسراوی گومرگی حاجی عمران بەناوی کۆمپانیای ئەردەلان عبدالقادر عبدالحمید جۆری ئۆتۆمبێل شوفل و حفارە مشترك JCB اوتوماتیك شوفل بچووك رەنگی زەرد مۆدیلی ٢٠١٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٥٣٢٧ کاتی هەولێر ژمارەی لاشە شانصی JCB٣٢x٤TP٨١٣٤٢٢٠٠ ون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

****

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٧٧٩٠ بەروار ٢٠١٨/٨/١٢ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی امیر احمد حمە شانە وون بوو تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان هۆبەی خوێەتی
ژمارە/٨٤٢٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١
ئاگادارکردنەوە

بۆ بەڕێز/ سەرگوڵ حسن قادر/ بەناونیشانی بەڕێوەبەر لەسەر میلاکی زانکۆکەمان/ ب.
سەرچاوە مرۆییەکان

بەهۆی دابرانت لە کار لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٧ لە دەوامی فەرمی و دەست بەکارنەبوونت تاکو ئێستا داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەر کار بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بە پێچەوانەوە بە دەست بەردار لە کارەکەت دادەنرێیت بەپێی مادەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ راستکراو کۆتایی بە راژەکەت دێت.
پ.د. احمد انور دزەیی/ سەرۆکی زانکۆ

***

ئاگادری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەلدەستێت بە کڕیدانی رووبەری ٢٦٤٧٨,٧م٢ لە پارچە زەوی ژمارە ٤١/ك/١ قەریتاغ دەکەوێتە تەنیشت سایلۆ بەمەبەستی دروستکردنی کۆگا بۆ ماوەی ٢٠ بیست سال بە زیادکردنی ناشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ و ڕێنمایی دارایی ژمارە ٥ی سالی ١٩٨٦ جا هەرکەسێك نارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری هەولێر بدات لە مامەی ٣٠ سی ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی ٢٠٪ یەدەگی پێبێت لە بری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

نزار حسین عبدالله
ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە/ ٦٠٦/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە سلێمانی لە ڕێگەی زیادکردنێکی ئاشکراوە هەلدەستێت بە فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و وەبەرهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/سنووردار ئەویش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز توانا دارا حسین بەبری ٣٠٦,٠٠٠,٠٠٠ سێسەد و شەش ملیۆن دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە. جا هەرکەسێك ئارەزوی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات لە ماوەی ١٠ دە ڕۆژدا کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووەمی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١١ی سەر لە بەیانی ئەنجام دەدرێ لەم بەڕێوبەرایەتیە. ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچێ دەکەوێتە ئەستۆی کڕیار، هەرکەسێك بەشداربوو لە زیادکردنەکەدا پێناسی باری شارستانی و جنسیەی عێراقی لەگەل خۆیدا بهێنێ.

تێبینی/ ئەگەر ڕۆژی زیادکردنەکە کەوتە پشووی ڕەسمیەوە زیادکردنەکە لەڕۆژی دواتردا ئەنجام ئەدرێت. هەرکەسێك ئارەزووهی بەشداریکردنی هەیە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا تا کاتژمێر ٩:٠٠ی سەر لەبەیانی ڕۆژی زیادکردنەکە سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات بۆ دانانی تامینات بەبری ١٠٪ی نرخی خەملێنراوی پشکەکانی کۆمپانیا.

زانیاری لەسەر پشکەکانی کۆمپانیای نامی
داواکار/ توانا دارا حسین

داوالێکراو/ کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و بەرهەمهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/سنووردار کۆمپانیاکە تۆمارە لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی جۆری کۆمپانیاکە سنووردارە بری پشکەکانی ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن پشکەکە تۆمارە بەناوی فاتح احمد غفورەوە نرخی خەملێنراوی کۆمپانیاکە بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە کۆمپانیاکە لە سالی ٢٠١٤وە پارەی محامی و ژمێریار و باجی نەداوە، شارەزا نرخی پشکەکانی ئەم کۆمپانیایەی بەبری ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار دیاری کردووە.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە/ ١٠١٨/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری

بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن فاتح احمد غفور
بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ئەزمیر
بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/ سنووردار سەرەڕای کارەکەت

ئاگادارت ئەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەسەر داوای خاوەن قەرز احمد سلێمان عبدالله بریاری دا بە دانانی نیشانەی گلدانەوەی جێبەجێکردن لەسەر پشکەکان و ئامێرەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/ سنووردار . ئەمەش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز احمد سلێمان عبدالله بەبری (٣٨,٧٦٠,٠٠٠,٠٠٠) سی و هەشت ملیار و حەوت سەد و شەست ملیۆن دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لەشرحی پێراگەیەنەری دادی و موختاری گەرەکی رزگاری تازە کە شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ماوەی ١٥ پانزە ڕۆژدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ و بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەت بە دانانی حیجز لەسەر ئامێر و پشکەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/سنووردار کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بە پێچەوانەوە بەپێی احکامی مادەی ٦٩ لە یاسای جێبەجێ کردن ئامێرو پشکەکانت دەفروشرێ.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی ڕاپەرین
بەشی بەدواداچوون
ژمارە : ١٣١- ت - ٢٠١٩
ڕێکەوت : ٢٠١٩ /٨/٨
ئاگاداری
بۆ/ سۆڵاف محمد مصطفی
ئاگادارببوون

داوات لێ دەکەین کە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەو ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەبی بۆ دانەوەی بڕی (٤٦,٤٣٠,٤٠٠) چل و شەش ملیۆن و چوار سەدو سی هەزارو چوار سەد دینار وەکو قەرز بۆ داواکاری جێ بەجێ کردن (ارسلان احمد ابراهیم) بە پێی بریاری دادگای بەرایی رانیە ژمارە (٧٢- ب - ٢٠١٨) کە لە (٢٠١٩/٧/٨) دەرچووە بەپێچەوانەوە بریاری ناوبراو بە زۆر جێ بەجێ دەکەین .
جێ بەجێ کاری داد/ نازدار مام رسول امین

***

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Mechanical Technician
Direct Supervisor	Mechanical Supervisor
Department	Maintenance
Job Location	Khormor – Qader Karam
Job reference: MT/M/Aug/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Executes all mechanical planned and corrective maintenance activities on Khormor installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes a multi-tasking role in order to assist the Production Operations group in field activities and will be involved with troubleshooting, fault finding and repair of all stationary and rotating equipment. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Reports to the Maintenance Supervisor – Mechanical

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Participates in all mechanical maintenance activities at Khormor LPG recovery plant.
2. Understand technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
3. Understand Khormor's maintenance strategy and philosophy and participates in the development/ implementation of condition monitoring procedures/routines.
4. Applies for work permits, understands and implements the permit conditions prior to commencement of work.
5. Assist in the development of risk assessments, participates in safety and toolbox meetings.
6. Acts as a team-player in the multifunctional operations and maintenance team.
7. Promotes HSE culture.
8. Utilize troubleshooting skills to solve mechanical and related problems both independently and in liaison with other departments.
9. Supervises third party inspections, where applicable.
10. Possess knowledge and understanding of static and rotating equipment.
11. Assist in the development and implementation of procedures and work instructions for the completion of mechanical related tasks.
12. Checks the functionality of equipment and measuring instruments.
13. Conversant with CMMS including preparation of material requisition and work order management and materials and warehousing.
14. Communicates with vendors and supply chain for technical support.
15. Assists in mentoring, training, and appraising maintenance personnel.
16. Ensures that plant and equipment is maintained according to compliance and integrity standards in order to meet expected reliability and 'uptime' Key Performance Indicators.
17. Liaises closely with Operations, Maintenance and Engineering teams in activity planning, MOC development and cost control.
18. Ensures that all activities are accurately recorded in the maintenance management system, providing all necessary reports.

Crescent Petroleum

19. Reports to the Mechanical Supervisor –on all issues relating to mechanical department.
20. Identify/suggest ideas to improve performance within Mechanical department.
21. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.
22. Supports on job training programs to enhance essential competencies and behaviours to allow development.

Decision–making Authority

Working and Other Relationships

Mechanical Supervisor	Frequent/daily
Maintenance Superintendent	Frequent

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Mechanical Diploma qualification.

Minimum Professional Experience Required

At least 5 years' experience in the oil & gas and/or related industries. Preferred candidate with experience in natural gas engine and hands on experience working on static equipment.

Supervisory Responsibility

Special Requirements and Conditions

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair static and rotating equipment.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Good communication skill in English (spoken & written) • Commitment to continuous improvement. • Experience in OJT. • Time management • Problem solving skills	• Able to react in case of emergencies in order to assure that the safety is not jeopardized. • High team spirit awareness • Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work.	• Knowledge of static and rotating equipment as it applies to oil and gas industry. • Maintain and improve mechanical static and rotating equipment availability and reliability. • Authorized as performing authority in Permit to Work (PTW) system. • Demonstrate Leadership skills. • Good working knowledge of MS office.

Crescent Petroleum

		• Analytical skills to identify and resolve mechanical related problems • Awareness of emergency response plans. • Working knowledge of computerized maintenance management systems (such as Maximo) and Integrity (risk based) maintenance procedures • Experience of working with various types of rotating equipment including pumps, compressors, power generation packages and related systems. • Fully experienced in working with safety basic understanding of local safety management legislation

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 28 August 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th


OR Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Mechanical Technician, Ref: MT/M/Aug/19)

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ٥٢٨/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٢٣
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ سەرتیپ احمد رسول
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٣٩٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیە کە تایبەتە بە بنکەی پولیسی رانیە وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نیە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پولیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
***
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٢١٣/ش/٢٠١٩
رێکەوت ٢٠١٩/٨/٦
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (لیلی قادر کاکە) دانیشتوی شاری کۆیە- گەڕەکی زانکۆ بەڵام ئیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
هاوسەرەکەت (شێرکۆ عمر عباس) داوای لەسەرت تۆمار کردووە لەم دادگایە بە ژمارە (٢١٣/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای کردووە ئەم تەڵاقەی بۆ پەسەند بکەین کەلە دەرەوەی دادگا دەرحەق بەتۆ لەرێکەوتی (٢٠١٩/٧/٣٠) خستوویەتی وە بەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە دەرکەوت شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا، پشت بەستن بەمادەی(١/٢١) لەیاسای دادبینی کردن ژمارە(٨٣)ی سالّی (١٩٦٩)ی ڕاستکراوە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبون لەرۆژی دادبینی کردن ئەرێکەوتی(٢٠١٩/٨/٢٨) بەپێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە پاشملە ساغ دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
***
مدیریة تنفیذ زاخو
العدد /٧١٩/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٨/١٨
اعلان
تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ
الی / المدین : دوغان وضار (DOGAN UCAR)
العنوان السابق / مجهول محل الاقامة
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا علیه بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق النشر في صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة (٧١٩/تنفیذ/٢٠١٩) بمبلغ قدره (٨,٥٦٨,٠٠٠ دینار) ثمانیة ملایین وخمسمائة وثمانیة وستون الف دینار عراقي مع رسم التحصیل . وبعكسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة (١٥) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ .
المنفذ العدل / لقمان سامي جمیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٩٢٩/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سلوی جمیل محمد) قێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٢ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (سامح نائف محمد) بریاردا ب چەسپاندنا رەچەلەك (اثبات نسب) یا کوریّ تە (سامح) ل سەر ناڤێ تە وەك دەیك واسماعیل نائف محمد وەك باب وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٩٣١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣٠
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سلوی جمیل محمد) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (اسماعیل نائف محمد) بریاردا ب (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٧٩٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٨/٨
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (روشین احمد کوچر) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٥ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (خیری محمد عبدالله) بریاردا ب (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / شکر سلگان عدو
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ٢٢٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (محمد خضر علی ثلاج) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە رۆژی ٢٠١٩/٨/٨ لە داوای ژمارە ٢٢٧/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنا تە بو داواکاران پارێزاران (برکات عمر داود ومسعود سلیمان حسن) ب دانا پارەی ماندییونێت پارێزەری ددواا ژمارە ٥٩/جنایات/٢٠١٦ ل دادگەها تاوانا دهوك/١ کو تو تاوانباربوی ددواا نافبری دا کوژمێ (٢١٠٠٠٠٠٠) بیست ویەك ملیون دینار لدیف پێکهاتنا هاتیە کرن دنافبەرا هەوە ل روژا ٢٠١٢/٨/١٥ دکەل ماندییونێت پارێزەری داواکاران ل داوا ژمارە ٢٢٧/ب/٢٠١٩ دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجێبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندێ کێلکێ ل قەزا سمیل ل روژا ٢٠١٩/٨/١٨ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو روژنامەی ناوخۆ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەر دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣١٨/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (زینب جمعه احمد) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارە وی ل سەری دیارکری پەسندکرنا تلاقا دەرەکی ئەوا رویدای ل ٢٠١٩/١/٥ (تصدیق طلاق خارجی) تەو داواکار (زانا حسن سلیمان) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارییا هەلبژیر ودەستە کا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها فایدە ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دە ڕۆژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد /٨٠٨/ت/د/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٠
الی / المنفذ علیه (المدیر المفوض لشرکة کاسکو Casco petroleum Middle East)
م / تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ
علیك الاضبارة التنفیذیة المرقمة (٨٠٨ /ت.د/٢٠١٩) بمبلغ قدرة (١٢٩٥٤٠٠٠)مائة وتسعة وعشرون ملیون وخمسمائة واربعون الف دینار عراقي فقط ونظرا لمجهولیة محل اقامتكم حالیا حسب كتاب مركز شرطة شاویس المرقم (١٤١٧) في ٢٠١٩/٦/١٣ علیه قررنا تبلیغكم عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین رسمیتین للحضور امام مدیریتنا او ارسال من ینوب عنكم وبعكسه سوف نتخذ الاجراءات القانونیة بحقكم بعد مرور الفترة القانونیة (١٥) یوما
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٢٨٩/ت.د/٢٠١٨
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٠
الی / المنفذ علیه (المدیر المفوض لشرکة کاسکو Casco petroleum Middle East)
م / تبلیغ بالحجز
نظرا لمجهولیة محل اقامتكم حالیا حسب كتاب مركز شرطة شاویس المرقم (١٤١٧) في ٢٠١٩/٦/١٣ قررت مدیریتنا بتبلیغكم بمذكرة الاخبار بالقرار الحجز التنفیذي للاموال المنقولة عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین ونخبرك بانه قررت مدیریتنا بوضع الحجز على المواد الغیر الصالحة للاستعمال (السكراب) لقاء الدین المحكوم به والبالغ قدرها (٥٦٩٠٩٠٠٠) ستة وخمسون ملیون وتسعمائة وتسعة الف دینار عراقي فیجب علیكم اداء المبلغ المحكوم والمذكور اعلاه خلال (ثلاثة) ایام من الیوم التالي للتاریخ النشر تبلیغكم بهذه الاخبار بالحجز وبعكسه سوف یباع المواد المحجوز المذكور اعلاه بالمزایدة وفق المادة ٦٩ من قانون التنفیذ
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩
المتضمن بیع العقار المرقم ٩٢/١ مقاطعة ٨٨ اشكفتة مغارة في حصة المدین المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة عشرة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩ الموقع ناکری شارع الرئیسي امام (سەیرانگەها ناکریّ) المساحة ٤٠٠ م٢ الجنس ملك صرف تجاري القیمة المقدرة (٣١٢٠٠٠٠٠٠) ثلاثمائة واثنا عشرة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩
المتضمن بیع العقار المرقم ٢٤٠٣/١ مقاطعة ٨٩ شیوه كور المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩ الموقع ناکری ١١ أیلول المساحة ٢٥٠ م٢ الجنس ملك صرف (دار سكنى) متكون من طابقین القیمة المقدرة (١١٠٠٠٠٠٠٠) مائة وعشرة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٧/٢٠٦٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩
٢٠١٩/٧/٢١ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ١٨٠ سەدو هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا
***
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٦٩١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٤
ژمارەی کێشە: ٢٠١٨/١٣٢
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو: عریف/ سرمد صباح عمر محمد
ناوی دایکی/ سلوی محمد
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو لەگەڵ خۆت بردووە.
٣- جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگە ١ و ٢ی سەرەوە هاتووە لەسەرت لە دوای یەکتری پاڵپشت بە بەندی ١٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی سالّی سالّی ١٩٦٩ هەموارکراو.
٤- پابەندکردنت بە دانەوەی بری ١,٢٠٣,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو سێ هەزار دیناری عیراقی پالپشت بەبەندی ٣٥/دووەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧.
٢- سزادانت بەبەندکردن السجن بۆ ماوەی ٦ شەش سالّ بەپێی بەندی ٣٥ یەکەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی لەکاتی هەڵاتنت چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو لەگەڵ خۆت بردووە.
٣- جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگە ١ و ٢ی سەرەوە هاتووە لەسەرت لە دوای یەکتری پاڵپشت بە بەندی ١٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی سالّی سالّی ١٩٦٩ هەموارکراو.
٤- پابەندکردنت بە دانەوەی بری ١,٢٠٣,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو سێ هەزار دیناری عیراقی پالپشت بەبەندی ٣٥/دووەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٦- ئەو تاوانە بە تاوانی ئابرووبەری (مخیلە بالشرف) دادەنرێت پالپشت بە بەندی (٢١/أ-٦) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١ی سالّی ١٩٦٩)ی هەموارکراو.
٧- گشتاندنی بەدەمانچەی جۆری کرواتی دەسك ڕەش بە ژمارە (H١١٧٣٤٣) بکرێت بەپێی یاسا.
٨- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت.
٩- ماف دان بەفرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
١٠- جەخت کردنەوە لەسەر هاووڵاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ بە بڕیاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٦- ئەو تاوانە بە تاوانی ئابرووبەری (مخیلە بالشرف) دادەنرێت پالپشت بە بەندی (٢١/أ-٦) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١ی سالّی ١٩٦٩)ی هەموارکراو.
٧- گشتاندنی بەدەمانچەی جۆری کرواتی دەسك ڕەش بە ژمارە (H١١٧٣٤٣) بکرێت بەپێی یاسا.
٨- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت.
٩- ماف دان بەفرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
١٠- جەخت کردنەوە لەسەر هاووڵاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ و

سەردەمی زۆرڕەویی سیاسی

د. عەمار عەلی حەسەن

زۆرڕەویی سیاسی ئەگەر پەرە بسەنێت، لە هاڕینی هەوا، یان گێرەکردنی بۆشایی دەچێت، چونکە لە دەربڕین و خاڵیکردنەوەی دەروونی کپکراو و سەرکوتکراو ڕەت دەدات و ، ناکرێت بە جۆرێک لە ئاڕەزووی هەڵپەکردوو و هەوڵدەر بۆ چوونە نێو مشتومڕێکی تۆند، یان گفتوگۆ دابندرێت، کە بنەما، کۆڵەگە و مەرجی خۆی هەیە و، بەڕەو ئامانجی بە سوود دەچێت، بۆ تێگەیشتن لە ژینوار و شرۆڤەکردنی، پاشان گۆڕینی، ئەگەر بەرە بەرەش بێت، بۆیە زیادەڕەوی ناکەین، ئەگەر پێی بڵێین (قسەی قۆڕ)، واتە ئەوەی هیچ ناواخنێکی نییە، پشت بە زانیاری، یان دیدگای پاشخان و وێناکردن نابەستێت.





ملکەچی ڕەوتێکی هزری نابێت، گوزارە لە هیچ هەڵوێست و ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراوی ئەوانەش ناکات، کە زمان بە گوێچکەی یەکتریبەوە دەنێن. ڕەوشی سیاسەتی عەرەبی، لە سەردەمی ئێستاماندا، بە گوێرەی وتەکانی، محەمەد کورڕی بەکری شافیعی بێت، بەدەست قسەی دوو کەسەوە دەنالێنێت: زۆر بڵێ، ئەوەی ((کە زۆر قسەی بێ مانا دەکات و لە هەق لا دەدات))، لەگەڵ خەیاڵ پلاو، ئەوەی ((بەبێ ئاگایی و هەڵوەستەکردن، بەناو قسان دەکەوێت)). تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، یان ئەوەی بە (ڕاگەیاندنی تازە) ناسراوە، ڕۆڵی ئەو خەوشەی زیاتر کردووە، ئەو قسانە زۆر بوونە، کە هیچ سوود و ناوەڕۆکێکیان نییە، تا وای لێهاتووە هەندێ کەس ئەو سەردەمە بە (سەردەمی زۆرڕەویکردن) ناو بنێن، چونکە سەردەمەکە پشت بەو بنەمایە دەبەستێت ((من زۆرڕەوی دەکەم، کەواتە من هەم))، قسەکردن هیچ دسپلینێکی نەماوە، زیاد لە پێوست بووە، مەرامی زیان گەیاندنە بە کەسانی دیکە، لێدان لە ناودەنگیان، یان بریندارکردنیان، یان کات بەفیڕۆدانیان و ماندووکردنیان، لە ڕووی دەروون و زەینەوە.

زۆرڕەویکردنیش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

یەکەم: چەشنەی قسەکردن: هەندێ کەس بێ گوێدان بە مانا و مەرامەکان، قسە دەکات، چونکە ویستی قسەکردنی زۆر بەهێزە، ئەگەر هیچیشی نەبێت بیڵێت، یان ئەوەی دەیڵێت ڕوون نەبێت، یان هیچ ئاگاداری وردەکارییەکانی کێشەکە نەبێت، کە باسی لێوە دەکات، بەڵام هەر قسە دەکات.

دووەم:لاوازی هۆشیاریی: کەمی زانیاری، یان زانست و پیواری لۆجیک، هەندێ جار وا دەکەن، زەینی قسەکەر لێڵ بێت، زێدەباری نەبوونی ناوەڕۆکێکی قوڵ بۆ قسەکانی، قسەکانی بێ سەروبەر و بێ ئامانج دەبێت.

سێیەم: زاڵبوونی هەودس: ئەوانەی دەکەونە نێو مشتومڕەوە، ئەگەر هەوەس بەسەر هەستیاندا زاڵ بێت، قسەکانیان بۆش، بێ بەها و سوود دەبێت، تەنیا کات کوشتن دەبێت. هیچ لایەنێک نایەوێت دان بە ڕاستییەکان بنێت، بەڵکو دەیەوێت خۆی سەرکەوتوو بێت، بۆیە شتەکان بە دەنگ دەنگ کۆتایی دێت.

چوارەم: زاڵبوونی خۆ دەرخستن: ئەو دەردە لەسەردەمی سوفستائییەکانەوە، خاوەن بیرەکان پەیان پێ بردووە، ئەوانەی لە پێشکەشکردنی پاساوی ڕەوانبێژی شارەزا بوون، بۆیە لەکاتی مشتومڕکردندا، هەردەم براوە بوون و، ڕاستی، سوودی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکان بەلایانەوە گرنگ نەبوو. هەرچەندە ئەو جۆرە کەسانە، لە داڕشتنی وشەی سەرنج ڕاکێش و پاساوی شێوەیی شارەزان، بەڵام ئەو جۆرە ئاکارە،خزمەت بە گەیشتن بە ئامانج و مەرامە باشەکان ناکات.

پێنجەم: قەرەبووکردنەوەی کەموکورتییەکان: هەندێ کەسی، بە دەربڕینی وشەی بە ڕیتم و بەهێز، قەرەبووی کەمی زانیارییەکانیان دەکەنەوە، بۆ ئەوەی سەرنجەکان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، بێ ئەوەی قسەکانیان هیچ مانایەکی هەبێت. لەمبارەیەوە د. سەڵاح فەزڵ، لە گێڕانەوەی بیروڕییەکانی خۆی و لە وەسفکردنی مامۆستایەکی، خانەی کۆنی زانستەکان دەڵێت:"توانایەکی سەیری هەبوو، لەسەر ئەوەی دوو کاتژمێری ڕەبەق قسە بکات، بێ ئەوەی هیچ بڵێت".

شەشەم: ڕادەستبوونی مەینەتییەکان: هەندێ کەس، مەینەتییەکان مێشکیان لێی بردووە، بۆیە وڕێنە دەکات. وڕێنەکان زیاد دەبن، تاکو دەبنە دیاردە و بەرۆکی کۆمەڵگەکان دەگرن، کاتێک ناتوانن بە چارەی خێرا، لۆجیکی و بەپرشت بۆ کێشەکانیان بگەن. دوای دۆڕان و نسکۆکان، هەندێ کەس، هەر لە خۆیانەوە قسە دەکەن، بۆ ئەوە نا یارمەتیان بدات، لەوە بگەن کە بەسەریاندا هاتووە و چۆن لێوەی دەرچن، بەڵکو بۆ ئەوەی وا هەست بکەن، هێشتا لە ژیان دان، ئەوەش باشترین ئاواتی ڕۆژە ناخۆشەکانیانە.

بەڵام لەوانەیە زۆرڕەوی، هەندێ جار بە ئەنقەست بێت، بۆ بەدیهێنانی سێ ئامانج: بەربەست خستنە بەردەم سازشەکانی سیاسی، بەدەستهێنانی کات لەکاتی دانوستان، پیادەکردنی ئێزنی سیاسی بۆ دوژمنان، یان زۆرینەی جەماوەر، بەمەش ڕێچکە و کارەکەی دیار دەبێت و، دەتوانێت بەشێک لە بۆشایی وشە و ماناکان پڕ بکاتەوە.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

چەمکی سیاسی


فیدرالیزم

ولاتان یان یەکەکانی یەکێتی لە ولاتێکدا کۆ دەبنەوە ، ئەمەش بە گوێرەی دەستوورێک کە هەموو ولاتانی ئەندام لەسەری ڕێک دەکەون . ئەمەش دەبێتە یاسای باڵا یان سیستمی بنەڕەتی دەوڵەتی تازە و بەمەش ولاتی فیدرالی کەسایەتی نێودەوڵەتی و سەروەریی دەرەکی و بەشێک لە سەروەریی ناوخۆیی لەدەست دەدات و دەبێتە یەک یەکە و یەک ئالا و یەک هێمای نیشتمانی و یەک ڕەگەزنامە. حکومەتی ئیتیحادی ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەکی و بەرگری و مۆرکردنی ڕێککەوتننامە و ئالۆگۆڕی نوێنەرانی دیبلۆماسی دەگرێتە ئەستۆ .

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1940:
لە مەکسیک، لیون تروتسکی سەرکردەی شیوعی دووچاری هەوڵێکی تیرۆرکاریی بووەوە و ڕۆژێک دواتر گیانی لەدەست دا .



ساڵی 1986:
یەکێتی سۆڤیەت بە فەرمی دانی بە کارەساتی تەقینەوەکەی چێرنۆبل دانا .



ساڵی 2002:
ژمارەیەک کەسی عێراقی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بالێۆزخانەی عێراقیان لە بەرلین کۆنترۆل کرد .



ساڵی 2009:
لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی تالیبان ، دووەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەفغانستان ئەنجام درا.



ساڵی 2015:
لە شارەکانی قاهیرە و جیزەی میسر ژمارەیەک تەقینەوە ڕوویاندا .



ساڵی 2016:
لە شاری غازی عەنتابی تورکیا تەقینەوەیەک ڕوویدا و ژمارەیەک قوربانی لێ کەوتەوە .

زمانی مووشەک و مووشەکی بێ زمان




غازی حەسەن

هیچ ناکۆکی و ململانێ و شەڕێک بێ شەڕە قسە و هێرش لەڕێگەی بەکارهێنانی وشە و زمانەوە دەستی پێ نەکردووە. واتە سەرەتای هەموو کێشەیەک لەڕێگەی قسەکردنەوە دەستی پێکردووە. ئەو ناکۆکییە نێو دەوڵەتیانەی ئێستا لەنێوان هێزە گەورەکانی جیهان هەیە، سەرەتا بەکێشەی زمان و شێوازی ئاخاوتن و جۆری گوتار و سیاسەتی لێدوانی فەرمی و نافەرمی دەستی پێکردووە.

ئەم ئاراستە زمانییە، بازاڕی هەواڵی ڕاگەیاندنی بەرەو خولقاندنی دۆخی جەنگ خۆش کردووە، ڕۆژنامەکان بەکێشەی چەکی ئەتۆمی و مووشەکی دوور هاوێژی کۆریا و خۆئامادەکردنی سەربازی چین لە هۆنگ کۆنگ و ناکۆکییەکانی ڤەنزویلا و کوشتارگەکانی سوریا و هێرشە سەربازییەکانی تورکیا دژی کورد و هێرشی سەربازی حوسییەکان و پەلاماری سەربازی هاوپەیمانی بەسەرۆکایەتی سعودیە و تەقینەوەی کێشە لە کشمیر و هاوکاری و پاڵپشتی ڕوسیا و ئێران بۆ سووریا و هاوپەیمانەکانی لەڕۆژهەلات و بەردەوامی داعش و شەڕی نێوان گرووپەکان لە لیبیا و دەستوەردانەکانی ئێران لەکاروباری عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ناویان دەبەن.ئەمانە هەموویان سەرەتا لەکێشەی بەکارهێنانی زمانەوە دەستیان پێکردووە، هێزە دەسەلاتدارەکان، گروپە بەرهەڵستکارەکان و وڵاتە نارازییەکان، بۆ دەرخستنی هەڵوێست و بۆچوونەکانیان لەسیاسەتی نێودەوڵەتی زمانیان کردۆتە موشەک بۆ ئەوەی ڕکابەرەکانیان سنووردار بکەن، یان بیانشکێنن و خۆیان بەدەستەوە بدەن. ئەگەر ئەم شێوازی سیاسەت و شەڕە دەروونی و دیبلۆماسییە لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان سەری نەگرت، ئەوە پەنا کەردەستەی سەرەکی هاوبەشی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لەنێوان هێز و وڵاتە گەورەکانی دونیادا. ئەمەریکا لەدوای نەمانی شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتی پێشوو، لەڕێگەی گلۆبالیزم، کە بریتییە لەسیاسەتی نەرمی دەستبەسەرداگرتنی دونیا لەڕێگەی (ڕاگەیاندن و کۆمپانیای بازرگانی و نەهێشتنی سنووری کەلتوری لەنێوان گەلانی دونیا)، بەبالادەستی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی و هۆلیود و هێزی ڕاگەیاندن لەڕێگەی بەکارهێنانی (وشە و وێنەوە) توانی کەلتوری ئەمەریکانە بگەیەنێتە هەموو شوێنێک. (میکدانۆس) لەجیاتی موشەک، (هۆلیۆد) لەجیاتی لەشکر و سوپای پڕ چەک و (هەمبەرگەر) لەجیاتی چاودێری هەواڵگری و دزەپێکردن و سیخوڕی، (کابۆ) لەجیاتی شەڕە قسە و (ڕاگەیاندن و کرانەوەی ئاسمان بەڕووی هەواڵ و ئەنتەرنێت) کۆنترۆل و چاودێری و سنووری دەوڵەت و بالادەستی حکوومەتە خۆسەپێن و هەتا دێموکراسییەکانیشی بەسەر هاوولاتی لەهەموو دونیادا نەهێشت. ئەمانە هەموویان لەڕێگەی (کردە قسەوە) و پەنا بردنە بەر وشە ڕاپەڕێندرا.خەریکە ناکۆکییەکان بەرەو ئاقارێکی تووندوتیژ دەچنەوە، ململانێکان خەریکە لەشەڕە قسە بەرەو دانانی مووشەک لەدژی یەکتر دەچێت. ڕووسیا دەیەوێت لەجیاتی بالادەستی قسە و گوتارەکانیان، بالادەستی سەربازی و گەڕانەوە بۆ ناوچە دوورەکان بۆ خۆیان بسازێنن.گرنگ ڕوودانی هەر شەڕێک، دوور نییە ببێتە کۆتایی ئەو سیستەمە سیاسیەی بەقسە چارەسەری کێشەکان دەکەن، سەردەمی گلۆبالیزم بەرەو کۆتایی بچێت و سیستەمێکی نوێی دیکە دەست پێ بکات، هەروەها کۆتایی بەبالادەستی وشە و ڕاگەیاندن بەم شێوازەی ئێستا هەیە، کە لەبنەڕەتدا دەسەلاتی وشە و گوتار و قسەکردنە دێت. هەر کاتێک مووشەکی وشە و قسەکردن و دیبلۆماسی لاواز بێت و بەرەو پەراوێز ببرێت، مووشەکی بێ زمان، سیاسەتی زمان کاول دەکات.



دەبەنە بەر مووشەکی بێ زمان. (ئیڤان ئاباکوموف و داریا یلوتشنوفا) لەڕووسیاوە دەڵێن ڕووسیا و چین پێویستیان بە دروستکردنی سیستەمی مووشەک و بەرگری ئاسمانی هاوبەش بەرانبەر هەنگاوەکانی ئەمەریکا لە ئاسیاو دەریای ئارام هەیە. ئەم قسانە دوای ئەوە دێت، کە ئەمەریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بیریان لەدانانی سیستەمی بەرگی هاوبەش دژی هەر هێرشێکی مووشەکی کۆریای باکوور کردۆتەوە. کاریگەری و هێزی قسە مووشەک چەندە کاریگەری لەسەر جوواڵندنی سیاسەتی وڵاتەکان و ڕای گشتی هەیە. سەرباری جووڵەی سەربازی چین لەناوچەکەدا (ئەندریا تزمبسۆن) جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ چاودێری چەک و ئاسایشی نێودەوڵەتی گوتیەتی ئەمە بڕیارێکی تاکڕەوانەی یەکالایەنەی ئەمەریکا نییە، وڵاتە هاوبەشەکانمان بەخۆیان لەمبارەوە بڕیار دەدەن، ئەوان خۆیان بڕیار دەدەم مووشەک لەو ناوچانە دابنێین، کە پێویستیان پێی هەیە، یاخود نا. بەپێی زانیارییەکان لەم مانگەدا (ئاب) ئەمەریکا لەڕێککەوتنی مووشەکی مام ناوەندهاوێژ و کورتهاوێژ لەگەڵ ڕوسیا دەرچووە و هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاش هەڵوێستەکەیان بەئەڕێنی پاڵپشتی کردووە.شەڕی سارد، واتە شەڕە قسە، ئەو قسانەی کردەیەکی دیاریکراو ئەنجام دەدەن. لەزانستی زماندا دەڵێن هەندێک جار وشەیەک کارێک ڕادەپەڕێنێت و حوکمێکی پێ دەدرێت، حوکم و بڕیاری جەنگ بەیەک وشە لەلایەن بەپرسی باڵای ئەمەریکا، ڕوسیا، چین و هەر وڵاتێکی دیکە دەست پێ دەکات. بۆیە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر شێوازی قسەکردن و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و دەربڕینی سیاسییەکان وەستاوە. گەڕانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ شەڕە قسە، یان شەڕی سارد سەرەتایەکی ئاڵۆز دەبێت بۆ بەکارهێنانی مووشەکی بێ زمان.(ئەلکساندەر بریجنیڤ) مامۆستای زانکۆ لەبەشی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی زانکۆی ڕوسیا و ئەندامی ئەنجوومەنی پسپۆری "ئەفسەرە ڕووسەکان" ڕایگەیاندووە ئەمەریکا دەتوانێت لە ڤێتنام و فیلیپین مووشەک دژی چین و لە کۆریای خواروو و ژاپۆن مووشەکەکانیان دژی چین و ڕوسیا ئاراستە بکەن. بۆیە پێویستە ڕوسیا و چین هاوپەیمانییەکی نوێ دژی ئەمەریکا و سیستەمی مووشەک لەو ناوچە پێکبهێنن.زمان ئامراز و



ئایسلەندا

سپی و شین دوو ڕەنگی هەمیشەیی و تەقلیدی وڵاتی ئایسلەندان . لە کاتێکیشدا ئەگەر ڕەنگەکان سەرەوژێر بکرێن ، ئاڵاکە دەبێتە هاوشێوەی ئاڵای نەرویژ ، هەروەها لە ئاڵای دانیمارکیش دەچێ کە پێشتر لە ئایسلەندا جیابوەتەوە . دیمەنی سەلیبیش وێنەیەکی تەقلیدیە و لە ئاڵای وڵاتانی ئەسکەندەنافیا بەدی دەکرێ .

مانشێت



سکای نیوز:
ماوەیەک دوای ئازادکردنی لەلایەن دەسەلاتدارانی جەبەل تاریقەوە و لە ترسی دەستگیرکردنی لەلایەن ئەمەریکا ، کەشتیە نەوتهەڵگرەکەی ئێران ڕێڕەوی خۆی بەرەو وڵاتی یۆنان گۆڕی .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
دوای دووڕخستنەوەی ژمارەیەک کاندیدی سەربەخۆ لەلایەن دەسەلاتدارانی ڕووسیا ، شیوعییەکانی ئەو وڵاتە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە مۆسکۆ ئەنجام دا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی بەریتانیا سەرۆکایەتی سەرجەم یاساکانی یەکێتی ئەوروپای لەسەر خاکەکەی وەلا نا .



ئیلاف:
بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورە، حکوومەتی ئسپانیا 5 هەزار کەسی لە دانیشتوانی دوورگەی کەناریا دوور خستەوە .



ئەی ئێف پی:
بەهۆی تەقینەوەی تانکەرێکی گەورەی نەوت لە تەنزانیا ، 95 کەس گیانیان لەدەست دا .



کەنالی ئار تی:
ئەنجیلا میرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ڕایگەیاند وڵاتەکەی بۆ سەرجەم کاردانەوەکانی چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا ئامادەیە .





باکووری کوردستان.. لە شاری دێرسیم دەست بە کۆکردنەوەی هەنگوین کرا

لە شاری دێرسیمی باکووری کوردستان کە هەزار و 600 جۆر ڕووەکی تۆمارکراوی هەیە و بە یەکێکە لە ناوەندە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی هەنگوین لەسەر ئاستی تورکیا دادەنرێت، دەست بە کۆکردنەوەی هەنگوین کرا. بەتایبەت لە شارۆچکەی نازمییەی دێرسیم 541 هەنگەوان کە چەندین مانگ لەمەوبەر لەکێستانەکاندا کە تێکڕا دوو هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزن هەنگەکانیان بۆ دیدار لەگەڵ گوڵەکان ئازاد کردووە و لەئێستادا چاوەڕوانی بەرهەمێکی زۆرن لەو 60 هەزار کورەیەی کە دایانناوە چاوەڕێی بەرهەمێکی زۆری هەنگوین .

(ئۆزگور بۆلوت) کە یەکێکە لەو کەسانەی لە ناوچەکەدا لەگەڵ خانەوادەکەی سەرگەرمی کاری هەنگەوانینە. لە لێدوانێکدا بۆ پەیامنێری ئەنادۆڵ ئاماژەی بەوە کرد چەندین ساڵە بژێویان لەسەر ئەم کارەیە. (ئۆزگور بۆلوت) باسی لەوە کرد بەرهەمی هەنگوین بەگشتی لەو کۆێستانانەی لەسەروو دوو هەزار مەتر لە ئاستی دەریاوەن دەبێت و گوتی بەتەواوەتی لە ژینگەیەکی سروشتیدا بێ ئەوەی زیان بە ژینگە بگەیەنرێت لەو شوێنەی کە هیچ گازێکی زیانبەخشی لێ نییە، ئەوەی زیان بە ژینگە بگەیەنێت ئەو هەنگوینە سروشتییەی لێرە بەرهەمدەهێنرێت دواتر لە شووشە دەندرێت بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی تورکیا دەنێردرێت "ئەو باسی لەوە کرد کە لە ناوچەکەدا سەدان جۆری ڕووەک بوونیان هەیە و گوتی":هەنگەکان لەڕوەکە جیاوازەکان شیلە کۆدەکەنەوە ئێمە بە 200 کورە، ماوەیەکی دوورودرێژە هەنگەوانی دەکەین لەیەکەم هەفتەی مانگی حوزەیراندا کە کەش و هەوا گەرم دەبێت، هەنگەکانمان هێناوەتە ئێرە و ئێستاش هەنگوینەکە کۆدەکەینەوە. ئەمساڵ چاوەڕێی بەرهەمێکی زیاترین لە پارساڵ. چونکە دۆخێکی پەیوەست بە ژینگە هەیە، ئەمساڵ لەناوچەی دێرسیم بەفرێکی زۆر باری ساڵانێکی زۆر بوو بەفری لەو شێوەیە نەباریبوو لەبەر ئەوەی زەویەکە تێر ئاو بووە، ڕووەکەکان سوودی زۆرتریان هەیە و ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر بەرهەمی هەنگوین هەیە، لەبەر ئەوەش دەتوانم بڵێم کە وەرزێکی باشمان بەرێکرد "بۆلوت جەختی لەوە کردەوە کوالێتی ئەو هەنگوینەی لە ناوچەکەی ئەواندا بەرهەم دەهێنرێت ڕۆژ بە ڕۆژ دەچێتە سەرەوە و هەر لەبەر ئەوەشە کە لەگەڵ کۆرکنەوەی هەنگوینەکە لەماوەیەکی کورتدا کڕیاری بۆ پەیدا دەکەن.

سوودەکانی گەڵای لیمۆ

گەڵای لیمۆ بۆ دابەزاندنی ئاستی کۆلیسترۆڵ سودی هەیە و خواردنی گەڵای لیمۆ هاوکارە لە دابەزاندنی ڕێژەی کۆلیسترۆڵی زیان بەخش لە جەستەدا بەهۆی هەبوونی ئاوێتەکانی فلافۆنید و ڤیتامین Cتێدا کە کاردەکات بۆ خاوێنکردنەوەی خوێنبەرەکان کە ئەوەش کاریگەری لەسەر باشکردنی تەندروستیی دڵ دەبێت، هەروەها تۆێکڵی لیمۆ تۆخمی پۆتاسی تێدایە کە ئاستی پەستانی خوێن لە بەرزبوونەوە دەپارێزێت لە ئەنجامدا جەستە لە چەندین نەخۆشیی پارێزراو دەبێت وەک نەخۆشییەکانی دڵ و بەرزی پەستانی خوێن و شەکرە و باشکردن وتەندروستیی دەم و پووک.

تۆێکڵی لیمۆ ئاستێکی بەرزی لە ڤیتامین C و ترشیی ستریکی تێدایە کە کاریگەرن بۆ پاراستنی ددان و پووک لە تووشبوون بە کێشە و خوێنبەربوون لە بووکدا.

لە هەمانکاتدا تۆێکڵی لیمۆ ڕێژەیەکی بەرزی لە تۆخمی پۆتاس تێدایە، هەر 100 گرام لە تۆێکڵی لیمۆ نزیکەی 160 ملیگرام پۆتاسی تێدایە کە ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی دڵ دەگێڕێت و پاڵپشتی فرمانەکانی کۆئەندامی هەرس و گرژبوونی ماسولکەکان دەکات، بۆی هەیە تۆێکڵی لیمۆ لەگەڵ ئەو خۆراکانەی دەوڵەمەندن بە پۆتاس ئەگەری توشبوون بە مەترسیی جەڵتەی دەماغ و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کەم بکەنەوە، بە هەمان شێوە تەندروستی ئێسک دەپارێزن. شایانی ئاماژەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو هەموو سوودە پێویستە بڕێکی زۆر لە تۆێکڵی لیمۆ بەکار بهێنرێت.

هەر 100 گرام لە تۆێکڵی لیمۆ نزیکەی 10.6گرام ڕیشاڵی تێدایە ئەوەش هاوکار دەبێت لە جوولەی نێو ڕیخۆڵەکان و دابەزاندنی ڕێژەی کۆلیسترۆڵی خوێن و یارمەتیدەرە لە کەمکردنەوەی کێش و کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی شەکرە لە خوێندا.

یەکێ لە سوودەکانی تۆێکڵی لیمۆ دەربازبوونە لە بۆنی ناخۆشیی لەپی هەردوو دەست بە تایبەتی دوای قاژکردنی پیاز و سیر و ئامادەکردنی چێشت.



بەرهەمی شەکری میسر هەڕەشەیە لەسەر بازاڕی جیهانی

کۆمپانیای ئەسواق بۆ زانیاری و ئالوگۆڕی دراو و کەلوپەل ڕایدەگەینێت: وڵاتی میسڕ لەم وەرزەدا بۆ یەکەم جار گەورەترین بەرهەمی شەکری بەدەستهێناوە و قەبارەی بەرهەمەکەی گەیشتە 2.5ملیۆن تۆن بە زیاد کردنی 320 هەزار تۆن بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو.

کۆمپانیای ئەسواق هۆکاری بەرزبوونەوەی بەرهەمی شەکری میسڕی بۆ گرنگیدانی جوتیارانی میسڕ دەگەڕێنێتەوە بۆ چاندنی چەوەندەری شەکر کە بووە هۆی چاندنی 584.6 هەزار فەدان زەوی بە هەڵکشانی پێشبینیکراو کە دەگاتە 105هەزار فەدان زەوی ئەوەش دوای سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەی چاندنی چەوەندەری شەکری ڕێژەی بەرز لە شەکر لە ڕۆژئاوای (المینیا) وەک یەکەم وەرزی چاندن لەو ناوچەیەدا، لە هەمانکاتدا نزیکەی 248 هەزار فەدان لە قامیشی شەکر چێندراوە بە بەرزبوونەوەی نزیکەی 5.5 هەزار تۆن.

ئەوەو بەرزبوونەوە بەرهەم لە دوو مانگی ڕابردوودا بووە هۆی کەڵکە بوونی بەرهەم لە کۆگاکانی کۆمپانیاکاندا و بە بڕی یەک ملیۆن تۆن شەکر لە کۆگاکان داکراوە، ئەوش هەڕەشە لە وەرزی چاندنی نوێی 2020 دەکات کە لە مانگی ئاب دەستپێدەکاتەوە بە تایبەتی دوای بەرزبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و دەستنیشانکردنی نرخی هاوردەکردنی شەکر بۆ ساڵی دووەم بە 650 جونەیی میسڕی و دووركەوتنەوەی هەندێک کۆمپانیا لە کڕینی ئەو بەرهەمە.



هۆکارەکانی وەرینی بەرهەمی هەنجیر و ڕێگاکانی چارەسەرکردن



دیاردەی وەرینی بەری هەنجیر یەکێ لە کێشە گەورەکانە کە پێویستە چارەسەر بکرێت. ئەو دیاردەیە لە دوو کاتی جیاوازدا ڕووەدەدات، یەکەمیان کە بە بنەڕەت و سەرەکی دادەندرێت لە سەرەتای گەشەکردنی گۆچکەی بەرهەم دەبێت کاتێک کە قەبارەی بەرە بچووکەکان نزیکەی 10 ملیمەترە، بەڵام کاتی دووەم لە نیوەی تەمەنی بەرەکەیە کاتێک کە تەنها یەک حەفتە ماوە بۆ تەواو پێگەیشتنی بەرهەمەکە.

شایانی ئاماژەیە وەرینی بەر لە سەرجەم دەرختەکانی بەردار ڕووەدەدات بە تایبەتی لە داری هەنجیر بەهۆی دروستبوونی بەرهەم بێ کرداری پیتاندن، هۆکاری سەرەکیش بۆ تێکچوونی هاوسەنگی هۆرمۆنی لە دارەکە و بەرەکە دەگەڕێتەوە، کە هۆرمۆنی ڕووەکیش ڕۆڵی گەورەی لە کردار دروستبوون و گەشەکردنی بەر هەیە.

هۆکاری وەرینی بەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دارەکە لە لوتکەی گەشەی سەوزدایە بەوەش ڕکابەری لە نێوان کۆمەڵەی سەوز (گەڵا) و لە نێوان بەرەکان لەسەر ئەو مادەی خۆراکییەکان دروست دەبێت، بەهۆی ئەوەی کە هەنجیری ئاسای بەرەکەی تەنها مێینەیە بۆیە کردارى پیتاندنی تێدا ڕوونادات بە پێچەوانەی ئەو جۆرە هەنجیرەی گوڵی نێرینە و مێینەی لەسەرە، کە تێدا بڕی هۆرمۆن بە تایبەتی هۆرمۆنی ئۆکسین تا ڕادەیەک کەم دەبێت بەوەش لاواز و بێ توانا دەبێت لە ڕکابەری گەشە سەوزەکان کە هۆرمۆن بە بڕی زۆر بەرهەم دێنن، ئەوەش دەبێتە هۆی وەرینی بەرهەمەکە بەهۆی نەگەیشتنی ئاو و خۆراک بۆی کە ئەوەش یەکێ لە فرمانەکانی هۆرمۆنی ئۆکسینە. هەروەها گەشەی بەر لە کاتێکدابێت کە پلەی گەرمی شەو تا ڕادەیەک نزم بێت بە هۆکارێکی دیکەی وەرینی بەرهەم دادەندرێت، لە هەمانکاتدا ئەو هۆرمۆنانەی لە پلەی گەرمی نزم بەرهەم دێن هۆکارن بۆ وەرینی بەرهەم.

بۆ ڕێگاگرتن لە دیاردەی وەرینی بەری هەنجیر شارەزایان بواری ڕەزگەری ئامۆژگاری ڕشاندنی دارەکان بە هۆرمۆنەکان دەکەن وەک هۆرمۆنی ئۆکسینەکان و جبریلین و سیتۆکایتین. هۆرمۆنی جبریلین لەسەر شێوەی پەپکەیە کە لە بازاڕدا پێدەوترێت بیرلێکس بە خەستی 02ppm بەکارهێنانی دوو پەپک بۆ 100لیتر ئاو لە کاتێکدا کە تیرەی بەرەکە 15-10ملم دەبێت، ئەنجامی زۆر نموونەی هەیە و دیاردەی وەرین دەوەستێنێت بە تایبەتی ئەو وەرینەی لە ماوەی یەکەم دا ڕووەدەدات، هەروەها جبریلین ڕێگە لە گەشەی سەوزی نوێ دەگرێت و کاریگەری لەسەر درێژی بەرەکە دەبێت بە تایبەتی لاچکەکەی و قەبارى بەرهەمەکە زیاد دەکات لە قۆناخەکانی کۆتایی گەشەکردندا و کێشی جۆری بەرهەمەکەش زیاد دەکات.

بڕین و هەڵپاچینی ڕێکوپێکی دارەکان ئەو دیاردەیە کەم دەکاتەوە چونکە هەڵپاچین ڕێگری لە بەرزبوونەوەی باڵای دار دەکات و لە کرداری هەڵپاچیندا (بڕینی بەهارەی دار) ژمارەی بەر و جۆرەکەی لەبەر چاو دەگیرێت.

ئەگەرێکی دیکەی وەرینی بەرهەمی هەنجیر بۆ بڵاوبوونەوەی مێشوولەی هەنجیر دەگەڕێتەوە کە ئەو مێشوولەیە گەراکانی لە نێو بەری هەنجیر دادەنێت دوای تروکانی ئەو گەرایانە کرمۆکەکان لەسەر گوڵەکان دەلەوەڕێن کە دەبێتە هۆی وەرینی بەرەکان و بەرە پێگەیشتوەکانیش دوای توشبوونیان هەر لەسەر دارەکە بۆگەن دەبن، ئەو مێرووە زیانی گەورە بە داری هەنجیر دەگەبەنێت و توانای گواستنەوەی بۆ چەندین کیلۆمەتر هەیە و گەشەکردنی خێرایە ئەگەر ڕشانی پاراستنی بۆ نەکرێت ئەوە ڕێژەی توشبوون دەگاتە 100% و دەکرێت دەرچەی کونەکان لەسەر میوە توشبووەکان ببینرێت و کاتێک بەرەکە دەکەیەوە ئەوە کرمۆکە لە نێو بەرە گەنیوەکان دەبینرێت بۆیە باشتر وایە ڕشاندنی زستانە بۆ داری هەنجیر بکرێت.

پێش خواردنەوەیان بەهای خۆراکی شیری مانگا و گامێش بزانە



هەر یەک لە شیری مانگا و شیری گامێش بەهایەکی خۆراکی بەرزیان هەیە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پرسیار لە لایان بەکاربەرەوە لە کاتی کڕینی شیر لە ڕووی بەهای خۆراکی و ئاسانی هەرس بوونیدا.

لێرەدا هەندێک جیاوازی لە نێوان ئەو دوو شیرە دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی کرداری هەڵبژاردن ئاسانتر بێت.

جیاوازی لە نێوان شیری مانگا و شیری گامێش لە بڕی ئەو چەوریییەیە کە لە پێکهاتەی هەر یەک لەو دوو شیرە هەیە، چونکە بڕی چەوری نێو شیرەکە کاریگەری لەسەر لینجی و ڕوونی شیرەکە هەیە. شیری مانگا ڕێژەیەکی کەمتر لە چەوری تێدایە بۆیە سووکترە لە شیری گامێش لە ڕووی پێکهاتەوە و هەر ئەو هۆیە وادەکات کە شیری مانگا لە ڕووی کێشەوەش سووکتر بێت بە بەراورد لە گەڵ شیری گامێش، بەڵام شیری گامێش ڕێژەیەکی بەرزی چەوری تێدایە بۆیە پێکهاتەیەکی تۆندی هەیە و ماوەیەکی زیاتری دەوێت بۆ هەرسکردن و بۆ ماوەیەکی درێژتر لە گەدە دەمێنێتەوە بۆیە ئەو کەسەی دەیخواتەوە هەست بە ناڕەحەتی و هەندێک جار هەست بە قورسی و خاوبوونەوە لە ئەنجامدانی ئەرکەکان دەکات.

شیری گامێش دەوڵەمەندە بە پڕۆتین بە بەراورد بە شیری مانگا، جیاوازییەکەیان لە هەندێک کاتدا دەگاتە 10- 11%? ئەو ڕێژە بەرزەی پڕۆتین وادەکات هەرسکردنی شیری گامێش لە لایان منالی شیرەخۆرە و ئەو کەسانەی بە تەمەن قورس بێت، بۆیە ئەگەر بەکار بەر لەسەر بنەمای ڕێژەی پڕۆتین شیر بکرێت پێویستە شیری مانگا هەڵبژێرێت.

سەبارەت بە ڕێژەی کولیسترۆڵ، شیری مانگا لەگەڵ ئەوەی کە چەوری بەرزە بەڵام کولیسترۆڵی کەمترە لە شیری مانگا ئەوەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوانەی نەخۆشییەکانی بەرزی پەستانی خوێن و گورچیلە و قەڵەویان هەیە.

بەیان حەمەعەلی:
پێویستە بایەخی زیاتر بە وەرزشی لەشجوانی بدرێت



دیانە:کارزان کانەبی

یارییەکانی لەشجوانی لە ئێستادا لە ناو ئافرەتان بۆتە دیاردەیەکی باش بۆ ئەوەی ئافرەتان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان روو لەم یارییە دەکەن و پێشوازی زۆر گەورەی لێکراوە، بە بەراورد بە چەند ساڵی رابردوو، یارییەکانی لەشجوانی و زوومبا و ئایۆبیک و لەشرێکی شۆینی بە هەندێک لە یارییەکانی تر لەق کردووە، خانمانیش دەیانەوێ لەم وەرزە هەنگاوی گەورە بهاوێن، یەکێک لەو ئافرەتە بەتوانایانەش کە هەم راهێنەر و هەمیش یاریزانە چەندین ئەنجامی باشی بەدەستهێناوە لە پاڵەوانیەتییەکان ئەویش (بەیان حەمەعەلی)ە لە قەزای دەربەندیخان خزمەت دەکات، ئەو سەرەتا بۆ خەبات گوتی: لە راستیدا جیاوازن یارییەکانی ئێمە، راستە بە یاری ئاسن دەکرێت، بەڵام بەرنامە و جۆری یارییەکان زۆر جیاوازن لە بەر ئەوەی خاوەن هێزێکی باشم، پێم خۆشبووە وەک ئافرەتێک ئێمەش بەشداری پاڵەوانیەتییەکان بکەین، بەڵام خۆم زیاتر ئارەزووم لەشجوانییە، تا ئێستاش کەسانی وەک ئێمە رووبەرووی زۆر ئاستەنگی دەبێتەوە لەبەر ئەوەی ئەم یارییە بۆ ذنان نوێیە لە کوردستان، بۆیە ئەوەی کە بەدەستمان هێناوە ئاسان نەبووە، بۆیە ئێستا پێشوازییەکەی باشە، لە بارەی ئاستی ئەم یارییەش لە کوردستان گوتی: لە ئێستادا زۆر باشە بۆ پێشەوە دەچێ بە هیمەتی یەکێتی لەشجوانی سلێمانی و هەردوو یەکێتی هێزی لەشی سلێمانی و کوردستان لە هەولێ زۆردان بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بۆ پێشەوە ببەن سوپاسیان دەکەین، گوتیشی: پێویستە متمانەی تەواو بدەین بەم یارییە، چونکە بەداخەوە تا ئێستاش کەسانێکی زۆر و ئافرەتانی زۆر ترسیان لە تێکچوونی جەستەیان هەیە بەهۆی ئەو یارییەوە، ئەوەش تەواو پێچەوانەیە چونکە یاری لەشجوانی بەدەر لەوەی لەشولارێکی ڕێک و جوان دەبەخشێت دەبێتە هۆی تەندروستی زۆر باشتریش بۆ یاریزان، گوتیشی بەرنامەی من بۆ داهاتوو ئەوەیە ئەمەوێ کچانێک بهێنمە نێو پاڵەوانیەتییەکانەوە چەندین جاریش لە ڕێگای ئەکاونتی خۆمەوە داوام کردوە کە هاوکاری هەر ئافرەتێک دەکەم بیەوێ بەشداری پاڵەوانێتی بکات، هەروەها بەنیازی دروستکردنی گروپێکی پاسکیلسواری کچان بووین، بەداخەوە هیچ لایەنێک هاوکارمان نییە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بکەین لەم بوارەدا. لەبارەی گرفتی ئەم یارییەش ناوبراو گوتی: لە ئێستادا گرفتەکان بەردوو کەم بوونەوە دەچن لەبەر هۆکاری کۆڵندانی ئێمە، بەڵام وەکو سپۆنسەر لە پاڵەوانیەتیەکاندا ئافرەت وەکو پیاو سپۆنسەر ناکرێت هیوادارم ئەم جیاکارییەش نەبینرێ.

گرۆیچ: کۆتینهۆ دەبێتە باشترین یاریزان لە ئەڵمانیا



مارکۆ گرۆیچی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بایرن میونشن لەبارەی فیلیپ کۆتینهۆ کە بڕیارە بەخوازراوی ئەویش چووەتە یانەی باڤاری رایگەیاند کە دەرفەتێکی باشی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی ببێتە باشترین یاریزان لە ئەڵمانیا.
گرۆیچ کە کاتی خۆی بەیەکەوە لە گەڵ کۆتینهۆ لە ئەنفیلد یاریبان کردووە دەڵێت: زۆر گرنگە یاریزانێکی وەکو کۆتینهۆ لە بۆندسلیگا ببیندرێت، لەبەر ئەوەی یاریزانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەتوانایدا هەیە کاری وابکات کە جێی باوەڕ نەبێت، لەو بروایەدام کە کۆتینهۆ زوو جێگای خۆی لە بایرن میونشن دەکاتەوە و دەبێتە باشترین یاریزان لە خولی ئەڵمانیا.

سیبایۆس: یاریيەکەی بێرنلی لە بیر ناکەم



دانی سیبایۆس، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ئارسینالی ئینگلیزی وتی، دەرکەوتنی یەکەمی لەگەڵ تۆپهاوێژەکان لە بیر ناکات، کە ڕۆژی شەمەی رابردوو، بەرامبەر یانەی بێرنلی بوولە پڕیمەرلیگدا، یاریيەکەش بە بردنەوەی ئارسینالّ، بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک کۆتایی هات، هەردوو گۆڵەکەش بە پاسی سیبایۆس بوو. ڕۆژی دوای یاریيەکە سیبایۆس، لێدوانی بۆ ماڵپەڕی فەرمی ئارسینالّ دا و وتی:"گرنگترین شت لە تۆپی پێ، بردنەوەیە، کاتێک یاریيەکی نایاب پێشکەش دەکەیت و، یارمەتی تیپەکەت دەدەیت ببات‌ەوە، هەست بە رازیبوون دەکەیت، چونکە دەزانیت بە ئارامی دەچیتەوە ماڵەوە، دوای ئەوەی کارەکەی خۆت تەواو کرد". وتیشی:"لە راستیدا، سەبارەت بە خۆم، یەکێ لە ناوازەترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو، وابزانم شتێکی نایابە، کاتێک یەکەم یاری لەسەر یاریگەی خۆت دەبەیتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو سۆزەی دوای یاریيەکەش دەرکەوت، پێم وایە ئەستەم دەبێت، بتوانم ئەو ڕۆژە لە بیر بکەم". هەروەها وتی:"بەڕاستی دەمەوێت، تواناکانی خۆم لە سەر یاریگە دەربخەم، پەرۆشییەکی زۆرم بۆ ئەو وەرزە هەیە، دەمەوێت لەو یانەیە دڵخۆش بم، لە ئارسینالّ، متمانەی زۆریان پێم هەیە، منیش دەمەوێت بە ئاستم، بۆیان بگێڕمەوە". شیاوی باسکردنە، دانی سیبایۆس، بۆ ماوەی یەک وەرز بە شێوەی خواستن، لە ریال مەدریدەوە ڕووی کردووەتە یانەی ئارسینالّ.

ڕەمزی میرەکانی

کلۆپ لە ئەدریان تووڕە دەبێت



یۆرگن کلۆپ ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول بەهۆی ئەو هەڵە یەک لەدوای یەکانەی لە ئەدریانی گۆڵچی تووڕە دەبێت دوای ئەوەی گۆڵچی لیڤەر لە ئاکامی هەڵەکانیەوە دەرفەتێک بۆ یانەی ساوسهامپتۆن دەرەخسێنێت بۆ گۆڵ تۆمارکردن.
کلۆپ لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەدریان بە ئاستیکی باش دەرکەوت و زۆر مەترسی سەر تۆڕەکەی کەمکردەوە، بەڵام هەڵەی کوشندەشی هەیە و پێویستە ئەمە لەیاریيەکانی داهاتوو دووبارە نەبێتەوە، هەروەها گوتی: بەرپرسیارێتی لەسەر یاریزانانی تره کە ڕێگەنەدەن تۆپ بگەڕێننەوە دواوە، باشترین هەوڵ ئەوەیە مەترسی لەدواوە کەم بکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کەمترین تۆپ بۆ دواوە بگەڕێننەوە.

مادیسۆن بووە پاڵەوانی سنسیناتی



مادیسۆن کیزی خانمە تینسزانی ئەمریکی توانی بۆ پێنجەم جار نازناو بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا لە پالەوانێتی سنسیناتی لە سڤیتلانا کۆزنیتسۆڤای ڕووسی بباتەوە و مازناوەکە بباتەوە.
کیزی تەمەن 24 ساڵ لە گرووپی یەکەم زۆر بەئاستێکی خراپ دەرکەوت، وچەندین جار لێدانی تۆپی لەدەست دەدا و بەڵام دووجار بەدروستی لە ئیرسالی هاویشت و پێشکەوت، ئەمەش دووەم جارە ئەو خانمە تێنسزانەی ئەمریکی نازناوی سنسیناتی بەدەست بهێنێت و بەر لەوەی پاڵەوانێتی چارلستۆن بباتەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 20. Aug. 2019 No: (5810)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



هەردی سەلامی کلیپی پەری بلاّوکردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین: هونەرمەندی لاو هەردی سەلامی لە والّی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: ڤیدیۆ کلیپی پەری ئامادەیە و لەچەند ڕۆژی داهاتودا پێشکەشتانی ئەکەم گۆرانیەکەپڕ پڕە لە خۆشەویستی و هەر بە خۆشەویستی ئێوەشەوە ئامادەم کرد بۆ یەو زۆر لێی دڵنیام کە لە دڵە گەورەکەی ئێوەشدا زوو جێی خۆی ئەکاتەوە،دوای ئەوەش لەگەڵم بن بۆ نەفرەت، دانە بە دانە،دڵفرۆش،چەند کارێکی دیکەش.

هەڤڕێست ئیبراهیم:

بەرنامەی (تۆ نموونەی) وای کرد ببمە گۆرانییژ

خەبات: سولێن سلێمان

هونەرمەند هەڤڕێست ئیبراهیم لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (بـاس) دەڵێت؛ لـە سـاڵی(1997)لـەشـاری هـەولێـر لـە دایـکـبـووم، سەرەتای دەستپێکی من لە چونەنێو دونیای هونەر کـاتێک لـە تـەمـەنی(13)سـاڵی لـە بەرنامەیەکی دەنگ خۆشی بە ناوی(تۆ نموونەی)بەشداریم کرد کـە لـە ڕێگـەی ئـەو بەرنامەیە چوومە نێو دونیای هـونـەرەوە ، دواتـر یـەکـەم بـەرهـەمی خۆم لـە سـاڵی (2011) بە ناوی "لێم زیز مـەبـە، بـلاوم کـردەووە، وە هەروەها ئاشکراشی کرد گوتی کاتێک لە کۆلێژ دەمخوێندلە کۆلێژەکـەمـان کۆمـەڵێک چالاکیی وکۆنسێرتمان ئەنجام دا کە سالاّنە دەکرا، زیـاتـر لـە(50) کۆنسێرتـمـان لـە زۆربـەی شارەکانی باکووری کـوردسـتـان،کـە بـە گۆرانی تـورکی و کـوردی بـەشـداریم تێدا کردووە، بـەو بۆنـە یـەوە چـەنـدین دیـاری و خـەڵات و



مەدالیای زێڕیان پێ بەخشین، لە کـوردسـتـانـیـش ،چـەنـدین کۆنسێرت و لایڤ میـوزیکم ئـەنجـام داوە ، ئێـسـتـاش بـەردەوامم، هە ڕوەها تا ئێستا خـاوەنی (5) کـلـیـپـم، وە لـە سـاڵی (2012)سـرودێـکـی ئـایـینـی بـە دوێت لـە گـەڵ خـاڵم "هێـمـن مـەغـدیـد" بـە ناوی"یامحمد" بلاّومان کردەوە، وە کلیپێکی تریشمان بە شێوەی گـروپ بـە "yeni bir dünya"ـاوی لـە ساڵی(2014)بلاّوبۆوە، کە بە زمـانـی(کـوردی و عـەرەبی و تورکی) گوتبوومان، وە لە ساڵی (2018) کلیپێکی تـرم بـلاّوکـردەوە بـە نـاوی"بـەهـانـە" کـە دەگـدانـەوەیـەکی زۆر باشی هەبوو، زیاتر لە (1)ملیۆن بـیـنـەری تێـپـەڕانـدبـوو لـە یـوتـیـوب، کـە تێـکـست و ئاوازی هونـەرمـەنـد "نامۆ" بـوو، نـوێـتـرین کـاریـشم لـە نـاوەڕاسـتـی ئـەم سـاڵ کـە (2019) بـە نـاوی "جوانترلەپەری" کە تێکست و میلۆدی هونەرمەند"نامۆ" بـوو، لە پـرسـیـارێـکـدا کە وا کێ پشتگیری لێ دە کات ؟ دەڵێت: هـەواداڕەکـانم گەورەترین پاڵپشتی منن ، هەروەها لـە ڕووی مـاددیش سـوپـاسـی سـپـۆنـسـەرەکـانم ئەکەم وە سوپاسی هاورێیەکی نزیکم دەکەم کە لە بەشێک لە کارەکانم پاڵپشتم بووە، لە پرسیارێکدا کە ئایا هیچ دوێـتـێـک دەکـات ؟ دوێتێکمان لە بەرنامەدا هەیە بو داهاتوو ئەمەوێت بیکەم بە سوپرایز بۆ هەواداڕەکانم.

گۆرانییەکەی ماریا هەورامی دوو ملیۆن بینەری تێپەڕاند



بۆیەکەمجار گۆرانییەکی لـەمـاوەیـەکی کـەمـدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بـچـێـتـە نـاوخـەڵک و ڕێکۆردێکی گەورە تۆمار بکات.یەکەم ڕۆژی جەژنی قـوربان خانمە گۆرانییێژ، مـاریـا هـەورامی گۆرانی "دڵـەکـەمـی" بـەشێـوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاّوکردەوە کە کاری موزیکی لەلایەن، "ئاریۆس حـەمـە سـەعـید"و کـاری دەرهێـنـانـی لـەلایـەن "حـــەمـــەی شـــەم" بۆی ئەنجامدراوە.ئەم گۆرانییە کە شـوێـنـی وێـنـەگـرتـنـەکـەی لـە شەقامی سالم تۆمارکرابوو لە ماوەیەکی کەمدا بەشێوەیەکی فراوان بەناو خەڵکی هەرێمی کـوردسـتـان و دەرەوە وڵـات بڵاّوبـوەوە ، لەماوەی شەش ڕۆژدا بینەری گۆرانییەکە لە یوتوب گەیشتە زیاتر لە دوو ملیۆن بینەر.ماریا یەکێکە لە خـانـمـە لاوە گـۆرانـیـبـێژە بەناوبانگەکانی کوردستان، لەساڵی 1990لەسلێمانی لەدایکبووە خەڵکی ناوچەی هـەورامـانـی بـاشـوری کوردستانە و و پەیمانگای هـونـەرە جـوانـەکـانی لـە سلێمانی بەشی میوزیکی تـەواو کـردووە، خـاوەنی چـەنـدین گۆرانی و ڤـیـدیۆ کلیپە بەزاراوەی هەورامی و کـەرمـانجی خـواروو ، لەماوەی چەند ساڵێکدا ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە.

سالار کۆشار ئەلبوومێکی شیعر بەناوی ژمارەکان بلاّو دەکاتەوە



هێمن ئاری: شـاعـیـر و میوزیسیان سالار کۆشار بەم نزیکانە ئەلبوومێکی شیعری لـەڕێـیـر نـاوی ژمـارەکـان بلاّوەدەکاتەوە ئەو ئەلبوومە شیـعـرییـەی سالار کۆشاری شاعیر پێێکهاتووە لەحەوت دەقی شیـعـری بـەنـاوەکـانی (ژمارەکان ودلۆپەی تەمەن و لەنێـوان من و تۆدا ورسـتـە ناتەواوەکان وخەڵوەت کێش و کـاتێ کـەتۆم بـیـنـی و پاکبوونەوە) سالار کۆشار لەلێدوانێکی تـایـبـەتـدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات سەبارەت بەم ئەلبوومە نوێییەی گوتی: زیاتر لەساڵێکە خەریکی ئەم ئەلبوومە شیـعـرییـەم. کـاری دەنـگـی لـەسـتـۆدیۆی کەنـاڵی ئاسمانی حورەی عێراقی بۆ کراوەوھەروەها سەمەد کریم کاری مۆنتاژ و مـیـکـسـی بۆ کـردووەو ئەلبـوومـەکـە لـەئێـسـتـادا کارەکانی ئەم ئەلبوومە تەواو بـووە و بـەم نـزیـکـانـە لەڕێورەسێمکدا بەهاوکاری سـەنـتـەری ئـەربـائـیـلۆ بلاّو دەبێـتـەوە و دەکـەوێـتـە بـەر هەستی بیستنی گوێگرو هەواداڕانی شیعر، هیوادارم توانبیتم لەڕێی ئەم ئەلبوومە شیعریەم خزمەتێک بەبواری شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بگەیەنم. من لەڕابردووش دوو ئـەلـبـوومـی دیـکـەی شیـعـری ترم بلاّوکردۆتەوە لـەڤێـر نـاوی (لاوکێک) و (سورپۆشەکـە) لـەلایـەن گـوێـگـرانی شـیـعـرەوە پێـشـوازییـەکی باشیـان لێـکـراوە وهـیـوادارم ئـەم ئەلبوومەشم وەک ئەوانی تر جێی ڕەزامەندی هۆگرانی شیعر بێت .

شازادە هاری ئاشکرای کرد دەیەوێت ببێتە باوکی چەند منداڵ

هەمزە سەرحان

شازادە هاری کوڕەزای شاژنی بەریتانیا ئاشکرای کردوە کە خۆی و میگن ی هاوسەری زیاتر لە دوو منداڵیان ناوێت، چونکە هۆشداری هەیە لەسەر کاریگەری منداڵ خستنەوە لەسەر داهاتووی هەسارەی زەوی.لە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری "فۆگ" ی بەریتانی هاری دانی بەوەدا ناوە دوای ئەوەی منداڵەکەی هاتۆتە دنیاوە بیرۆکەی لەسەر ژمارەی منداڵ گۆڕاوە "هاری و میگن باوەڕیان بەوە هەیە کە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی کاریگەری مەترسیداری دەبێت لەسەر داهاتووی ژینگەی زەوی و لەسەر ئەم بابەتە هاری دەڵێت" بۆقەکان لە ئاودا دەژین و پلەی گەرمای ئاویش وا دەگاتە ئاستی کوڵان بەهۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای زەویەوە"



کچێکی مۆڵدۆڤی بوو بە بووکی کوردان





ئەنجامدانی هەڵپەڕکێ و چالاکییەکانی ئاهەنگەکە بووە جێی سەرنجی "بووکە بیانییەکە" ئاهەنگی هاوسەرگیری کچێکی مۆڵدۆڤی، بەناوی ئالیۆنا زابریان تەمەن ٣٢ ساڵ و کوڕێکی کوردی باکووری کوردستان، بەناوی ڕەمەزان دەنیز تەمەن ٣٨ ساڵ کە شەش ساڵ لەمەوبەر لە نیویۆرک یەکتریان ناسیبوو، بە هەڵپەڕکێ و جلی کوردییەوە دوو ڕۆژ لە شارۆچکەی چوکورجا سەربە پارێزگای هەکاری بەردەوام بوو. کەسوکاری بوکیش بەشداربیان لەو ئاهەنگەدا کرد کە بەگوتنی گۆرانی کوردی و تورکییەوە ئامادەبووان هەڵپەڕکێیان تیادا دەکرد. ئالیۆنا زابریان بە میدیاکانی ڕاگەیاند کە زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکراوە و گوتی: "خەڵکی ئێرە زۆر باشە. هەفتەیەکە لێردەم بەردەوام پێم دەڵێن چیت پێویستە بۆت بکەین. کەسوکاری خۆشیم هێناوە بۆ ئێرە تاکو بەو کەشە جیاوازە ئاشنا بن. سوپاس بۆ هەموو لایەک". ڕەمەزان دەنیز-یش خۆشحالّی خۆی بەوە دەربڕی کە لەگەڵ ئەو کەسە چۆتە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوە کە خۆیشی وێستووە و گوتی: "شەش ساڵ لەمەوبەر لە نیویۆرک یەکترمان ناسی و بڕیاری هاوسەرگیریمان دا. پێشیم گوت ئاهەنگەکەمان بە شێوەی کولتووری دەبێت".